





## کۆمەڵێک بابەت و نووسراوە

**بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فەتوای خومەینی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

گەلاوێژی : ٢٧١٣ | کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی | ئاگۆستی : ٢٠١٣

# ناوەڕۆک


١- ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەکەمانە، ئەو ڕۆژە قەت لەبیر ناکەین................... کەماڵ گروێسی ................ ٣

٢- بەبۆنەی ٣٣ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی. ..................... لوقمان زەهرایی ....................................................... ٦

٣- مانگی گەلاوێژ و بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی ........................................ قادر وریا .......................................... ٨

٤- ٢٨ی گەلاوێژ. ڕۆژی فەرمانە بەدناوەکەی خومەینی .......................................................... ئەحمەد مەکلاوەیی .................................. ٩

٥- ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرگریی نەتەوەیی ........................................... هاشم ڕەزایی ........................................... ١١

٦- ٢٨ی گەلاوێژ، سی و سێ ساڵ لە داگیرکەریی وەحشیگەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان .................. هیرش عەلیزادە .............. ١٢

٧- بەیاننامەی هاوبەشی سێ پارت و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژەوە ........................١٤

٨- فەتوای خومەینی و جینۆسایدێکی بەردەوام....................... تەوار شەریفی ................................................... ١٥

٩- ڕاگەیەندراوی دەست بەکار بوونی کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................. ١٦

١٠- بەیاننامە: با ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بکەینە ڕۆژی یەکگرتوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دژی داگیرکەر .............. ناوەندی پێشەوا .................١٧

١١- ٢٨ی گەلاوێژ" ڕاگەیاندنی ڕۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستان ....................................... ١٨

١٢- ڕاگەیەندراوی سازمانی خەبات بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد ....................... ٢٠

١٣- لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا چ بکرێت؟ چ ناوێک بۆ ئەو ڕۆژە دیاری بکرێت؟ ...................... ٢١

١٤- بانگەوازی هاوپەیمانی ستراتێژیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی مانگرتنی گشتی لە یادی ٣٢ ساڵەی فەتوای خومەینی لە دژی نەتەوەکەمان ..... ٢٣

١٥- فەتوای ئیمام خۆمەینی؛ سەرچاوە، پاڵپشت، کارتێکەری‌و ڕوانگەی ئێمڕۆی مریدەکانی .............. سدێق بابایی ........................... ٢٤

١٦- فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لەلایەن خومەینی ......................... فەتاح ئەحمەدی .................................. ٢٨

١٧- ٢٨ی گەلاوێژو ژینۆسایدی نامرۆڤانە .! ................. ناسر ساڵحی ئەسڵ ............................... ٣٠

١٨- ٢٨ی گەلاوێژ بیرەوەرییێکی تاڵ لە مێژووی کورد لە کوردستانی ئێران ............... عەلی بەهرامی ......................... ٣١

١٩- ڕەوایی‌دان بەکوشتاری کوردستان بە در کردنی فتوایەک ...................... ماڵپەری کوردیش پرسپکتیڤ ............................ ٣٢

٢٠- ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی پەرچدانەوەی مرۆڤ کوژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ......................... کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد – ئوروپا ............ ٣٤

٢١- ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرەنگاری گەلی کورد دژ بە هێرشی کۆماری ئیسلامی ..................... ٣٥

٢٢- بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدکا،لە سیهەمین ساڵی دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان ......................... ٣٦

٢٣- پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ سیهەمین ساڵروژی هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوردستان ............................... ٣٨

٢٤- با ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی قەتڵ و عامی گەلەکەمان لە یاد نەکەین. بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان......................... ٤٠

٢٥- شەڕی قڕکردنی کورد لەلایەن خومەینیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................. ڕەنجدەر دۆڵەگۆمی ............................ ٤٠

٢٦- بە دڵی خۆش و ورەی بەرز بەرەوپیری ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بچین .................. عبدالله مهتدی ................... ٤٢

٢٧- لە بەرەبەری ٢٨ گەلاوێژدا ...................... حسەین یەزدانپەنا .................................٤٣

٢٨- ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی وەستانەوە و خۆڕاگری ............................ خالید سیادەت ........................٤٣

٢٩- ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی دەستپێکردنی موقاوەمەتێکی سەربەرزانە بەرانبەر بە هێرشێکی جینایەتکارانە .................... ٤٥

٣٠- ٢٨ی گەلاوێژ هێمای هاوپشتیی نەتەوەیی گەلی کورد ............................ ئەنوەر ئەسەدزادە ....................... ٤٦

٣١- ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرەنگاری و هاوپشتی نەتەوەیی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی ..................... فواد کوردپوور .................. ٤٨

٣٢- ٢٨ی گەلاوێژ هێمای درندەیی ڕژیمی ئیسلامییە و نیشانەیەکە بۆ ئیرادەی بەهێزی خۆراگرانەی خەڵکی کوردستان ............................. ٤٩

٣٣- ٢٨ی گەلاوێژ، دەرسەکان‌و ئەزموونەکان .................... کاوە فەتاحی .................................. ٥٠

٣٤- ٢٨ی گەلاوێژ، مێژووی دروستکردەوە ............................ باران سەلیمی.................................. ٥١


٣٥-پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێران‌و راڤەیەک .......................... ئارام. مەریوان.................................... ٥٣

٣٦- کوشتاری ساڵی ٦٧، پەڵەیەکی ڕەشی نێوچاوانی ڕێژیم .................... حەسەن سەلیمی .......................... ٥٤

٣٧-پارتی ئازادیی کوردستان : شەکاوە بێ ئاڵای بەرخۆدانی نەتەوەیی.......................... ٥٥

٣٩- ڕاگەێندراوی سپای ڕزگاریی کوردستان سەبارەت بە ٢٨ گەلاوێژ....................................... ٥٧

## ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەکەمانە. ئەو رۆژە قەت لەبیر ناکەین.



کەمال گروێسی

### مەهاباد لەژێر بارانی ئاگردا

مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویی بوو. چەند رۆژێک بوو بۆ سەردانی خزمان چووبومە شاری بۆکان. ئەو شارە وەک زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان لەژێر دەستی پێشمەرگە و هێزە سیاسییەکانی کوردستان‌دا بوو.

بەیانییەکی زوو لە کارێژی (گەراج) مەهاباد لە بۆکان تووشی هاوالێکی گەڕەکی خۆمان بە ناوی مەحمود محاڵی بووم. پاش چاک و چۆنی،هێشتا بەخێرهاتنیم تەواو نەکردبوو، کوتی ئەوە لێرە چ دەکەی؟ کوتم بۆ؟ کوتی گوللە خۆمپارە لە حەساری ئێوە کەوتووە و بابت شەهید بووە! حەپەسابووم،نەم دەزانی چ بکەم، تەنیا توانیم سواری مینی‌بووسێک بم کە بەرەو ئاوایی بورهان دەچوو.

نازانم ئەو رێگایە کەی تەواو بوو وچۆن گەیشتمێ. لە بورهان سواری جیبێک بووم و هەتا ئاوایی دۆستاڵی بەو جیبەی چووم. لە دۆستاڵی را بە پێیان بەرەو بەسری و لەوێشەوە بەرەو ئاوایی سەیدئاوا بەرووکاری مەهاباد دا داگەڕام. برنوویەکی درێژی دارشوشەی رەقەم حەفدەم پێ بوو. لەبەر ئاوایی سەیدئاوا تووشی ژنێک و دوو منداڵ بووم.

هەروا بەدەم رێگاوە دەنگ و باسی شارم لێ پرسی و کوتی ماوی سێ رۆژە لە ماڵ وەدەرکەوتووم و چووبووم بە دوای هێوەرەکەمدا کە بێت و مێردەکەم لەشار بەرێتەدەرێ، پاشان بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە کوتی بەناشکوری نەبێ ئەویش خۆی لێ بەساحێب نەکردین.یەکێک لە منداڵەکان کیژۆڵەیەکی چوار، پێنج ساڵان دەبوو و بە پێی خۆی وردەوردە لە پێش ئێمەوە دەرۆیشت. منداڵەکەی دیکە بە باوەشی دایکییەوە بوو.

کاتێک گەیشتینە لێواری چۆمی "یەرغوو" لە نیزیک پێچەکەی رێگای لاچینێ، هەستم کرد ژنەکە ماندوو بووە. داوام لێکرد منداڵەکەیم بداتێ ئەمن بۆی هەڵگرم، کوتی بابەکەم ئاخر ئەتۆ ئەو هەموو تفەنگ و فیشەکدان و شتەت پێیە و بۆخۆشت دەڵێی لە دۆستاڵی را بە پێیان هاتووی، ماندووی و نابێ. کوتم دایکەکەم ئەمن ماندوو نیم و منداڵەکەی دایە دەستم. ئەمنیش تفەنگەکەم لە شانی راستەم هێناخوار و بە لاشانی چەپەم دا سەراوبن شۆڕم کردەوە و منداڵەکەم بەسەر شانی راستەمدادا. کاتێک گەیشتینە راستە رێیەکە و بەرەو ناو شاری مەهاباد دەچووین، دیتمان سەر گردەگرویی پشت تەپەی قازی ئەرتەشی لێیەو تەقەش دەکەن. سەر شاخی داشامەجیدیش پایەگای هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێبوو و لەوێڕا بە کالیبر ٥٠ و دۆشکە و تۆپ و خۆمپارە لە شاریان دەدا. بە دەنگی تەقەکان کیژۆڵەکە ترسا و دەستی بە داوێنی کراسی دایکی گرت و لە پەنا ویی دەرۆیشت و بەدەنگی هەر تەقەیەک وێکدەهات و بە چاوە نیگەرانەکانی دەیڕوانییە دەوروبەری رێگاکە.

گەیشتینە حاندی دارچنارەکانی پیش" مەهدی کودک" باخچەی ساوایان و دەماندیت کچ و کوڕی جحێڵ هەرکەس پەڕۆیەکی سپی لە باسکی هالاندووە و یارمەتی بریندار و لێقەوماوان دەدەن. هۆشمان هەر لەو پۆلە خەڵکە بوو کە لە پەنا دیواری کوچەوکۆلانەکاندا بە ماتەماتە و خۆ کوورکردنەوە و جاروبار بۆ پەڕینەوە لە شەقامەکان تێژ تێدەپەڕین. لەناکاو دەنگی رەگبارێکی قەناسە و هازەی گوللەکان بەسەر سەری ئێمەدا هات. کچە چکۆلەکە لەترسان زریکاندی و بەرەرو پێشەوە رایکرد.

دایکی هاواری کرد، شادی گیان هەڵمەیە هیچ نیە. تازە زانیم ئەو کیژە بچکۆلە خوێن‌شیرنە ناوی شادیە. شادی بە بیستنی دەنگی چەند تەقەیەکی دیکە، خێراتر غاریدا و یەک بەخۆشی دەیزریکاند. دایکی لەتاوان باوی هەنگاوەکانی خوشتر کرد تا بگاتە شادی و هێوری کاتەوە. هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو دەستی بگاتە دەستی شادی، دەنگی رەگبارێکی کورت هات.

دایکی شادی هەر هەڵدەهات بەڵام ئەمجار هەنگاوەکانی وەک پێشوو نەدەهاویشت و لاترەی دەبەست. دوای چەند هەنگاوێک ئەژنۆکانی نیشتنەوەو کەوتە سەر زەویی. ئەمن سەرەتا وام زانی هەڵەنگووتوە. بەغار خۆم گەیاندە لای. شادی قامکە گەورەی دایکی گرتبوو دەیکووت دایە هەستە با هەڵێین. ئەمنیش بن پیلی دایکی شادیم گرت کە هەڵی هەستێنمەوە، دیتم کەلەکەی لای چەپەی خوێنی لێدەچۆڕێ، زانیم ئەو رەگبارە کورتە دایکی شادی پێکاوە.

خەڵکی نێوشار کە شاهیدی ئەو دیمەنە بوون بە دەست راوەشاندن و هەرا کردن بانگیان دەکردین کە بەرەو ئەوان برۆین. مەودایەکی ٢٠٠ میتری‌مان مابوو بگەینە سەری کوچەکان و لە سێرەی پایەگای گردەگروێ و داشامەجیدا نەمێنین. کەس نەیدەوێرا بێت بۆلامان.

دایکی شادیم هەڵێنا و دەستیم خستە سەر شانم و منداڵە بچکۆلەکەم بەشانی تفەنگەکەم گرت و لەراستیدا دایکی شادیم رادەکێشا. شادی لەپێشەوە دەرۆیشت و خێرا

خێرا ئاوڕی دەداوە و بانگی دایکی دەکرد. دایە...دایە. گەیشتینە ڕێک بەرێکی باخچەی ساوایان" مهد کودک" و لەوێ چەند کەس لەوانەی پێیان دەکوتن" ئیمدادگەر" یارمەتیدەر بە پیرمانەوە هاتن. دوانیان کچ بوون و زوو دایکی شادیان لێوەرگرتم و درێژیان کرد. کراسەکەیان لەبەردادڕاند.

ریخۆڵەکانی هاتبوونەدەر و دوای دڕاندنی کراسەکەی زیاتر خزانە خوارێ. گوێم لێبوو یەک لە کچەکان کووتی ئەوە ناژیی. لەو ماوەدا شادی هەر لەپەنا دایکی ڕەق ڕاوەستابوو. دایکی هۆشی نەبوو. ئیمدادگەرەکان لێیان پرسیم ئەم ژنە چی تۆیە؟ کوتم نایناسم و لە بەر ماڵی سەیداوایە تووشیان بووم. بەڵام دەزانم ماڵیان لە کوێیە لە ڕێیە کە دەهاتین لێم پرسیوە و پێی کوتووم. یەکیان کوتی ئەگەر وایە بە مێرد و کەسو کارەکەی بڵێ بێن بۆ مزگەوتی سەعدی. دەستی شادیم گرت و کچە چکۆلەکەشم لە باوەش کرد و بەرەو گەڕەکی تەکیەی بابە خەلیفەی وەڕێکەوتین.

لە لای مزگەوتی سەعدی را تا سەر شەقامی زەند بە بن دیوارانڕدا هاتین و مەترسیی گوللەی ڕاستەوخۆمان لەسەر نەبوو. لای ڕاستەی جلەکانی من خوێناوی بوون و جار جار بە لەشمەوە دەنووسان. شادی هەر ئاوڕی دەدایەوە و دەیپرسی دایە کەنگێ دێ؟ نەم دەزانی چیی پێبڵێم، هەر دەمکوت دایە نەخۆشە و دوایە ئەگەر چاک بووەوە دیتەوە بۆ لاتان. منداڵە بچکۆلەکە بەسەر شانمەوە خەوی لێکەوتبوو.بە شەقامی زەنددا بەرەو دەرکی تەکیەی بابە خەلیفەی داگەڕاین. بە گورجی بە شەقامەکەدا پەڕینەوە و خۆمان لە حەساری تەکیەی هاویشت. تەکیە دوو دەرکی هەبوو،یەکیان بەسەر شەقامی زەنددا دەکراوە ئەوی دیکەیان بەلای کۆڵانی پشتەوەیدا. لە شادیم پرسی لێرەڕا ماڵە خۆتان پێدەزانیی؟ بە ڕاوەشاندنی سەری تێیگەیاندم کە ماڵە خۆیان پێدەزانیتەوە. کوتم برۆ بابچینە ماڵە ئەنگۆ.

وەپێشم کەوت، گەیشتینە بەردەرگایەکی دار. دوانیوەڕۆ بوو. لەدەرگام دا، پاش تاوێک دەنگێکی ژنانە لە دیوی حەسارێ ڕا پرسی کێیە؟ شادی هاواری کرد، دادە بیکەوە. بەدەنگی پێڵاوەکانیڕا دیار بوو بە پەلە بەرەو دەرگا دێت.

دارەکەی پشت دەرگای کێشاوەو دەرگا کرایەوە. کچێکی تەمەن شازدە، حەفدە ساڵان بوو. بە نیگەرانییەکی زۆرەوە منداڵە چکۆلەکەی لێوەرگرتم و لێی پرسیم ئەدی دایکم کوا؟ نەمدەزانی چیی پێبڵێم. شادی کوتی دایە نەخۆشە خوێنی لەزگی دەهات! کیژە جحێڵەکە دایە پڕمەی گریان و بەرەو قوڵایی حەسارێ چوو. بەدوایدا چوومە ژوری حەسارێ و بانگم کرد. دەنگێکی لاوازی پیاوانە لە بنەبانی ژێرزەمینێک ڕا پرسی کێیە؟ زێنەب کچم ئەوە کێیە؟ چیی دەوێ؟ بۆلای دەنگەکە چووم. لەپێش دەرکی ئەو ژێرزەمینە بە بڵیندایی دەرکەکە تەلیسە خۆڵ هەڵچنرابوون.

کەلێنێکی تەسک لەمابەینی دەرکەی ژێرزەمینەکە و تەلیسە خۆڵەکان مابۆوە. تفەنگەکەم لەشانم هێناخوارێ و چوومە ژوورێ. سڵاوم کرد و وەڵامی سڵاوی دامەوە. پێیم کوت مامە گیان ئەمن لە نیزیک ئاوایی سەیدئاوا تووشی خێزانت و ئەو دوو منداڵەبووم. باقی ڕووداوەکەم چۆن ڕوویدابوو بۆ گێڕاوە. هەر دەیکووت، پەکوو، پەکوو، پشتم شکا. ئەمن بەو حاڵەم چ لەو منداڵانە بکەم؟ بە دڵێکی پڕپەرۆشەوە لە ژێرزەمینەکە هاتمە دەرێ. لە حەسارێ کیژەکە لەسەر عەرزی دانیشتبوو،کچەچکۆلەکەی لەباوەش گرتبوو، شادیش لەتەنیشتییەوە سەری وەلای کەلەکەی کردبوو.

نەم دەزانی چ بڵێم، بۆلایان چووم و دەستێکم بە سەری شادیدا هێنا و ماڵئاوایم لێکردن.لەدەرکەی هاتمەدەرێ، لەگەڵ ئەوەی کە بارەکەم سووک ببوو، هەنگاوی لاقم قورس ببوون ولاقەکانم بە زەحمەت بەدوامدا دەهاتن. بیرم لە منداڵە چکۆلەکە دەکردەوە کە چیی بەسەر دێت؟ شادی چلۆن ئەو دیمەنەی بریندار بوونی دایکی لەبیر دەکا و زۆر پرسیاری دیکەش.بەکۆڵانەکەدا هاتم و خۆم گەیاندە کوچەی پشت " بازاڕی روز" و لەوێڕا بە خێرایی خۆم گەیاندە گەڕەکی" سەربەرداشی " و بەوێدا بەرەو ژوور ڕۆیشتم. بیرم لە بابم دەکردەوە و نەم دەتوانی باوەڕبکەم شەهید بووە و دەمگوت، مەحموود جوانی نەدیتووە و لێی تێکچووە. جار جاریش کە دایکی شادی و منداڵەکانیم وەبیردەهاتەوە، کزەم لەجەرگی هەڵدەستاو دڵم پڕدەبوو.بەدەم بیروخەیاڵانەوە گەیشتمە لای مزگەوتی " سەید نیزام" و بە کوچەکەیدا هاتمە سەر شەقامی "فەرەح" و بەرەو شەقامی "وەرەهرامی شەرقی" وەرەهرامی رۆژهەڵات چووم.لە ڕێک بەرێکی کوچەی "مەنسووری" لە گەڕەکی " ئەرمەنییان" ئامبوڵانسێک لە نێوەڕاستی شەقامەکە ڕاوەستابوو. دەرکی لای شۆفیرەکەی کرابووەوە. بە پارێزەوە لێی چوومە پێش و دیتم شۆفیرەکەی سەری بەلای ژوری ئامبوڵانسەکەدا سووڕاندووە. بانگم کرد وەڵامی نەداوە. دەستم لەسەر شانیدانا و کوتم کاکە کاکە، وەڵام نەبوو. هەستم کرد بۆنی ئاسنی ژەنگاوی دێت، دیتم بەرپێی شۆفیرەکە پڕبووە لەخوێنی مەییو.

دیاربوو لەمێژە شەهیدکراوە و خوێنەکەی مەیوە. بەجێم هێشت و بە کووچەی مەنسووریدا بەرەو ماڵە خۆمان لە لای مەیدانی حەسەنزادە و ڕووبەڕووی ماڵە "خات نارنجێ" وەرێ کەوتم. لەسەر کووچەی خۆمان کەلاوەیەکی لێبوو، گوێم هەڵخست، قروسکەی سەگێک دەهات. بەپێش کەلاوەکەیدا تێپەڕیم و چوومە نێو کووچەی خۆمان . لە حەساری خۆمان چرای هیچکام لە ماڵەکان نەدایيسا. ئێمە لەو حەسارەیدا چوارماڵ بووین. شوشەی پەنجەرەکان زۆربەیان شکابوون. لە حەسارێ دوو قووڵکەی گەورە دروست ببوو.ترومپای حەسارێ لە جێی خۆی بوو. گوڵەکانی باخچەی هەڵپەرتوابوون.

دوو لقی گەورەی دارە بوزەکەی حەسارێ شکابوون بەڵام لێ نەببوونەوەو بەسەر باخچەکەدا شۆڕببوونەوە.بەرەو ژێرزەمینی ماڵە کاک محەمەد سەقزی جیرانمان چووم. لەبەر دەرکی ئەو ژێرزەمینەش تەلیسە خۆڵ لەسەریەک هەڵچندرابوون. تروسکاییەکی کەم هێزم لێ وەدیار کەوت. چوومە ژورێ. سڵاوم کرد و یەکراست چاوم بە دایکم کەوت. کز،خەمبار و دۆشداماو لە سەرووی ژێرزەمینەکە دانیشتبوو. کە چاوی بە من کەوت یەک پێ هەستاو لە ئامێزی گرتم. ئەولاولای ماچ کردم و پرسی کەنگێ هاتویەوە؟ کوتم ئەوڕۆ هاتوومەوە. لێم پرسی بابم لە کوێیە؟ کوتی جارێ دانیشە ئێستا ئەویش دێتەوە. سوکنایيەکم هاتێ. کوتم بۆکوێ چووە؟ هەستم کرد دەیهەوێ شتێکم لێ بشارێتەوە. کوتم دایە پێم بڵێ، خەڵک پێیان کوتووم. ڕاستە؟ کوتی نەبەخودای ڕۆڵە هەر برێک دەستی بریندار بووە. لە چاوەکانیدا دەمویست ڕاستیی

قسەکەی بدۆزمەوە. لە دڵە خۆمدا دەمکوت یاخوا وابێ و هەر بریندار بوبێت و شەهید نەبوبێ.

ئێستا ئیدی برێک هێور ببومەوە. درەنگانی ئێوارێ بوو.روانیمە ئەولاو لای ژێرزەمینەکە، دیتم کاک محەمەد سەقزی چاوێکی داپۆشراوەو دەم وچاوی ئەستوور بووە و بەرچاوی شین بووەتەوە. لەولاترەوە فەوزییە خانمی خێزانی لاقێکی درێژکردووە و لە لای بەلەکی برینێکیان بۆ پیچابوو.

هەواڵیانم پرسی و ئەوانیش وەڵامیان دامەوەو تێگەیشتم کە کاک محەمەد چاوێکی کوێر بووە. سەرەڕای برینداریی خۆیان، دڵخۆشی منیان داوەو کوتیان باوکت چەند ڕۆژ لەوەپێش هەر بەو گوللە خۆمپارەی ئێمەی بریندار کردووە، بریندار بووە و ئەویان بە ئامبوڵانس بردووەتە نەخۆشخانە. لە دایکمم پرسی دوای بریندار بوونی بابم هیچ خەبەرت لێی نیە؟ کوتی نا ڕۆڵە گیان خۆ بەرۆژ لەبەر تەقە و تۆپ باران کەس ناوێرێ لە ماڵ بێتەدەرێ.کاتژمێر 8 ی شەو بوو. بە دایکمم کوت دەچمە نەخۆشخانە و بابم دەبینمەوە و ئاگادارت دەکەمەوە.

دایکم هەر دەیکوت ئاگات لە خۆت بی ڕۆڵە گیان. لەگەڵ کێ دەچی؟ کێت لەگەڵە؟ بۆ ئەوەی تووشی دڵەراوکێ نەبێ، کوتم لە گەڵ پێشمەرگەکان دەچم. لە ژێرزەمینەکە هاتمەدەرێ و لە حەسارێ تێر چاوم لە باخچەکەو ماڵەکان کرد، دەتکوت تازە نایان بینمەوە، هەموو لایەکیم پێ جوان و خۆش بوو. شتیوا سەرنجی ڕادەکێشام کە تا ئەوکات لەگەڵ ئەوەی حەوت هەشت ساڵ دەبوو لەو ماڵ و حەسارەی دابوین، قەت وەبەر چاوم نەهاتبوون.

لە دەرکی حەسارێ چوومە دەرێ، بە پەنا کەلاوەکەیدا تیژ تێپەڕیم. گەیشتمە شەقامی "وەرەهرامی شەرقی" ئامبوڵانسەکە هەر لەوێ بوو. نەمزانی شۆفیرەکەی هەر تێدایە یان نا، بە پەلە بووم دەبوو خۆم بگەیەنمە نەخۆشخانەی شار کە لە نیزیک" باغی پیشاهەنگی" هەڵکەوتبوو. بەرەو چوارڕێی ئازادیی وەرێکەوتم.

لەوێوە بە شەقامی " شاپور" دا بەرەو شارەداری ڕۆیشتمە خوارێ. دیمەنی شار زۆر سەیر گۆڕابوو. دەتوانم بڵێم کەم ماڵ مابوو شوشەی ساغی لە پەنجەرەیدامابێ. لەسەر شەقامو پیادەڕەوەکان شوشەی شکاو و قاپۆڕەفیشەک و لەتکی گوللە تۆپ و خۆمپارە عەرزی داپۆشیبوو. دارەکانی قەراغ شەقامی شاپور زۆربەیان لق و پۆپەکانیان شکابوون. لەبن هێندێک لە دارەکان خوێن مەیبوو، پشیلەو سەگەبەرەڵای برسی دەمیان تێنابوون. ئەو شەقامە کە سەردەمێک زۆر جوان و بۆن خۆش بوو، تەنیا بۆنی خوێن و دوکەڵ و باڕووتی لێدەهات. گەیشتمە ڕێک بەرێکی " کەوشی میللی" و هەورازی سینەما " ئاریا". زرێپۆشێک تێکشکابوو و سەری لە دەرکی قەیسەریان ڕۆکردبوو. بەهەورازی پێش سینەما ئاریادا بەرەو "دوخانیات" وەسەرکەوتم. ئەو ڕێگایە نێوبڕ بوو. بە کوچەی هوتێلی "جامجهان‌نما"ی سەید مەجیدیدا داگەڕامەخوارێ بۆ سەر شەقامی پەهلەوی بە پێش مەحکەمەی پێشەوایدا تیپەڕیم و پاش ماوەیەک گەیشتمە دەرکی خەستەخانەی. پێشمەرگەیەک لەبەر دەرکەی بوو. خۆم پێناساند و چوومە حەساری خەستەخانەی. خەستەخانە هێندەی خەلکی بریندار لێ بوو، ژوورەکان پڕببوون و ساڵۆنە دووروودرێژەکانی پێش ژورەکانیش برینداری لێ داندرابوو. بریندارەکان جلی شین‌وسپی نەخۆشخانەیان لەبەر کرابوو.

هەروا کە بە پەنا برینداراندا دەڕۆیشتم و دەمڕوانی، دەنگێکی ناسیاو لە دواوە بانگی کردم. وەرسووڕامەوە و بۆلای دەنگەکە چووم. بابم بوو. نەمدەزانی لە خۆشیان چ بکەم. لێی نیزیک بوومەوە.

دەستی چەپەی بە بەنێک لە ئاسنێکی پشت تەختەکەی هەڵاوەسرابوو. لیباسی نەخۆشخانەی لەبەر کرابوو. باوەشم پێداکرد و پرسیم ئەوە چت لێ هاتووە؟ وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوەو لێی پرسیم، بۆ هاتوویەوە؟ کوتم هەواڵی بریندار بوونی تۆم پێگەیوە و ئەو ڕوو لە بۆکان را هاتوومەوە. پاشان کە دڵنیا بوو پیشمەرگە هەر لە نێو شار ماون، چۆنییەتی بریندار بوونەکەی بۆ گیڕامەوە. پرپشکی خۆمپارەی ئێسکی نێوان ئانیشک و شانی ورد کردبوو.

دەستیان لە گێچ گرتبوو و لە دوولاوە کونێکیان لە گێچەکەدا هێشتبووەوە کە لەوێڕا برینەکەیان دەرمان دەکرد. پێم کوت کە دایکم و منداڵەکان ساغ‌وسڵامەتن و جێی نیگەرانیی نیە. کوتی بزانە ناتوانی دایکت بێنی بۆلام. کوتم ئەو شەو؟ کوتی ئا. کوتم بە چاوان و لە خەستەخانە هاتمەدەرێ.

بە پێشمەرگەکەی بەر دەرکەم گوت دەچم دایکم دێنم بۆلای بابم. پرسی ماڵتان لە کوێیە؟ کوتم لە گەڕەکی ئەرمەنیانە. کوتی دەبێ پەلەی بکەی ڕەنگە سبەینێ ئەرتەش بێتە ناو شار. کوتم زوو دێمەوە. وەڕێ کەوتم. هەر بەرێگاکەی خۆمدا گەڕامەوە هەتا لای مەیدانی مەنگوڕان.لەوێڕا بە کوچەی ناڵبەندان‌دا چوومەسەر و لە شەقامی وەرەهرامی‌شەرقی هاتمەوەدەر. لە حەسارێ هێشتا نەگەیشتبوومە بەردەرکی ژێرزەمینەکەی، لە دارێکی هەڵەنگووتم. دایکم کە هەر نەنووستبوو، بانگی کردم.

کوتم دایە گیان نەنووستووی؟ کوتی جاکوا دەکرێ ئاگاداربم لەو تەقەو هەرایەدا ئەتۆ لە ناو شارییی و ئەمن بنووم؟ کوتم دایە گیان بابم دەیکوت بێت بۆلام. کوتی ئێستا دێم. سەرێکی ژێرزەمینەکەی داو کوتی خوشکەکانت نووستوون. بابڕۆین. دایکم گەیاندە خەستەخانە لای بابم. تاوێکیان لە لابووم . دایکم بە پەرۆی تەڕ دەست ولاقی بابمی خاوێن کردەوە.

ماوەیەک قسەمان کرد، پاشان بابم ئیزنی داین و لەگەڵ دایکم دیسان بەرەو ماڵەوە وەڕێ کەوتینەوە. کاتژمێر یەک ونیوی شەو گەیشتینەوە ماڵێ. دایکم چەند بابۆڵەیەکی بۆ ساز کردم و بەرێی کردم. بە کوچەکانی گەرەکی ئەرمەنیاندا بەرەو گەڕەکی مەیدانی حەیوانان وەڕێ کەوتم. لە کووچەی ماڵە ماملێ را پەڕیمەوە لای قەنادیی (شیرنی‌خانەی) سەکری. لەوێڕا بەرەو مەیدانی حەیوانان و لەوێشەوە بۆ لای گۆڕستانی شار و لەوێشڕا بەرەو ئاوایی پشتەپ. گەیشتمە لای بەردە سپیان سیوادی ڕۆژێ هەڵیدابوو.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## بەبۆنەی ٣٣ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی.




لوقمان زەهرایی

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی بەرابەر بە ١٩٨٠ی زاینی ئایەتوڵلا خومەینی ڕێبەری ئاینی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بە فەرمانێک کە لە ڕاگەیەنە رەسمیەکانی وڵات دا بڵاوکرایەوە بە فەرمی حوکمی جیهادی بۆسەرگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند وڕشتنی خوێنی مرۆڤی کورد وکاوڵ کردنی زێدونیشتمانی بە حەلاڵ زانی. دوا بە دوای دەرکردنی ئەو فەتوایە بە هەزاران پاسدار و بەسیجی بەکرێگیراوی چڵکاوخۆربۆبە جێ گەیاندنی فەرمانی ئیمامی مەزنیان ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد وبە ئەوپەڕی دڕندەییەوە پەلاماری شاروگوندەکانیان داوبە وێنەی مۆغۆلەکان بە سەدان کەسیان لە ناوشاری سنە قەڵاچۆکردونەوڕۆزی خوێناویان لەو شارە خوڵقاند. دوای ئەویش شەڕی نێوان کوردوئازەرییان لە نێوشاری نەغەدە دا دروست کرد وزۆر دڕندانە بە سەدان ژن ومنداڵ و گەورەوپیری کوردیان لە نێوئەوشارە دا قەڵاچۆکرد.

لەشکری داگیرکەری تاران هەربەوەندە نەوەستاووەکوو گورگی هارپەلاماری گوندەکانی کوردستانیان داولە گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، قەرەگۆڵ، سەوزی، سەرچنار، ئیندرقاش،حەسەن لۆلان ودەیان شوێنی دیکەی کوردستان سەدان گوندنشینی بێ دەسەڵات ومەزلومیان قوتلەعام کرد وبە سەدانی دیکەیان ڕەوانەی گرتوخانەکان کردولە وێشەوە جەنازەی ئەشکەنجە کراوئاژن ئاژن کراوی سەدان کەسیان تەحویلی بنەمالەکانیان دایەوە. بە فەرمانی خومەینی، ئاخوند خالخالی جەللاد کرا بە حاکمی خاون دەسەڵاتی کوردستان ولە ژێرئەمرو فەرمانی ئەودا بە دەیان لاوی کورد تیرەباران کران. سیاسەتی تیرۆروتۆقاندن لە لایەن تارانەوە بە سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان داسەپێندراو ئەوسیاسەتە چەپەڵە دوای ٣٤ ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندە شیعەکان هەروا بە بەرنامە وپلانەوە بەرێوەدەچێ وئێستاشی لە گەڵ بێ زۆرترین ڕێژەی زیندانیە سیاسیەکانی نێوزیندانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە کوردان پێک دێ و ڕێژەی ئەو رۆلە کوردانە کە حوکمی ئێعدامیان بە سەرداسەپاوە بە نیسبەت شاروناوچەکانی دیکەی ئێران بە چەند قات پترە.

ناکرێ هەروا بە سادەیی لەومەسەلە بگوزەرێن وپێمان وابێ کە ئەوە هەڵەیەکی ڕێبەری ئاینی وڵات یان حکومەتی کاتی ئەو سەردەم بووە. لە راستیدا ئەوسیاسەتەی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران درێژەی هەمان سیاسەتی رەزاخان ومەحەممەد رەزاشای پەهلەوی بوو کە ئامانجیان دروست کردنی یەک میللەت ویەک دەولەت ویەک ئاڵا بوولە سەرحیسابی تواندنەوە ولە ناوبردنی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا. دەتوانین بە ڕاشکاوی بلێین کە کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران وەکوو ڕێژیمێکی ئیسلامی لە دووبوارەوە نوینەرایەتی قەومی حاکم و باڵادەستی کردەوە. هەرلە هەوڵ ڕۆژی دامەزرانیەوە تاکووبە ئەمرۆ نوێنەرایەتی شیعەکانی کردووە بۆ دژایەتی سوننە مەزهەبەکان وئاین ومەزهەبەکانی دیکەی غەیری شیعەی ئێران وپێناسەیەکی تەواونژادپەرەستانەی دینی لە مەزهەبی شیعە لە قالبی "ئوممەتی ئیسلامی " خستۆتە ڕوو.

بە ناوی ئەوەی کە "هەمووومان موسولمانین " ئامانجدارهەوڵی داوە کە سوننە مەزهەبەکان بخاتە پەراوێزەوە وهیچ مافێکی ئاینیان بۆ قایل نەبووە. ئەوە هەم لە کوردستان وهەم لە بەلوچستان وهەمیش لە پارێزگای ئەهوازکە بەشێکیان عەرەب زمان وسووننە مەزهەبن بە خەستی بەرێوەچووە. لە ڕوانگەی مەلا شیعەکانی دەسەڵاتداری تاران، تەنیا شیعەکان موسولمانن. ئاینەکانی دیکەش، وەکووئاینی یارسان وبەهایی وجولەکە وئەرمەنی وئاسۆری بێ ماف وبێ بەش کراون وهەر ڕۆژەی بە بەهانەیەک پەیرەوانی ئەو ئاینانە دادەپلۆسن وسووکایەتیان پێ دەکەن. نموونەی ئاخری سوکایەتی کردن بە پەیرەوانی ئاینی یارسانە.

لە بواری سیاسیەوە، کۆماری سێدارە نوینەرایەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کردووە کە لە راستیدا چ شتێک نیە جگە لە دەسەڵاتی سیاسی ناسیۆنالیزمی فارسی کە هەمووئێران بە هی خۆی دەزانێ وئەومافە بە هیچ گروپ وئیتنیک وقەوم ونەتەوەی دیکە نادا کە لە ئێراندا شەریکە دەسەڵات بێ. بە ئاشکرا دژی هەرجۆرە حەرەکەت وخەباتێکی سیاسی ومەدەنی ماف خوازانە راوەستاون وبە دڕندانەترین شێوە لە دژی وەستاونەوە وبە بیانوی " پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران" وبەرگری لە دابەش بوونی ئێران خوینی بە هەزارانیان ڕشتووە. ئەو سیاسەتە بە ئاشکراوبە خەستی لە لایەن ئەحزابی سەراسەری بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشین پشتگری لێکراوە وئەوانیش هاوڕا لە گەڵ ڕێژیمی تاران خوازیاری لە ناوبردن وداپلۆسینی بە قەولی خۆیان " تجزیە طلبان" بوون کە شامیلی کوردوبەلوچ وعەرەبی ئەهواز بووە. قانونی ئەساسی ڕێژیمی مەلایان بە ئاشکرا لە سەربنەمای هەڵاواردن وپشت گوێ خستن وبی بەش کردنی نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێران نوسراوە وقانونێکی تەواودژە ئینسانی ودژە دێموکراتیکە.

لە یەک کەلام دا ناسیۆنالیزمی فارسی یانی بە قەولی خۆیان ئێرانی زۆر دژە دێموکراتیک وپاوانخواز وداگیرکەرە وبە ئاشکرا حاشا لە فرە نەتەوەیی وفرە کولتوری وفرە زمانی ئێران دەکا. خۆیان بە میللەت پێناسە دەکەن وباقی بە قەوم و زمانەکانی دیکەش بە زاراوە یان بن زاراوەی زمانی فارسی پێناسە دەکەن.

دەسەڵاتدارانی حاکم لە تاران لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردووە هیچ کات کوردیان بە بەشێک لە خۆیان وتەنانەت لە ئێران حیساب نەکردووە وبۆئەومەبەستەش لە

هەموو شێوازەکان بۆ سڕینەوە ی ناسنامەی کورد کەڵیکیان وەرگرتووە. یەکێک لە ڕێگاکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ناوبردنی زمانەکەی بووە وبە هەموو هێزیان هەوڵیان داوە زمانی کوردی فارسیزەبکەن وبە بیانوی پروپوچ وبێ بنەما وبێ مانا ڕێگربوون لە بەردەم خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە خویندگاکان دا. ئەوە لە کاتیکدایە کە لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا بە ئاشکرا باس لە خوێندن وپەروەردە بە زمانی زگماکی کراوە ودەولەتان ئەرکدارکراون کە ئیمکاناتی خویندن وپەروەردە بۆهەموو دانیشتوانی وڵاتەکەیان بە بێ جیاوازی دابین بکەن.

راستیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە کورد لە ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە گەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرەف نیە ، بەڵکوولە گەڵ کولتورێکی خۆداسەپاووداگیرکەروپاوانخواز وزۆر نژادپەرەست بەرەو ڕوویە کە لە قالبی ئێران وئێرانی دا پێناسە بۆ ئەو وڵاتە لە نێوخۆ ولە دەرەوەی سنورەکانی دەکا. ئێستاشی لە گەڵ بێ ئێرانی یانی فارس وکە باسی ئێرانیش دەکرێ یان دەسەڵاتی فارس. بە وتەی پان ئیرانیستەکان " وڵاتی پارس". ئەو ڕوانگەیە تەنیا لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا بەدی ناکرێ، بەڵکوولە نێو خەڵکی ئاسایی سەرکوچە وشەقامیش دا هەردەبینرێ وهەرکە باس لە کورد ومافەکانی دەکرێ، دەستەوبەجێ وشەی "تجزیە طلبی" لە زاریان دێتە دەر. دەولەتی داگیرکەری تاران وئۆپۆزیسیۆنی خاریجی نشینی ئەو ڕێژیمە جۆرێک باسی ئێران وکورد دەکەن، وەک ئەوەی هەموو ئێران بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ملکی بێ ئەم لاوئەولای باب وباپیریان بێ. جۆرێک نژادپەرەستانە لە هەمبەرکورد سیاسەت دەکەن کە ئیزن بە خۆیان دەدەن لە جیاتی کورد بیربکەنەوە ولە جیاتی کورد بڕیاربدەن. ئەوان کورد بەوە تاوانباردەکەن کە گۆیا دەیهەوێ "ئێران تجزیە بکا" و ئەوە لە حالێکدایە کە ئەوان داگیرکەرن وکوردیش وەکوو نەتەوەیەکی زێدونیشتمان داگیرکراوبەرگری لە مان و بوونی خۆی کردووە ودەیکا وهیچ کاتیش هێرشی نەبردۆتە سەر شارێکی فارس وتورک نشین وهیچ کاتیش ئیدعای خاکی هیچ کامیانی نەکردووە.

ئەو شێوازە بیرکردنەوە وسیاسەت کردنە زۆرلە نێوبە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" دژبە کۆماری ئیسلامی ئێران دابەهێزە وبە راست وچەپ وئیسلامی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوڕان. ئێستاشی لە گەڵ بێ یەک بە ناولەو حیزبە دیموکرات وچەپ وپێشکەوتن خوازانە نوسراوەیەکیان لە مەڕمەحکوم کردنی فەتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرنەکرد وبۆیەک جاریش نەمان دیت ونەمان بیست کە تەنانەت کەسایەتێکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی فارس لە سەرکورد وداوا ڕەواکەی هەڵوێستی گرتبێ وبە وێنەی " د.ئیسماعیل بێشکچی" لە سەرکورد تووشی گیران وزیندان بووبێتەوە. زۆرلە ئەحزابی بە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" کۆماری ئیسلامی حەز ناکەن کە کۆماری ئیسلامی بە هەر قیمەتێک بڕووخێ وزۆرینەیان دژی هێرشی نیزامی ئامریکان بۆ سەرپێگە ئەتۆمییەکانی ئێران ویان ڕووخاندنی ڕێژیم بە هێزی سەربازی. ئەو هێزە بە ناوسەراسەرییانە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک جۆرج بوش دا بە ئاشکرا دژایەتی سیاسەتەکانی ئامریکایان دەکردولە ئاکامیش دا دیتمان کە هەوڵەکانیان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو.

لە دواین نەمایشی گاڵتە جاڕانەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا کە هەرهی شێعەکان وفارس زمانەکانە پشتگری هەمەلایەنەی بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشینمان بینی کە چلۆن کەوتبونە پروپاگەندە کردن بۆ جەنایەتکارێکی وەکوو هاشمی رەفسنجانی ودوای ئەوەی لە تەئید کردنی ناوبراولە لایەن دەزگای داسەپاوی بە ناو " شورای نیگابان" ناهومید بوون، ئەوجارهەموویان کەوتنە پشتگری کردن وپروپاگەندە کردن بۆ ئاخوند حەسەن روحانی کە یەکێک لە مریدانی بارەگای ولایەتی فەقیی یە. لە ڕێگای تیڤی ورادیۆ ورۆژنامەکانیانەوە خەڵکیان هان دەدا کە بڕۆن وبەشداری نەمایشی گاڵتەجاڕانەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بکەن ودەنگ بدەن بە ئاخوند روحانی بۆ ئەوەی ئێران تووشی " پارچەپارچە بوون " نەبێ.

لە راستیدا هەڵوێستی ئەوبە ناو ئۆپۆزیسیۆنەی کۆماری سێدارە کە لە هیچ کوێ دونیا شتی واعەنتیکە نەبینراوە، پشتگری کردن بوولە مانەوەی دیکتاتۆری وەلی فەقی ولە درێژەی کردنەوە سیستمی ئاخوندسالاری لە ئێراندا. لەوبە ناونەمایشە مەسخەرەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێرانی ئاخوند لێدراودا، رۆژهەلاتی کوردستانیش لە نێوان ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسێۆنی ڕێژیمی مەلایان لە لایەک وکوردە بە ناورێفۆرم خوازەکان لە لایەکی دیکەوە گیری کردبوو. نەبوونی سیاسەتی یەک دەنگ ویەکگروتوو، وای کرد کە ڕێژیمی ئاخوندەکان بۆ ڕاگرتنی خەڵک لە هەمبەرحیزبەکاندا پروپاگەندەی زۆربکا وبە هێنانە مەیدانی کۆمەڵێک بەکرێگیراوی خۆی خەڵک لە کوردستان بە رێفورم وئاڵ وگۆردڵ خۆش بکاوهانی خەڵک بدا کە جوابی بایکۆتی حیزبەکان نەدەنەوە وبچن دەنگ بدەن. لەو نێوەش دا کوردە ریفۆرم خوازەکان وژومارەیەکی دیکەش کە پێشتربە ناو نوینەری خەڵک لە مەجلیسی ڕێژیم دا بوون جۆرێک باسی حەسەن روحانیان دەکرد، وەکوو ئەوەی ناوبراو بە تایبەتی لە ئاسمانەوە بۆخەڵکی ئێران بەربوبێتەوە وناجی ڕزگاری خەڵکی چەوساوە و ماف خوراوی کوردستان بێ.

حەسەن روحانیش بە هاوکاری وپشتگری دووشەیتانی دیکەی گۆرەپانی سیاسەت، واتە مەحەممەد خاتەمی وهاشمی رەفسنجانی هەلەکەی قوزتەوە وکەوتە وادەوبەلێنی دان بە خەڵک ئێران وبە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان وبە کوردە رێفۆرم خوازەکان کە لە ئەگەری بوونی بە سەرۆک کۆماری لە کوردەکانیش بۆ پۆستی وەزارەت کەڵک وەردەگرێ. بەڵام دیتمان دوای بوونی بە سەرۆک کۆمار، لە ژێر وادەو بەلێنیەکانی خۆی دا ونە تەنیا یەک کوردیشی لە کابینەکەی دا نەکرد بە وەزیر، بەڵکووهەمان بیروفکری نژادپەرەستانەی نێوسیستمی کۆماری سێدارەی ئیسلامی وەبیرهەمووان هێنایەوە کە ئێران "یەک نەتەوە ویەک زمانە ولە ئێراندا وردە فەرهەنگ هەن". بە ئاشکرا سووکایەتی بە نەتەوەکانی دیکە وبە زمان وفەرهەنگ ومافەکانیان کرد.

دوای ٣٣ ساڵ لە دەرچوونی فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەولەتی داگیرکەری فارس، کورد هەروا ژێردەست وبێ بەشە وهەروا حاشا لە ناسنامە ولە بوون ولە خاک ولە زمانی دەکرێ. کوردی ڕۆژهەڵات لە قەیرانی خۆپێناسەکردن دا دەژی. لە لایەن دەسەلاتدارانی تارانەوە هیچ حیسابی

هاوولاتێکی ئێرانی بۆناکرێ وله مافه سیاسی ومەدەنییەکانی بێ بەش کراوە و ئێرانی بوونیش شامیلی کورد نابێ، له قسه دانەبێ، ئەویش ئەوکاتەیه کە کورد وەکوو " مرزدارغیور" پێناسە دەکرێ. کوردی ڕۆژهەڵات کوردبوونەکەشی بە چاوی تاوانەوە سەیردەکرێ وبە تێکدەروئاژاوەگێرودوژمنی " تەواوییەتی عەرزی ئێران " دەناسێندرێ.

ماویەکه ئاماده کاری بۆبەستنی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر دەکرێ وئەوەش داگیرکەرانی نیگەران کردووە ولەوبەینەش دا هەم داگیرکەری تاران وهەمیش ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەرییەکەی نیگەران کردووە ولە ئێستاوە کێچیان کەوتۆتە کەوڵی کە کورد باسی ناسنامه وکیانی سەربەخۆی کوردی بکا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کۆمەڵێک حیزبی سیاسی وکەسایەتی فەرهەنگی ورۆژنامەوان ونوسەرو نوینەری ڕێکخراوەکانی ژنان ولاوان بەشداردەبن. ئەوە دەرفەتێکی زێرینه بۆ نوینەرانی ئەحزاب وکەسایەتیەکانی سیاسی وفەرهەنگی کوردی بەشدارلە کۆنگرەی نەتەوەیی دا کە بە دارشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد وەسەربەرژەوەندی حیزبی خۆیان بخەن وئامانجی سیاسی وستراتیژی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پشتگری لە دروست کردنی ناسنامەی کوردی بێ لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## مانگی گەلاوێژ و بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی



قادر وریا

مانگی گەلاوێژ، ئەو مانگەیە کە هەم کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک)ی تێدا دامەزراوە، هەم حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم دوو ڕووداوە هەر کامێکیان لە مێژووی گەلی کورد دا، جێگاو شوێنی خۆیان هەیە. یەکەمیان، ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی نیشتمانەکەیان لە پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دابوو و، توانی ببێ بە دەسمایە و بنچینە بۆ دامەزرانی حیزبێکی سیاسی و سەردەمیانە. دووهەم ڕووداویش، لە یەکەم ڕووداو یەکجار گرنگتر بوو. چونکە وەرچەرخانێکی لە ژیانی سیاسیی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دا خوڵقاند و خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی خستە سەر ڕێڕەوێکی نەپساوە، پێشکەوتنخوازانە و مۆدێڕن‌و، بوو بە سەرچاوە و هەوێنی ڕووداو و ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگ‌و مێژوویی لە ژیانی میللەتێک دا.

هەروەک گوترا، بەڵام گەلاوێژ بیرخەرەوەی هێندێک ڕووداوی تاڵ‌و خوێناوییشە، کە لە هەموانیان گرنگتر ئەو ڕووداوانەن کە هەر دووکیان ڕاست لە ٢٨ی ئەم مانگەدا، ڕوویان دا. یەکەمیان کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی ڕێژیمی پەهلەوی بە پشتیوانی‌و هاوکاریی ئەمریکاو ئینگلیس لە دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەددیق، کە بووە هۆی لەسەرکار لاچوونی موسەددیق‌و، شکان‌و پاشەکشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ئێراندا. دووهەم، ڕاگەیاندنی فەرمان یا فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینی‌یەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا! بەڵێ لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە شێلگیری‌و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە سەر داواکردنی ئازادی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان، تووڕە و هەراسانی کردبوو، فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و فەرمانی بە قوای سەگانەدا بە هەموو هێزو توانایانەوە هێرش بەرنە سەر کوردستان و بە فڕۆکە و هێلی‌کوپتێر پردێکی هەوایی بۆ نێو کوردستان سازبکەن، لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بیگرن و بۆخۆشی فەرماندەیی قوای سەگانەی بەدەستەوە گرت.

خومەینی بۆ جێبەجێ کردنی فتوا بەدناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەییادی شیرازی، کە بە قەسسابی کوردستان ناوبانگی دەرکردبوو، حەسەنی، نوێنەری خۆی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و خەڵخاڵیی جینایەتکار کە دەستووری ئیعدام کردنی دەیان ڕۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی خۆی لە کوردستان دیاری کرد و هێزێکی زۆری ڕەوانەی کوردستان کرد ز

سەرکەوتنی کودێتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە دوو بارەوە بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران‌و حیزبی دیموکرات تاڵ‌و ناخۆش بوو، لەلایەکەوە ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی ئێران جارێکی دیکە شایەدی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی بەسەر ئەو وڵاتەدا بوون و، خەڵکی ئێران بۆ دەورەیەکی ئەوسەر نادیار لە گەیشتن بە مافو ئازادی‌یەکانیان دوور کەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەباتی گەلی کورد لە ئێران و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات کە لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی سەرانسەری، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە بوون.

بەڵام خاڵی هاوبەش‌و سەرنج‌ڕاکێش لە دوای هەر دوو ٢٨ی گەلاوێژ لە کوردستان، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان لەلایەن حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد بە دژی

دیکتاتوری و سەرڕۆیی‌و لە پێناوی ئازادی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەو گەلەدا بوو. دیارە لە نێوان ئەو دوو هەلومەرجەدا (هەلومەرجی سیاسی و گشتیی ئێران، کوردستان و حیزبی دیموکرات لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢و ١٣٥٨)، جیاوازیی زۆر هەبوو.

ئەگەر لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ەوە، رۆڵە خەباتگێڕەکانی گەلی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، لە نێو بەندیخانەکان‌و لە دەربەدەری و دووره وڵاتی‌دا نەیانهێشت کوانووی خەبات بە دژی رێژیمی پاشایەتی دابمرکێ و لە ساڵەکانی ٤٦و ٤٧دا ئەم خەباتەیان بە راپەڕینی چەکدارانە و پڕ لە فیداکاریی خۆیان گەیاندە چڵەپۆپە، لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە، کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە، لە ژێر پێی هێرشکەران‌و ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامی‌دا بوو بە یەک پارچە ئاگر. گەلی کورد لە خەبات و بەربەرەکانی‌یەکی نابەرامبەردا کە بەشی هەرە زۆری قورسایی‌یەکەی لەسەر حیزبی دیموکرات بوو، نیشتمانی خۆی کرد بە سەنگەری کۆڵنەدان و بە چۆک دانەهاتن لە بەرامبەر زۆرداری و دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی‌دا. خەباتێک کە ئەمڕۆ رەگ و پنجی خۆی بە نێو زۆرترین چین‌و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی رووناکبیران، لاوان و، خوێندکاران و ژنان دا، بردۆتە خوارێ و لە سەرتاپای کوردستانی ئێران و هەر شارو بەشێکی ئێران کە کوردی لێ‌دەژین، لە شکڵ‌و شێوەی جۆراوجۆردا، بەرەوپێش دەچێ. ئەو خەباتە بەرین، هەموولایەنە و پڕ لە قوربانیدانە، باشترین و جوانترین نیشانەی زیندوویی‌و نەوەستان‌و وریابوونەوەی گەلێکە کە تا گەیشتن بە رزگاری و بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی، ئۆقرە ناگرێ. هەر لەو کاتەدا نیشاندەری ئەو پێوەندی و متمانە بێوێنە و رۆژ بە رۆژ بەربڵاوترەشە کە لە نێوان خەڵکی کوردستان‌و حیزبی دیموکرات دا هەیە و توانیویێتی بەردەوامیی خەباتی ئازادیخوازانە لە کوردستانی ئێران دەستەبەر بکا.

ئەم راستی‌یانە دەمانبەنەوە سەر سەرچاوەیەک کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا شاهیدی لە دایکبوونی بووین. دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کە وابوو رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ وەک رۆژێکی مێژوویی و وەک رۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، نەک هەر بۆ ئێمە ئەندامانی حیزب، بۆ خەڵکی کوردستانیش شیاوی پێوەنازین و جێژن بۆگرتنە، شتێک کە بە کردەوە، دیتوومانەو دەیبینین. بەڵام خۆشەویستیی حیزبی دیموکرات لە نێو گەلەکەی‌داو شانازی‌یەکانی رابردووی، نابێ رێبەری، تێکۆشەران‌و ئەندامانی ئەم حیزبە لەم راستی‌یە غافڵ بکەن کە بۆ ئەوەی حیزبمان هەروا خۆشەویست بمێنێتەوە و بۆ ئەوەی ببین بەو حیزبە کە خەڵکەکەمان ئارەزووی دەکا، بەخۆداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە بە کارو تێکۆشانمان‌داو هەوڵ‌و تێکۆشانێکی هەموولایەنە، جیددی‌و بەبەرنامە بۆ لەنێوبردنی کەم و کووڕ و ناتەواوی‌یەکانمان، پێویستە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## ٢٨ی گەلاوێژ. رۆژی فەرمانە بەدناوەکەی خومەینی

ئەحمەد مەکلاوەیی



٣٤ساڵ بەر لە ئیستا لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا کە ئێستا دوو مانگ بەسەر دامەزراندنی حکوومەتی تازە دامەزرا دا تێنەپەڕی بوو کە ئایەتووڵڵا خومەینی دەستووری جیهادی بۆسەر کوردستان دەرکردو فتوای حەڵاڵ بوونی گیان‌و ماڵ کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی داو هێرشیان کردە سەر کوردستان‌و شەرێکی نەخوازراو و ماڵوێرانکەریان بەسەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا سەپاند. هەر لە سەرەتای نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاویەوە تا گەڵاوێژی ئەو ساڵە کە خومەینی فتوا بەدناوەکەی دەرکرد، رێژیم وردە وردە رێگای بۆ شەرێکی رەسمی‌و هەمەلایەنە لە کوردستان خۆش کرد.

لە نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی دا هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لەناو پادگانی شاری سنەوە بە هەموو جۆرە چەکێک ناوشاری سنەو دوروبەریا وەبەردستریژداو نزیک بە ٥٠٠ کەسیان لە خەڵکی نیشتمانپەروەو قارەمانی ئەم شارە کوشت کە ئەمرۆژە بە نەورۆزی خوێناویی سنە ناوبانگی دەرکردو کە ئیستاش رۆڵەکانی کورد هەر بەو ناوە ئەو رۆژە ناودەبەن و شەهیدانی لەبیر نەچوونەوە لەبیر ناچنەوەو حەتمی بەمزوانە رۆژێک دادێ ئامانجیان کە رزگار بوونی کوردستان بوو، بێتە دی.

لە درێژەی ئەم هەوڵانەی رێژیم بۆ هەڵایساندنی شەرێکی بە تەواومانا بە دژی خەڵکی کوردستان بوو کە هێزە کانی رێژیم‌و پاشماوەکانی رێژیمی پاشایەتی کە لەو کاتو ئیستاش‌دا ببوونە کار بەدەستی رێژتمی تازە دامەزرا لە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی دا لە نەغەدە لەکاتێکدا دوکتور قاسملوو، رێبەری بەوەجی حیزبی دێموکرات کوردستان دەیهەویست لە متینگێکی گەورەدا پەیامی ئاشتی‌و برایەتیی نێوان دوو گەلی زوڵملێکراوی کوردو ئازەری رابگەیێنێ، ئەو متینگەیان دایەبەر دەستریژو شەرێکی ٤ رۆژەیان لەنیوان کوردو ئازەری‌دا ساز کرد کە بووە هۆی کوژرانی سەدان کەس لە هەر دوو لاو بەتایبەتی لە کوردەکان.

بە دوای ئەوەش‌دا لە هاوینی ١٣٥٨دا کە شەریان گەیاندە نێو شاری پاوەو شەڕێکی قورس رووی دا، تیمسار فەلاحی‌و چەمران بە سواری کۆپتەر گەیشتنە وێ‌و زۆریان چەکو تەقەمەنی هێنایە ئەو شارەو شەریان گەرمتر کردو رۆژی ٢٨ گەلاوێژ خومەینی پەردەی لەسەر مەبەستەکانی‌و قەلاچۆ کردن‌و لەناو بردنی گەلی کورد لاداو فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کورد دەرکردو فەرمانی بە "قوای سەگانە"داو بە هەموو هێزو توانایەوە هێرش بەرنە سەر کوردستان‌و بە تەیارەو کۆپتەر پردێکی ئاسمانی بۆ نێو کوردستان ساز بکەن‌و لە ماوەی شەو رۆژێکدا بیگرن کە بۆ خۆی فەرماندەی "قوای سەگانە " بە دەستەوە گرت.

خومەینیی بەدفەر بۆ بردنە سەری دەستووره شوومو فتوا بەد ناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران‌و سەیادی شیرازی کە بە قەسابی کوردستان ناوبانگی دەرکرد بووو حەسەنی نوێنەری خۆی لە ئازەربایجانی رۆژاواو خاڵخاڵی جینایەتکار کە دەستووری ئێعدام کردنی دەیان‌و بگرە سەدان رۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی رێژیم‌دا دەرکرد، وەک بەر پرسی بەرێوە بردنی فەرمانی خۆی لە کوردستان دیاری کردو هێزێکی زۆری رەوانەی کوردستان کرد.

ئەم هێزانە بە فرۆکەو هێلی کۆپتەرو تۆپو تانکو چەکی جۆراو جۆری دیکە هێرشیان هێنایەسەر شارو گوندەکانی کوردستان‌و هێزی پێشمەرگەو خەڵکی بێدیفاعیان وەک یەک دایەبەر هێرش .

بەڵام خەڵکی کوردستان بەمەبەستی پاراستنی کوردستان‌و مان‌و مەوجوودیەتی خۆیان، بە لەخۆ بوردوویی بۆ بەرپەرچدانەوە ئەو پیلان‌و هێرشەی دوژمن خۆیان ئامادە کردو لە یەکرێزی دا بەگژ دوژمن‌دا چوون‌و زۆریان قارەمانەتی لە خۆیان نیشانداو سەدان داستانی پر لە سەروەریان بۆرۆڵەکانی دوای خۆیان تۆمار کرد کە ئیستا وەک ئەستێرەیەکی پڕ شنگدار لە مێژووی کورد دا دەدرەوشێنەوە.

لەو کاتە دا رێژیم کە ئاوای دیت لە ئاسمان‌و زەوی ڕا بە فرۆکەو کۆپتەر داگژایە شار و گوندەکانی کوردستان‌و زۆری لە خەڵکی بێدیفاع کوشت . لەو کاتەدا بوو کە هێزی پێشمەرگە بەمەبەستی پاراستنی گیانی خەڵک لە شارەکان دەرکەوتن‌و بەمەبەستی زەبر وەشاندن روویان کردە شاخ‌و چیاو گوندەکان.

سیزدە رۆژ پاش ئەوە کە خومەینی فەرمانی جیهادی دژ بە گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەرکردو دەستووری هێرشی بە پاسدارەکانی‌دا هێرش بکەنەسەر کوردستان، لە ١١خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا هێزەکانی دوژمن گەیشتنە بەرزاییەکانی دەوروبەری گوندی قارنێ‌و ناوچەی نەغەدەیان گرتو بەبیانووی هاتوچۆی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو گوندە بەربوونە گیان خەڵکی ئاوایی‌و پێش لە هەموان مەلای ئەو گوندەیان کە لە حاڵێکدا قورعانی مزگەوتی گوندی بە پیرەوە برد بوون کوشتو بە دوای ویش دا بەربوونە ژن‌و منداڵ‌و پیرە پیاو و ئیدی زۆر بێبەزەییانە دەستیان بە قەلاچۆ کردنی ئەو گوندە کردو ٦٨ کەسیان لە خەڵکی ئەو گوندە لە کۆڵانەکانی ئەو گوندەدا لە خوێند سوور کردو سەری هێندێک لە شەهیدەکانیان بری‌و کە چوار کەس لەو کوژراوانە ژن‌و حەوت کەسیشیان منال بوو کە منالی چوار-پێنج سالانەیان تێدا بوو. یەک رۆژ دوای ئەوەش لە ١٢ / ٦ / ١٣٥٨ی هەتاوی دا هێزەکانی خومەینی گەیشتنە ناو شاری مەهاباد کە زۆر لە خەڵکی ئەو شارە، شاریان بەجێهێشتو روویان لە گوندەکانی دەوروبەری کردو زۆیش هاتنە شاری سەردەشت کە رۆژی دوایی لە وێ کاک دوکتور قاسملوو قسەی بۆ خەڵکی شارو ئاوارەکان کردو ئەرکی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن دەستنیشان کرد. یەک رۆژ بەدوای ئەوەش دا هێزەکانی دوژمن لە ١٣ / ٦ / ١٣٥٨ی هەتاوی دا گەیشتنە گوندی قەلاتان‌و لەوێش دەستیان لە جینایەتداو ٤٥ کەسیان لە خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندەش شەهید کرد.

لەو سەردەمانەش‌دا بوو کە هێزەکانی دوژمن لە رێگای بانە بۆ سەردەشتەوە بەرەو شاری سەردەشت کەوتن رێ لەو ماوانە دا لەو رێگایەدا زۆر شەر لەگەڵ هێزەکانی دوژمن کرا. بەڵام سەرەنجام لەژێر ئاگری توندی فانتۆو هێلی کۆپتەرەکان‌و تانکەکانی‌دا گەیشتە گوندی دۆڵهەرزن‌و بەشێکی ئەو گوندەیان ئاگر تێبەرداو خەڵکی ئەو گوندەو گوندەکانی دەورووبەری لە ترسی هێزەکانی دوژمن کە دەستیان لە کوشتنی ژن ومنداڵیش نەدەپاراست ئاوارەی شوێنەکانی تری کوردستانبوون، یەک رۆژ پاش ئەوە هێزەکان دوژمن گەیشتنە گوندی دارساوێن‌و دەورووبەری، بەڵام لەوێ زۆر بە سەختی کەوتەبەر پەلاماری شێرەکورانی مەڵبەندی رەبەت کە هەر لەسەر پردی دووبرالانی نزیک گوندی دارساوێن زیاتر ١٠٠ کەس لە هێزەکان دوژمن کوژران کە کەلاکی ٧٥ کەس لە پاسدارە کوژراوەکان کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەو خەڵکی شۆرشگێرو ناچار بەرەو دواوە گەرایەوەو لە دەورووبەری گوندی هەورازە جێگیر بوون. بەڵام چەند رۆژ دواتر لە ژێر ئاگری فانتۆمەکانی‌دا کە بە ناپاڵم سەنگەری پێشمەرگەکانی دەکوتا، هێرشی کردەوەو رۆژی ١٨ / ٦ / ١٣٥٨ی هەتاوی گەیشتە نێو پادگانی سەردەشتولەوێ چەمران کۆبوونەوەیەکی بۆ پاسدارەکان پێکهێنا، بەڵام لەو مەڵبەندەشدا کورانی دێموکرات زۆر جاران هەڵمەتیان بردەسەر هێزەکانی دوژمن‌و زەبریان لێدا، بە دوای ئەوەش‌دا هێزەکانی دوژمن رۆژی٣١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی بەمەبەستی گرتنی جادەی سەردەشت بۆ پیرانشار لە سەردەشت دەرکەوتن‌و کەوتن رێ، بەڵام ئێستا چەند کیلۆمتر لە شار دوور نەکەوتبوونەوە لە نزیک گوندی واوان و گرژاڵ و ئیدی لەو بەراوبەری سەردەشتو رەبەتەوە کەوتنەبەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەو نزێک بە ٢٠٠ کەسیان لێ کوژراو بە ناچاری بەرەو سەردەشت پاشەکشەیان کرد، بەڵام بەداخەوە لە کاتی گەرانەوەی هێزە تێکشکاوەکانی دوژمن بۆ شاری سەردەشت کادرێکی بەوەجی حیزب بەناوی جەلال میراوەیی کە بێچەک بوو کەوتە نێویان‌و بەدیل گیرا کە هەر بە گەیشتنەوەیان بۆ پادگانی سەردەشت ئێعدامیان کرد.

بەڵێ لە سەرتاسەری کوردستان ئەم جینایەتەی دوژمن هەروا بێوەڵام نەمانەوەو خەڵکی کوردستان‌و هێزی پێشمەرگە دەست لەسەر دەست دانەنیشتن‌و بە هەموو توانایانەوە بەگژ داگیرکەران‌دا چوون‌و لە سەرتاسەری کوردستان شەرێکی کەم وێنەیان لەگەڵ دوژمن دەست پێکرد کە بەجۆرێک بوو دوژمن لە زۆربەی شەرگەکان‌دا تێکشکاو پاشەکشەی کردو خومەینی دوای سێ مانگ لە دەرکردنی فەرمانی جیهادی خۆی پاشگەز بۆوەو شەری راگرت. بەڵام ئەوەی بۆکات کوشتن‌و سازماندانەوەی هێزە تێکشکاوەکانی بوو کە زۆری نەخایاند هێرشەکانی خۆی دەست پێکردنەوەو شەری دووهەمی سنە دەستی پێکرا کە بەداخەوە زیاتر لە ٢٤٠٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاع

بەدەستی هێزەکانی خومەینی شەهید کران‌و شەقامەکانی شاریان بەخوێنی کچ‌و کورانی لاوو ئیدی سوورکرد.

بەدوای ئەوەشدا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٩ی هەتاویدا هێرشیان کردەسەر گوندەکانی ئیندرقاش‌و وسووکەندو ٥٣ کەسیان لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو گوندانە شەڵتان خوێن کردو جینایەتیان خوڵقاندەوە. هەر لەو سەروبەندەدا هێرشیان کردە سەر گوندی سۆفیان‌و لەوێش دەستیان لە جینایەت داو زیاتر لە ٤٠ کەسیان لە خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندە ئەنجن ئەنجن کردو دەستیان لە هیچ نەپاراست. بەدوای سەدان‌و بەڵکوو هەزاران جینایەتی دیکەیان لە کوردستان‌دا، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی‌دا هێزەکانی دوژمن هێرشیان کردەسەر کورە خانەیەک‌و ١٨ کەسیان لە کرێکارانی ئەو کورەخانەیە شەهید کرد.

لە درێژەی جینایەتی هێزەکانی دوژمن دا، لە گوندەکانی قەرەگۆڵ‌و سەوزی ٢٧ کەسی بێتاوانیان شەهید کرد کە دوانیان منداڵی ١٢ ساڵانەبوون.

لەدرێژەی بەڕێوەبردە فەرمانەکەی خومەینی پیرەگورگی جەماران‌دا بەدوای تاوان خوڵقاندی قەرەگۆڵ‌و سەوزی‌دا لە گوندەکانی دیلانچەرخ‌و حەلبی‌و کویکان‌و کەرێزەی شکاکان‌و یوونسلیان ٤٠ کەسیان لە خەڵکی بێدیفاع شەهید کردو بۆ چەندەمین جار بەدژی گەلی کورد تاوانیان ئەنجامدا کە پیرە پیاوی ٩٠ ساڵەو منداڵی ١٤ ساڵانەیان تێدا بوو هەر لە پێش ئەوانەش‌دا هێزەکانی دوژمن لە گوندەکانی قووش‌و گیچی لە ناوچەی سۆمای شیمالی کوردستان‌و چەقەڵ مستەفاو کورەخان‌و خەلیفان لە ناوچەی نەغەدە ٣٤ کەسیان لە خەڵکی بێتاوان کوشت کە پیری ٨٠ ساڵەو منداڵی ١٠ ساڵەی تێدا بوو.

هەر لە ئاکامی ئەو فتوا بەدناوەی خومەینی جەڵاد بوو کە لە شاری مەهاباد ٥٩ لاویان لەسەر هیچ‌و خۆرایی گوللەباران کرد. بەدوای ئەوەش‌دا لەماوەی چەند مانگ‌دا زیاتر لە ١٥٠ کەسی دیکەیان لە شارە جیاجیاکانی کوردستان ئێعدام کردو کوردستانیان بەخوێن سوور کرد.

جگە لەوانەش دەستیان لە تیرۆرداو زۆریان لە رۆڵەکانی گەلی کوردو پیشمەرگەو رێبەرانی تیرۆرکردو لە درێژەی حاکمییەت‌و دەستووره ناجوانمێرانەکەی خومەینی‌دا لە عیراق‌و ئورووپادا ٢٣١ کەسیان تیرۆر کردو ٢٠ کەسیشیان بریندار کرد. بەڵام رۆلەکان گەلی کوردیش بە تۆڵەی ئەوان زۆر زەبری بەژانیان لە دوژمن وەشاندو لە شەرەکانی پاوەدا زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە هیزەکانی دوژمن کوژران. جگە لەوەش لە کاتی گرتنەوەی جادەی پیرانشار بۆ سەردەشت نزیک بە ٤٠٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران. بەڵام بەداخەوە لە بەرامبەر ئەوەدا ٤٠٠ پێشمەرگەش شەهید بوون.

لە تابلۆیانی رێگای گەنکەو بانەزێر لە نزیک دارساوین‌و جاترا‌وێ‌و سەندولوو کورانی دێموکرات لە ناوچەی رەبەت ستوونەکەی سەیاد شیرازیان تەفرو توونا کرد کە بۆ خۆی‌و رێژیمەکەشی ئەوکات‌و ئێستاش پێیان لەوە ناوەو جارو بار ئیستاش بە فیلم نیشانی خەڵکی دەدەن.

بەڵێ بە کوردی‌و بە کوتی لەئاکامی دەستووری جیهادی خومەینی بۆسەر کوردستان، کوردستان زۆری ئازار پێگەیشت‌و زۆری لێ بووە قوربان‌و نزێک بە ٥٠٠٠ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون‌و زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسیش لە خەڵکی بێدیفاع شەهید بوو. بەڵام لە تەواوی شەرەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێرەشکەرانی خومەینی‌دا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس لە هێزەکانی خومەینی کوژران‌و بوونە قوربانی شیاسەتی چەوتی‌و جگە لەوەش بە ملیارد زەرەدی ماڵی بە دوژمن گەێندرا. سڵاو، بۆ ئازادی و تف لە شەرو برووخێ رێژیمی دیکتاتۆرەی کۆماری ئیسلامی کە خومەینی جەلاد دای مەزراند.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی لە زەویە سپی دەشتی کۆی

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ریکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرگریی نەتەوەیی



هاشم ڕەزایی

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ، بەدوای پەیامی " جیهادی" ئایەتوڵلا خومەینی، هێرشێکی بەرین کرایە سەر گشت کوردستان. رژیمی جمهوریی ئیسلامیی ئێران، لەم هێرشەدا لە هەموو چەشنە چەکێک بۆ داگیرکردن و قەلاچۆکردنی کوردستان کەڵکی وەرگرت. دادگاکانی شەرع، دەستیان لە ئێعدامی لاوانی کورد نەپاراست و سەدان کیژ وکوری کوردیان قەڵخانی خوێن کرد، تەنانەت مافی پاراستن لەخۆ و گرتنی پارێزەریان نەدرایە.

خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، کە بەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ تامی ئازادی و دێموکراسییان چێژتبوو، نەیاندەویست سێبەری رەشی ئەم رژیمە دەستکەوتە دێموکراتیکەکانیان لێ بستێنێتەوە. بۆ پەرچدانەوەی ئەم هێرشانە یەکدڵ و یەکدەنگ راسان و دەستیان دایە پاراستن لەخۆ و مافە سەرەتاییەکانی خۆیان. ئەم خۆراگریی و راوەستانە خاڵێکی زێرینە لە مێژووی خەباتی ئەم گەلەدا.

ئەوە ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان، نە خوازیاری شەرن ونە پێیان وایە شەر رێگەچارەی مەسەلەی کوردە، بەڵام پاراستن و دیفاع لەخۆ مافێکی حاشاهەڵنەگرە چ بۆ تاک و چ بۆ نەتەوەیەک.

***رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، جێگەی شانازی و سەرفرازییە بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات کە سەریان بۆ ملهوڕییەکانی رژیم دانەنەواند و بە گەورە و چکۆلەوە، بە پیاو و ژنەوە لە شەقامی شارەکان و گەرەکی دێهات دەستیان دایە چەک بۆ پاراستنی کەسایەتیی نەتەوایەتیی خۆی.***
***ژیانی پێشمەرگایەتی وهەبوونم لە ریزەکانی کۆمەڵەدا لە ساڵەکانی ١٣٥٥ وە هەتا ساڵی ١٣٨٠ ، لە ئاستی بەرپرسایەتی جۆراوجۆردا ، و خەبات و هەوڵدان بۆ میللەتی کوردی مافخوراو، جێگەی شانازییە بۆ من و یەکیک لە خۆشترین دەورانی ژیانی سیاسیی من بووە. لە هەمانکاتدا خۆم بە بەشدار و بەرپرس دەزانم سەبارەت بە هەموو پێشکەوتنەکان و کەوتنەکانی کۆمەڵە تا ئەوکات کە لە ریزی ئەو رێکخراوەدا بووم.***

***جێگەی خۆیەتی، جارێکی دیکە، یادی هەموو ئەو خەباتکارانەی کە لە ئەم رێگا پیرۆزەدا گیانی خۆیان فیداکرد بەرز و بەرێز رابگرین.***

***بژی خەباتی رەوای خەڵکی کورد***

***سەرچاوە : ویبلاگی رووانگە / رێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢***

## ٢٨ی گەلاوێژ، سی‌وسێ ساڵ لە داگیرکەریی وەحشیگەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان



***هیرش عەلیزادە***

***بەربەرێتی و تەوەحوشی قرون وستایی هەر ئەمەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەدەی بیستویەک دژی گەلی کورد کردوویەتی و دەیکات!***
***لەم رۆژەدا ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ) بە دەیان لە رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان گوللەباران کران.***
***ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی لە ئێران کە دەبووا ببووایە بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی دانیشتووانی کوردستان و گەلانی دیکەی بندەست لە ئێران، بەداخەوە نەبوو. نەبوونی رێکخراوی جیددی و بە هێز و پرۆگرام و پێڕەوی سیاسیی سەردەمیی و هاوکات بەرژەوەندی زەلهێزانی جیهانی و نامەتیەکانی شەری سارد هۆکاری یەکەمی هێنانە سەرکاری وەحشیترین ڕووخساری داگیرکەری و دیکتاتۆری و حکومەتی مەزهەبی لە ئێران بوو، کە توانی دانیشتووانی لە سەرانسەری ئێران، و بە تایبەتی گەلانی بندەستی لەوانە گەلی کوردی، هاویشتە گێژاوی بێ پلانی و بێ سەروبەرییەوە.***
***سەرەڕای هەبوونی دەریایەک لە فێداکاری و لێبوردویی، لە سەدان و هەزار رۆڵەی دڵگەرم و خوێنگەرم، لە ملوێن مرۆڤ کە لە دڵەوە خوازیاری گۆڕانکاریی و ڕیفۆرمی جیددی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بوون، نەتوانرا دەستکەوتێک وەدەست بهێنرێت کە بناخەی ئاییندەی لەسەر دابرێژرێت.***
***تەنها سامانێک کە هەیە و ماوە، دڵسۆزیی و سەربەرزیی و شانازیی ئەو قوربانیانە و ئەوانەن کە ئەوکات لە ریزی خەباتدا بوون و ئێستا بە خاوێنی ماونەتەوە. هەر لەبەرئەوەیە، سەرەڕای هەموو نەهامەتیەکان، دەبێت لە هەموو کاتێکدا رێزی بێ پایان لە خوێنی قوربانیان و فیداکارانی خەڵکی کوردستان و هەمووی ئەوانی کە لە بەرامبەر ئەم تەوەحۆش و دواکەوتوویەدا وەستان، بگیردرێت.***
***شادمانیی و خۆشیی دانیشتووانی کوردستان لە رووخاندنی بنەماڵەی پەهلەوی و دەستەودایەرەکەی، زۆر درێژەی نەکێشا. کە ئەم گەلە زۆڵملێکراوە دووبارە کەوتەوە بەر پەلاماری شێوەیەکی درندەتر لە دەستدرێژیی سەرکوتگەریی و لە شێوەی داگیرکەریی.***
***٢٨ی گەلاوێژ سی و سێیەمین ساڵرۆژی فتوای ئایەتوڵا خومەینی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستانە، خومەینی رابەری کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێک لە هەرە گەورەترین رابەرانی جینۆساید دژ بە خەڵکی کوردستان، لەوێدایە کە بەکۆمەڵکوژیی دژ بە خەڵکی کوردستان لە ژێر ناوی مەزهەب و کفر و سەر بە ئیمپریالیزمبووندا مۆری "حەڵاڵ" ی لێ دەدرێت.***
***بە کۆمەڵکوشتنی خەڵک لە شارە و گۆندەکانی کوردستان و ئابلووقەدان و پاشان بۆمبارانکردنی شارەکانی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم بە "حەڵاڵ" کردنەوە. داگیرکەر هەمیشە دەبێت هۆیەک و دووان و سیان بۆ بەکۆمەڵکوشتن و تۆقاندن و خەنکاندنی داگیرکراو بدۆزێتەوە، دەنا ناتوانێت درێژە بە داگیرکەرییەکەی خۆی بدات.***
***لەبەرئەوەیە ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨ ی هەتاوی دەستپێکەری تەوەحوشی داگیرکارییە، ئەڵبەت بە شێوەیەکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستانە بۆ زیاتر داسەپاندنی دەسەڵاتی رەشی خۆی بەکەڵک وەرگرتن لە دواکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵگا. فەقێ و مەلا و سەید و ئایەتوڵاگەل بە کەڵک وەرگرتن لە چەقۆکێش و شەڕلاتان و ئۆپۆرتونیستگەلی جیاواز، توانیان کەژوهەوایەکی سیاسیی پڕ لە خەفەقان و وەحشەت ساز بکەن.***

لەم ڕۆژەدا خاڵخالی نوێنەری ئیمامی ئومەت لە کوردستان هەر لە کرماشان و پاوە و نەسوودەوە تا کامیاران و سنە و سەقز و بانە و مەریوان پۆل پۆل جەوان و پیر لە مامۆستا و دوکتور و کارمەندی خەستەخانەوە تا بریندارانی شەقام و کوڵانەکانی کوردستان کە بە تۆپ و تەیارەی ئەم داگیرکەرانە بریندار بووبوون، لە پشتی دەرگای داخراو لە چەند چرکەدا بە محاکەمەیەکی فرمایشی و نمایشیی دەیان ڕۆڵەی کوردستانیان گوللەباران کرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژنامەکانی ئێران هەواڵی ئەم کۆشتارەیان لەسەر خەڵکی کوردستان لەسەرتاسەری ئێران بڵاو دەکردەوە، ئۆمەتی حیزبوواڵایش پوولپول ئامادەی شهادت دەبوون، لە هەمانکاتدا چەپ و راستی "ئازادیخواز" و تەواو ئەرزی ئێرانیش تماشگری ئەم لەشکەرکەشیە و کۆشتارە بوون!

شارەکانی نەغەدە و شنۆ و پیرانشار و مهاباد و ورمێ و سەلماس و گوندەکانی ئەم دەڤەرەیش بە دستووری مەلا حەسەنی کۆنەپەرست و لشکری ٦٤ی ورمێ لەم جنایتە بێبەش نەکران و هاوکات قارنا و قڵاتانیان لە خۆێندا گەوزاند، و لەژێر سێبەری ئەم لەشکرکێشیەدا بە دەیان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان لە گرتووخانەکانی تەورێز گوللەباران کران. خەڵکی کورد لە شار و گوندەکانی کوردستان لە ڕۆژانی گەلاوێژی ١٣٥٨دا بە دڵی پڕ لە خوێن و ڕێزی سەربەرزییەوە خاوەنداریەتی بەخاکسپاردنی ڕۆڵەکانی خۆی لە ژێر سێبەری ڕەشی داگیرکەراندا کرد.

ئەوە زیاتر لە ٣٣ ساڵ بە سەر ئەو هێرشە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان تێدەپڕێت، هەر لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ داگیرکەرانی کوردستان کاریان لە کوردستان سەرکوت و جنایەتە.

بە خۆشیەوە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان هۆشیارتر و تێگەیشتووتر لە جاران خەبات و تێکۆشانی خۆی دژی ئێعدام و ئەشکنجە و زیندان و ژێروژوورکردنی کۆنەپەرستی و داگیرکاریی بەرەو پێش دەبات. پێش هەر شتێک زۆرینەی خەڵکی دڵسۆزی کوردستان تێدەگەن کە ئەساسی گرفتەکان لە کوردستان لە داگیرکەرییەوەیە. حکومەتی ناوەند حکومەتێکی داگیرکەر و بکوژ و ببڕە، خەڵک لە سیاسەتی سوننەتیی و نەزانینی سیاسیی و ناجیددیەتی سیاسیی تێدەگەن.

دانیشتووانی کوردستان لە بەرانبەر ئەم دەستدرێژییە وەحشیگەرانەی نەتەوەی سەردەست و نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک دەقیقەیش دەستەوەستان و پاسیڤ نەبوون و ئەو خەباتە بە خۆشییەوە بەردەوام بووە و بەردەوامیی پێ دەدەین، ئەگەرچی لە تاران و قوم و ئیسفهان شەڕ لە ناوخۆی دەستەڵاتدا لەسەر چوونیەتی ڕاگرتنی و پاراستنی حکۆمەتی مەزهەبی یان جۆری دیکەی سەڵتەنەتتەڵەب و موجاهید و ئێرانچی ئاجێندای شاراوە و نابەیانکراویان تێدا هەیە، و سەرەڕای ئەوەی هەندێک لایەن لێرەولەوێ لە پێناو کورسی دەسەڵاتی خۆیان و حیزبەکەیان بۆ "ڕێفورمخواز" و "بزووتنەوەی سەوز" ئێرانی سەر و باڵ و لاقیان بە چەپ و ڕاست و سەروخوارەوەدا با دەدەن. ئەو "بزووتنەوەی سەوز" ی کە بەشێکی دانەبڕاو لە مەزهەب و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ناتوانێت و نابێت بکردرێت بە ناجی ئاشتیی و ئاشتیخوازیی.

دانیشتووانی کوردستان دەبێت درێژە بە خەباتی ناسیونالیسمی ئازادیخوازانەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بدات. و لەو خەباتەدا نەخشی ئازادیخوازانە و دادپەروەریی و پلورالیزمی سیاسیی و حوکمەتی دیموکراتیکی خۆی دەستەبەر بکات.

میلیتاریزەکردنی کوردستان دژ بە دانیشتووانی کوردستان دەبێت لە چوارچێوەی سەرکوتکردنی ستەمی نەتەوەییدا ببینرێت. ئەو مەزهەبسالارییەی ئاماژەی پێ دەکرێت بەشێکی دیکەیە و لە پلەی دووهەمدا دێت. ستەمی نەتەوەیی لەسەر شیعەمەزهەب و جۆرەکانی دیکە لە کوردستان هەیە و درێژەی دەبێت و کەس لەبەر سوننە نەبوونی خاتری نەگیراوە، گەلی کورد لەم ئەزموونە خۆێناویی خۆیدا ئەمڕۆ دەڵێت نا بۆ هەبوونی دەستەڵاتی سەربازیی و سیاسیی ئێران لە کوردستان، بەڵێ بۆ چوونەدەرەوەی سوپای داگیرکەری ئێران لە کوردستان، بەڵێ بۆ هەبوونی حکومەتێکی دیموکراتیک و دادپەروەر لە کوردستان، کە بە میکانیزمی پلورالیزمی سیاسیی بەڕێوە بچێت.

لە یادی ٢٨ گەلاوێژدا داوا لە دانێشتووانی کوردستان دەکەین سەربەرز و ڕاشکاو داوای ئازادیی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک بکەن. لەو خەباتەدا ئێمە دەمانەوێت حکومەتێک لە کوردستان دابمەزرێنین کە پابەند بە مافی مرۆڤ، بە ڕێزگرتن لە پرینسیپەکانی ئازادیی و دیموکراسیی و فرەگەرایی، بە مافی ژنان و کرێکاران و سەرجەم پێکهاتەی دیکەی ئایینی و غەیرەئاییینی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بێت.

شەکاوە بێت ئاڵای خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لەژێردەستی و کۆیلەتی. هێزی داگیرکەری وەحشیی و کۆنەپەرست لە کوردستان بۆ دەرەوە.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩١ هەتاوی بەرانبەر بە ١٨ای ئاگۆستی ٢٠١٢.

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست / ڕێکەوتی : ١٨ای ئاگۆستی ٢٠١٢

## بەیاننامەی هاوبەشی سێ پارت و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ۲۸ی گەلاوێژەوە

*خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!*

*حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان!*

*کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!*

۲۸ی گەلاوێژی ئەمساڵ (۱۹ی ئاگۆستی ۲۰۱۱) ۳۲ ساڵ بەسەر دەرکردنی فەرمانی جیهادی "خومەینی" (رێبەری ئەو کاتی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران) دژی خەڵکی مافخواز و دێموکراسیخوازی کوردستان رادەبرێ. وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە، لە کاتێکدا رێبەرانی بزووتنەوەی مافخوازانە و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان هەوڵیان بۆ چارەسەری دێموکراتیک و ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران دەدا، رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بە پیلان گێڕان و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم دانوستانەکانی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها بە سەرکوتی ئازادیخوازان و جیابیران بواری بۆ هێرشێکی هەمە لایەنە بۆ سەر خەڵکی کوردستان رەخساند. ئەم هێرشە پاش کۆبوونەوەی مەجلیسی خیبرەگان لە ۲۷ / ۵ / ۱۳۵۸ و رۆژێک دواتر (واتە ۲۸ / ۵ / ۱۳۵۸) بە دەرکردنی فتوایەک لە لایەن خومەینی یەوە دەستی پێکرد و شەڕێکی نەخوازراو ماڵ وێرانکەر بەسەر خەڵکی کوردستان‌دا سەپێنرا. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کە بە "شەڕی سێ مانگە" ناسراوە، سەدان کەس بوون بە قوربانی و بە هەزاران کەسیش ماڵوێران بوون و هەوەها خەڵکێکی زۆر بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان هاتنە ریزی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیانەوە.

خومەینی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، بە دەرکردنی ئەم فتوایە ویستی خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوە بندەستەکان(کورد و ئازەری) بە تایبەتی لەو کاتەدا تووشی شەڕێکی نەخوازراو بکا و پەلوپۆ بهاوێ و دەست بەسەر هەموو ناوچەکانی ئێران‌دا بگرێ. بۆیە پاش ئەم فتوایە، شەڕێکی بەرین و هەمەلایەنە، سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و ئێعدام و تیربارانی بە کۆمەڵی خەڵکی ئارزادیخواز و مافخوازی کورد دەستی پێکرد. لەم پرۆسەیەدا بە سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی، لە ژن و پیاو لە پیر و لاو و منداڵ بە بێ هیچ سوچ و تاوانێک و بە بێ هیچ دادگایی کردنێک گیانیان لێ ئەستێندرا. ئەمەش بۆ رێژیمێکی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو کە تا دوێنێ لافی ئازادی و دادپەروەریی لێ دەدا، کەچی پاش بە دەسەڵات گەیشتنی هەر لە یەکەم هەنگاودا دەستی کرد بە پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ، بابەتێکی سەرسووڕ هێنەر بوو. بەداخەوە ئەو کات بە هۆی لاواز بوونی ئامرازەکانی پێوەندی و راگەیەنی مۆدێڕنەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی پێویست لە قووڵایی تراژیدیاکە ئاگادار نەکرایەوە، بۆیە زۆربەی وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و مرۆڤدۆستەکان لە ئاست ئەم هێرشە بێدەنگ بوون.

خاڵێک کە پێویستە هەموو لایەک بە چاوی رێزەوە سەیری بکەین، بەرەنگاری و فیداکاریی خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانە لە ئاست ئەو شەڕەدا کە بەسەریاندا سەپێنرا. هەر لە یەکەم ساتەکانی دەرکردنی فتواکەی خومەینیدا خەڵکی کوردستان قارەمانانە بەرەورووی پەلاماری هێزەکانی رێژیم بوونەوەو ماڵ و کۆڵان و شەقامی شارەکان کرانە سەنگەری بەرگری و داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلی کورد. هەر لە ئاکامی ئەم خۆڕاگری و مقاومەتە قارەمانانەی خەڵکدا بوو کە شەڕەکە پاش سێ مانگ شکستی هێنا و خومەینی ناچار بوو مل بۆ وتووێژ و دانوستان (ئەگەرچی بە شێوەی کاتی و تاکتیکیش بێ) کەچ بکا. بۆیە ناودێرکردنی رۆژی ۲۸ی گەلاوێژ وەک "رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان" لە جێ خۆیدایە.

ئێستاکەش پاش ۳۲ ساڵ کە یادی ئەو رووداوە تاڵە دەکەینەوە، ئەگەر سەیری رووداوەکانی ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکان بکەین، دەبینین رەوتی رووداوەکان بە قازانجی ئازادیخوازان و نەتەوەبندەستەکان دەچێتە پێشەوە و ئەوەی کە باوی نەماوە و گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی، رێژیمە دیکتاتۆر و سیستمە سەرەڕۆکانە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش چاوخشاندنێک بە سەر ئەو ئاڵۆگۆڕانەی کە وڵاتانی عەرەبیی و باشووری ئەفریقایان گرتەوەو ئێستاش گەیشتۆتە سوریا، بەسە. لە لایەکی دیکەوە لە یادی ۳۲ ساڵەی ۲۸ی گەلاوێژ"رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان"دا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە رێژیمی ئێران وەک چۆن ئەو کات پەلاماری کوردستانی دا، ئێستاش لەو پەلامار و سیاسەتە نەگریسە دەستی هەڵ نەگرتووەو بە ئامرازی مۆدێڕنتر و چەکی پێشکەوتووترەوە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج و رۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵ دەدا هێرش بکاتە سەر گەلی کورد و بزووتنەوە دێموکراتیک و مافخوازانەکەی.

لە یادی 32 ساڵەی دەرکردنی فتواکەی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان، جارێکی دیکە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان، جەخت لە سەر تەبایی نێوان سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەینەوەو هیواداریین ئەم جۆرە رووداوە مێژووییانە ببێتە ئەزموونێک بۆ هەموو لایەک و لە داهاتووشدا بە تەبایی و یەکگرتوویی بەرەورووی هەر چەشنە نیازێکی دوژمنانە بەرامبەر گەلەکەمان ببینەوە. هەروەها داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە بۆ ناساندن و دادگایی کردنی رێبەرانی رێژیمی ئێران بەگشتی و بەتایبەت ئەو تاوانبارانەی کە لەم جینایەتە سامناکەدا دژی خەڵکی کوردستان دەستیان هەبووە، هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ.

سڵاو لە بوێری و خۆڕاگریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان

سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەو دێموکراتیکی گەلی کورد

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٤ی ئاگوستی ٢٠١١

## فەتوای خومەینی و جینۆسایدێکی بەردەوام.



تەوار شەریفی

لە پاش روخانی دەستەلاتی پاشایەتی حەمە رەزاشا بە خویو باوکییەوە کە پتر لە نیو سەدە فەرمان رەواییەکی چەوسینەرو ناداد پەروەرا نا یەکسانی بە سەر شە ش نەتەوی بندەستیدا جوگرافیای سیاسی ئیراندا سەپاندەبوو ، و هاتنە ئارای کە شو هەوایەکی تارادەیەک ئازاد وهومید بەخش بۆ گەلانی بندەست وکار کردن لە پیناو وەدست کردنی چارە نووسی هەر گەلیک بەدەست خوی ، من خابەن زوری نە خایاند کە لە پیلانیکی نیودە ولە تی و هاوکیشە سیاسیەکان جیهان وناوچە یدا ، ریژیمیک ئەگەر چی بە ئایدولوژیا زور جیاواز لە ریژیمی پاشایەتی ، بەلام بەکردەوەسەد بەرابەر درندەتەر، بالی بەسەر جوگرافیای سیاسی ئیران و شەش نەتەوەی ئەو ناچەیەدا کیشا .

گەلی کورد نەک هەر لە سەرتای بەدەستەوە گرتنی دەستەلات لە لایەن کوماری ئیسلامی ئیرانە وە ، بەلکو تەنانەت لەو نیو سەدە دەستەلاتی پەهلەوییەکان بو ساتیکێش لە بەر خۆدان و شورشی لە پیناو رزگاری و گەیشتن بە مافە رەواکانی نەوستا و، هەر لە گەل هاتنە سەر کاری خومەینی و دەستوپەیوەندەکانی تەزادو دژیایە تیەکانی ریژیمی تازە پیگەیشتوو ، لە گەل گەلی کورد ی ماف خواز سەری هەلداو دەر ئەنجام کوماری ئیسلامی ئیران زور زوو بە دانی فەتوای جیهاد لە دژی کومەلانی خەلکی کوردستان ناکوک بوون ودژایە تیە کانیان لە گەل دنیای ئازادو دیموکراتیک دەر بەری ، دیارە فەتوای جیهادی خومەینی ریبەری کوماری ئسلامی ئیران ، بۆ بەکومەل کوژی گەلی کورد بریارەکی سەرپێی و بێ پیشینە نە بۆ ئەگەر چی سیستەمی پاشایەتی جیگای خۆ بە سیستمی ئیسلامی سیاسی دابۆ ، بەلام سیاسەتی دژە ئازادی و دەژە ماف خوازی و دژایەتی کەردنی نەتەوە بەن دەستەکان نەک هەر گوران کاری بەسەردا نەهات ،بەلکو بەشیوەیەکی چاوەروان نەکراو درندانەترو توندهو تیژتر بەرو پراکتیزە کردن دەچو .

لەو پیوەندییە دا گەلی کهورد لە چاو گەلانی دیکەی ئیران زور زوتر لە سیستم ومەبستی کوماری ئیسلامی ئیران وچونییەتی دەولەت دارییان تیگەیشتن و ، بۆ بەرنگار بۆنەوی هەرشی داگیرکەرانی رژیمی تازە پیگەیشتو هەر وەها بۆ پاراستەنی کەشو هەوای هیمن وتارادەیکی بەر چاو سەر بەست ،کوردستان هیزی پیشمەرگی ریک خەست .

بەلام بە هوی نەبونی پالپەشتی دەرەکی ولە راستی دا نەبونی یەک هەلویستی و کوک نەبونی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی ئەو کاتی روژهەلاتی کوردستان ، نەک فەتوای جیهادی خویناوی خومەینی مەبەستی خوی پیکا و خەلکانیکی زوریش بە دستی جەلادانی ریژمی ترس وتوقان وسیدارو دەست دریژ کاری کوماری ئیسلامی ئیران خوینییان رژایە سەر ئاخو زیدی دەرینی خویان ، بەلکو روژ لە دوای روژ رژیمی ئیران زالتەر دەبۆ بەسەر کوردستانی تازە رزگار کەراو دا .

ئەمرو لە حالیکدا /۳۲ /سال بەسەر فەتوای جیهادی ریبەری کوماری ئیسلامی ئیران بەدژی نەتەوی کورد تیەدەپەری ، ئەگەر دونیای دەروی کومەلگای کوردەواری نەیان هەویت خویان لە راستیەکان گیل کەن ،دیارە مەبەست بەتایبەتی دەولەتان و گەلانی روژئاوایە، ئەوە بەبی هیچ گومانیک دەبینین کە ئەو کارەساتە دەچیتە خانی جینوساید وئەم جینو سایدەش لەم /۳۲ /سالەدا هەر بەردەوامە وئەگەر لە رابردوو دا بە هەزاران کەس لەیەک کات دا بەدستی مرف کوژەکانی کوماری ئیسلامی ئیران لەسەر شەقام وکولانی شارەکان دا دەکوژران ، ئەوە هەنوکە روژانە لە سەر سنورەکان ولە ناو بەندیخانەکان رولەکانی گەلی کورد بە ناوی کولبەرو کاسبکارو قاچاخچی وخوندکار وچالاکی مەدەنی وسیاسەت وان وشورشگیرو بەر هەلستکاری ئە ورژیمە یا دەکوژریت یا لە سیدارە دەدریت .

**که وا بۆ فەرمانی جیهادی خومەینی ریبەری کوماری ئیسلامی ئیران لە دژی گەلی کورد بە مەرگی خومەینی کوتای نەهات و تاییبەت نەبۆ بە کاتی دیاری کراو ، بەلکو لە وساوە تاکو ئیستا بەردەوامن لە کورد کوژی .**

*سەرچاوە : ماڵپەری پێنوسەکان / رێکەوتی : ٢٠ی ئاب (ئاگۆست)ی ٢٠١١*

## راگەیەندراوی دەست بەکار بوونی کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان

**۳۲ساڵ بەر لە ئسیتا لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینی رێبەری کۆماری ئیسلامی حوکمی جیهاد دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیاند.**
**فەرمانی جیهاد کە وەک فتوایەکی شەرعی خۆی پێناسە دەکرد بریتی بوو لە داگیرکردنی کوردستان و کوشتن و لەناوبردنی ئازادیخوازان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە هەمان کاتیشدا کاولکردنی ئەو ناوچانە کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون.**
**داگیرکەرانی ئیسلامی هەموو تاوان و جینایەتێکیان دەرحەق بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدا و لە ئاکامی ئەو هێرش و داگیرکارییەدا، هەزاران کەس بوونە قوربانی و کوشتاری بەکۆمەڵ و حوکمی لە سێدارەدانی ئازادیخوازانیان بەتاک و کۆ وەرێخست و لە گەڵ هەموو ئەو تاوانانەشدا شار و گوندەکانیان وێران کرد.**
**فەرمانی خومەینی لە ٢٨ گەلاوێژدا بۆ جیهاد دژی گەلی کورد وەک پەڵەیەکی رەش بە نێو چاوانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە نەقشی بەستووە و سەلمێنەری سیاسەتی شۆڤێنیستی و داگیرکەرانەی رێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی بوو بەڵام بینیمان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاش ئەم حوکمە نەبڕایەوە و هەروا درێژەی هەبووە، لەماوەی ئەم ۳۲ ساڵەدا ژمارەیەک لە رێبەرانی گەلی کورد تیرۆر کران، لەسێدارەدانی ئازادیخوازانی کورد بەردەوامی هەبووە، شێواندنی ناسنامە و کلتووری نەتەوەیی و بەتاڵان بردنی سامانی نەتەوەیی و هەروەها بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، درێژەی ئەم فەرمانەیە کە بە سەر گەلی کورددا سەپا.**
**لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵێک لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمپەینێک بە ناوی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" رادەگەیەنن و هەوڵەکانی خۆیان بۆ ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان چڕ دەکەنەوە و داوا لە لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان دەکەن کە لە ٢٨ گەلاوێژەوە حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان رابگەیەندرێت.**
**ئێمە لە کەمپینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" خوازیاری یەکێتی و یەکڕیزیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هاودەنگی و هاوخەباتی هێزە سیاسییەکان بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بەگەلی کورد و راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانین.**

**یادی سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی ٢٨ی گەلاوێژ بەرز رادەگرین و**
**هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان**
**کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان"**
**١۵ی ئاگۆستی ٢٠١١**

### داخویانی کەمپەینی حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی 28ی گەلاوێژ

**هەروەک ئاگادارن، فەرمانی جیهاد دژ بە گەڵی کورد کە لە لایەن یەکەم رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە" ئایەتوڵا خومەینی" راگەیاندرا و ئەو فەرمانە نامرۆڤییە بوو بە هۆی دەستپێکی ژێنۆسایدێکی دیکە و ماڵوێرانیەکی زۆری بۆ هەزاران مرۆڤ بە دواوە بوو، هەروەها ئەو فەرمانە سەلمێنەری سیاسەتی شۆڤێنیستی و داگیرکەرانەی رێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی بوو بەڵام بینیمان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاش ئەم حوکمە نەبڕایەوە و هەروا درێژەی هەبووە، لەماوەی ئەم سی و چەند ساڵەدا ژمارەیەک لە رێبەرانی گەلی کورد تیرۆر کران، زیندانی کردن و لەسێدارەدانی ئازادیخوازانی کورد بەردەوامی هەبووە، شێواندنی ناسنامە و کلتووری نەتەوەیی و بەتاڵان بردنی سامانی نەتەوەیی و هەروەها بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، درێژەی ئەم فەرمانەیە کە بە سەر گەلی کورددا سەپا.**
**لەم پەیوەندییەدا ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەمپەینێک بە ناوی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" مان راگەیاندووە و خوازیارین هەوڵەکانی خۆمان بۆ ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان چڕ بکەینەوە، هەر بەم بۆنەش داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و راگەیاندنەکان و جەماوەری کوردستان دەکەین کە لە 28 گەلاوێژەوە بە ماوەی یەک حەوتوو، بە حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی**

داگیرکـاری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بناسـرێ و لە مـاوی ئەو حەوتـوویەدا، هەر کەس و لایەنێکـی کـوردی هەم لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و هەم لە هەنـدەران بە هەر شێوازێکی مومکین و مەدەنیانە ئەو داگیرکاری و شەڕهەڵگیرساندنانەی کۆماری ئێسلامی ئیدانە بکەن و دەنگی نارەزایەتی خۆیان دەرببڕن.
ئێمە لە کەمپینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان" خوازیاری یەکێتی و یەکڕیزیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هـاودەنگی و هاوخەباتی هێزە سیاسییەکان بۆ لەقاودانی تـاوانـەکانی کۆمـاری ئیسلامی دەرحەق بەگەلی کـورد و ڕاکێشـانی سەرنج و پشـتیوانیی نێونەتـەوەیی لـە پرسـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێویستیەک دەزانین.

یادی سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی ٢٨ی گەلاوێژ بەرز و بەرێز بێت.
هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان"
شەمزین جیهانی، جەماڵ نەجارێ، ئاسۆ پیرۆتی، ئەنوەر عەباسی، تاهیر قاسمی، شلێر باپیری، هوومەن سەعدیە
٢٧ گەلاوێژی ١٣٩٠ ی هەتاوی

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١١

## بەیاننامە: با ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بکەینە ڕۆژی یەکگرتوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دژی داگیرکەر




بەیاننامەی ناوەندی پێشەوا بەبۆنەی تێپەر بوونی ٣٢ساڵ بەسەر فتوای خومەینی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٣٢ ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٥ ی هەوتایدا، خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە فتوایەکی دا دژی گەلی کورد "جیهادی دژی گەلی کورد" ڕاگەیاند و خوێنی مرۆڤی کوردی بۆ کوشتن حەلال کرد. ئەم فتوایەی خومەینی لە کاتێکدا بوو کە ماوەی نزیک بە ٦ مانگ بوو شۆرشی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆری پاشایەتی دا سەرکەوتبوو و تازە دەهات کە خەلکی ئێران ڕەنگی ئازادی بەخۆیانەوە ببینن بەڵام هەر زوو دیکتاتۆری دیکە باڵی بەسەر ئێراندا کێشا کە تاکو ئێستاش لەگەڵ بێ ئەو دیکتاتۆریە بەناو ئیسلامیەی کۆماری ئیسلامی بەردەوامی هەیە.
فتـوای ٢٨ی گەڵاوێـژی خـومەینی لە کاتێـک دابـوو کە گەلـی کـورد و ڕێکخـراوە سیاسـیەکانی تـا ئـاخرین چرکەکـانیش لە ڕێگـا چـارەیەکی ئاشتیانە دەگەڕان بـۆ چارەسەرکردنی کیشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان، بەڵام بەدەسەڵات گەیشتوانی تـاران ئەوەنـدەی لەدەستیان هـات تەنـگ و چەلەم و کۆسپێکی زۆریـان لەبەردەم نوێنەرانی کورد ساز کرد کە دەچوون بۆ گفتوگۆ بۆ تـاران.
لە ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژ مەجلیسی خیبرەگان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا دەربارەی ڕەوشی کوردستان و ڕووداوەکانی ناوچە کـورد نشینەکان، ڕۆژی داوتـر واتە ٢٨ی گەلاوێـژ خومەینی فتوایەکی دەرکرد دژی گەلی کورد و شەڕێکی مالوێرانکەری بەسەر خەلکی کوردستابدا سەپاند، لە ئاکـامی ئەو شەڕەدا سەدان کـەس بـوون بە قوربـانی و بە هەزاران کەسیش ماڵوێران بوون و هەوەها خەڵکێکی زۆر بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان هاتنە ریزی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیانەوە.
لە یادی ٣٢ ساڵەی دەرکردنی فتواکەی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان، ناوەندی پێشەوا جارێکی دیکە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرشە بـۆ سـەر خـەڵکی ڕۆژهەلاتـی کوردستان ، هیـوا خوازیشـین ئـەو ڕووداوە مێژووییانـە ببێتـە فاکتەرێـک بـۆ هـەموو لایـەک و هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات کە لـە داهاتووشـدا بـە تـەبایی و یەکگرتـوویی بەرەوڕووی هەر چەشنە نیازێکی دوژمنانە بەرامبەر گەلی کورد ببینەوە. هەروەها داوا لە هـەموو کـۆڕ و کۆمەڵـە مرۆڤدۆستە جیهانیەکـانیش دەکەیـن کە بـۆ ناساندن و دادگایی کردنی سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەم جینایەتەی کە بووە هۆی ڕشتنی خوێنی بەناهەقی گەلی کورد دەستیان هەبووە، هەوڵـی خۆیـان بخەنە گەڕ.
ئۆسلۆ . نۆروێژ
٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٠ / ١٨ ٢٠١١ Aug

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی پێشەوا / ڕێکەوتی : ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١١

## ٢٨ی گەلاوێژ"ڕاگەیاندنی ڕۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستان.

لە ئاکامی خەباتی قارەمانانەی گەلانی ئێران، و لە ژێر روناکایی سیاسەتی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی جیمی کارتر لە ناوەڕاستەکانی دەیەی پەنجای سەدەی پێشوو، گوشار و زەخت و زۆری سەر کۆمەڵگای ئێران تا ڕادەیەک کەمتر بووەوە و چاودێرانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ مەودایان پێدرا بە شێوەیەکی بەربەستکراو سەردانی زیندانەکانی ئێران بکەن. سانسۆڕی چاپەمەنییەکان تا ڕادەیەک کەم بووەوە و فەزای نیمچە ئاواڵەی سیاسی دەرفەتی ئەوەی پێک هێنا کە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و تێکۆشەرانی سیاسی ئێران دەرەتانی دەربڕینی بیروڕای خۆیان وەدەست بخەن. لاوانی پڕ هەست و خەباتگێڕی کوردستانیش- کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا دەرفەتی ڕاگەیاندنی بیروبۆچوونی خۆیان نەبوو، ئەو هەلەیان قۆزتەوە و بە بۆنەی جیاجیاوە لە شارەکانی کوردستان دەستیاندایە خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکان.

ئەم خۆپیشاندانانە، هەر لە سەرەتای کارەوە ڕەنگێکی تایبەت بە کوردستانی هەبوو. لە گەلێک شاری ئێران، بەتایبەت دوای ئەوەی خەڵکی تاران لە ڕۆژی تاسووعای ساڵی ١٣٥٧ دا هێزی خۆیان دەرخست، زوربەی کات مەلای شیعە ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی بە دەستەوە بوو و لە ئەنجامدا ناڕەزایی دەربڕینی خەڵک وردە وردە ڕەنگێکی ئایینی بە خۆیەوە دەگرت. بەڵام لە کوردستان ناڕەزایی دەربڕینی کۆمەڵانی خەڵک ڕەوشتێکی دیمۆکڕاتیک و ئازادیخوازانەی هەبوو و کچان و ژنانی کورد شان بە شانی پیاوان دەنگی ئازادیخوازانەیان بەرز دەکردەوە.

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی ڕژیمی شایەتی بڕووخێت، لە شارە کوردییەکاندا، لە سەر بنەمای شۆڕای جۆربە جۆری گەڕەکەکان، شۆڕای شار پێک هاتن. ئەم شۆڕایانە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی هێمنانەی خەڵکیان بەڕێوە دەبرد و پاراستنی ڕێک وپێکی کارەکانیان گرتبوە ئەستۆ. ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان – کە تا ئەودەم بە شێوەی نهێنی چالاکییان دەکرد، وردە وردە ئاشکرا بوون و دروشمی سیاسی و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەبردە ناو خەڵک، بە چەشنێک کە لە ڕۆژی ڕووخانی حکوومەتی پادشاییدا، زوربەی شارەکانی کوردستان بە دەست خەڵک و شۆڕای هەڵبژاردەی ئەوانەوە بوو. فەزای سیاسی شارەکانی کوردستان بە تەواوەتی کراوە بوو و هیچ بەربەستێکی نابەجێیان بە سەردا دانەدەسەپێنرا، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنیان بڵاو دەکردەوە و فەزایەکی هاسانگرتن وهاوشانی بە سەر ژینگەی سیاسیدا زاڵ بوو.

دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، دەوڵەتێکی کاتی دەسنێژی ئایەتوڵڵا خومەینی و پەیڕەوی شۆڕای شۆڕشی ئێران هاتە کایەوە- شۆڕایەک کە تێیدا مەلاکان دوەری سەرەکییان دەبینی. ئەندامانی شۆڕا، و تا ڕادەیەکیش دەوڵەتی کاتی، لەوە تووڕە بوون کە وەک بەشەکانی دیکەی ئێران، لە کوردستانیش دەسنیاکانی ئەوان سەرەپەتی کاریان بە دەستەوە نەبوو و لەبیری ئامادەسازیدا بوون بۆ گۆڕینی بارودۆخ لە ناوچەکە.

هەر ئەو ڕاستییە، بوو بە هۆکاری هەڵاییسانی شەڕێک کە لە ڕۆژانی کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ و سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٨ دا شاری سنەی خستە ناو ئاگر و خوێنەوە وکۆژراو و زە رە رو زیانێکی زۆری لێ کەوتەوە. لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە لیژنەیەک نێردرایە سنە، کە پێک هاتبوو لە ئاغایان تاڵەقانی، بەهەشتی، ڕەفسەنجانی و بەنی سەدر؛ هاوکات، وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی کاتییش هاوڕێ لەگەڵ وتەبێژی 'جەمعییەتی کوردانی مەرکەز' و دوو کەسایەتی کوردی دانیشتووی تاران چوون بۆ سنە و ووت وێژێکی جیددییان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ بەڕێوە برد. بە هۆی ڕاوەستانی نوێنەرانی گەلەوە، بەڕێوە بردنی شار کەوتە دەست شۆڕای هەڵبژێرراوی خەڵک و بەم شێوەیە هێمنایەتی باڵی بە سەر شاری سنەدا کێشایەوە.

ڕەنگدانەوەی هەواڵەکانی کوردستان لە سەرانسەری ئێراندا گەلێک بەربڵاو بوو و بوو بە مایەی دڵگەرمی ئازادیخوازان و لایەنگرانی ڕاستەقینەی دیمۆکڕاسی. ڕێکخراوە چالاکەکانی کوردستان ڕێکخستن و تەبلیغاتی خۆیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵک پەرە پێدەدا و هەموو هەوڵی خۆیان لە پێناو پتەو کردنی بنەماکانی دیمۆکراسی خستبوە گەڕ. بە داخەوە مەلایانی حاکم لە تاران کەڵکی خراپیان لەو فەزای هاسانگرتن وهاوشانییە وەرگرت و دەستیان دایە ناردنی هێزی چە کدار بۆ کوردستان و زەمینەیەکی لەباریان بۆ پێکدادانی چەکدارانە لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان پێک هێنا. سەرەڕای هەموو ئەم ئامادەسازییە چەپەڵانە، کوردستان وەک قەڵایەکی پتەوی دیموکراسی و مەشخەڵی بەگڕو تینی ئازادی سەرانسەری ئێران، خۆی دەرخست و کرێکار و خوێندکار و ڕووناکبیر و هونەرمەند دەستە دەستە لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە ڕوویان دەکردە کوردستان، لەوێ نوسراوەکانیان ئازادانە بڵاو دەکردەوە و بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و بە گوشت و پێست بەرهەمی دێمۆکراسیان هەست پێدەکرد.

مەلایانی دەسەڵاتدار لە تاران ئەم بارودۆخەیان پێ قەبووڵ نەدەکرا لە بەر ئەوەی تا ئەودەم ئیتر لە هەموو ئێراندا لە لایەک حیزبوڵڵا کووچە و کۆڵانی قۆرغ کردبوو وهیچ حزب و ڕێکخراوەیەک دەرەتانی خۆپیشاندانی تەنانەت لە ڕادەیەکی بەربەستکراویشدا نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە خومەینی بە هۆی هێنانە گۆڕێی 'وحدت کلمە' وە، لە ڕاستیدا دەرگای دەربڕینی هەر چەشنە بیروبۆچوونێکی داخستبوو و بە ڕاشکاوی دەیگوت 'ئەگەر سی ملیۆن کەس بڵێن بەڵێ، من دەڵێم نا' (ناوەڕۆکی قسەکە). لە بارودۆخێکی ئەوتۆدابوو کە خومەینی و هاودەستەکانی سەرەتایان بۆ هێرشێکی گەورەی سوپایی بۆ سەر کوردستان ئامادە کرد و چاوەڕێی بیانوویەک بوون بۆ ئەوەی پیلانی گڵاوی خۆیان بەڕێوە بەرن.

سەرئەنجام، کۆنەپەرستان ئامادەسازیی سەرەتاییان پێک هێنا و خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا بە شێوەی ڕەسمی 'جیهاد'ی دژ بە کوردستانی ڕاگەیاند. ناوبراو داوای لە هەموو خەڵکێکی موسوڵمان (لایەنگرانی ویلایەتی فەقیە) کرد ئەرکی شەرعی خۆیان- واتە هێرش کردنە سەر کوردستان و هەڵکەندنی

'ئەساسی کفر و ئیلحاد' ، بەجێ بهێنن.

مستەفا چەمران - پەروەردەکراوی ڕێکخراوەی ئەمەلی لوبنان، هاوڕێ لەگەڵ ئایەتوڵلا خەڵخاڵی جەللاد و سەردەستەی دیکەی تاقمە چەکدارەکانی ڕژیم وەربوونە کوردستان و شەڕێکی تەواوعەیاریان بە سەر خەلکی کوردستاندا – کە زوربەی زۆریان موسوڵمان بوون، دا سەپاند. 'جیهاد'کەرانی هۆگری ویلایەتی فەقیە لە کوردستان تاوانی وایان بەڕێوە برد، کە وێنەی لەجیهاندا کەمتر بینراوە. پاش ئەوەی خومەینی جیهادی ڕاگەیاند ولە پەیوەندی ئەم بڕیارەدا دەستە دەستە پیر ولاویان دایە بەر جوخەی ئێعدام. دوکتۆر، کادیری نەخۆشخانە و بریندراران لەم جینایەتانە جیاواز دانەنران. لە نەغەدە بە فەرمانی مەلا حەسەنی و زەهیرنەژاد، گوندی قارنا و قەلاتان قەتلی عام کران، و هاوکات لە زیندانی تەورێز دەیان زیندانی کوردیان شەوانە بە بێ هیچ موحاکەمەیەک ئیعدام کرد. شەپۆلی کوشت وبڕوجینایاتی دژی ئینسانی ڕژیم وردە وردە هەموو کوردستانی گرتەوە، پاسدارانی ڕژیم هەزاران مرۆڤی بێ تاوانیان بە بێ سڵ کردنەوە کوشت و هەموو ئەو جینایەتانەی وا خۆیان کردبوویان لە کتێبی وانەی قوتابخانەکاندا بە حیسابی گەلی مەزڵوومی کورد نووسی و دەرخواردی قوتابییەکان دا، بۆ ئەوەی زیاتر تووی ڕق و دووبەرەکی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بچێنن.

## گەلۆ هەڵبژاردنی ڕێکەوتی ٢٨ ی گەلاوێژ بۆ ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان بە هەڵکەوت بوو؟

کۆدیتای ئیمپریالیستی ئەمریکا و ئینگلیز دژ بە دەوڵەتی یاسایی موسەددیق لە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دا بەڕێوە چوو و ئەو ڕۆژە لە مێژووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێراندا وەک 'ڕۆژێکی نگریس' تۆمار کراوە و هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژەش بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان لە لایەن خومەینییەوە بە هەڵکەوت نەبوو. خومەینی بە زانیارییەوە و بە ئاگاداری لە چۆنایەتی کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەو ڕۆژەی بۆ ڕاگەیاندنی 'جیهاد' دژ بە گەلی کوردستان هەڵبژارد. بۆ مەگەر ئەوە نەبوو کە کودیتاکە ی بە 'شە پڵاخە یّە کی خودایی لە بناگوێی موسەددیق' (ناوەرۆکی قسەکە) ناو بردبوو وئەو ڕووداوە نگریسەی بە زانیارییەوە تەقدیس کردبوو؟ بەڵی، خومەینی ئەو ڕۆژە شوومەی بە ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بە کوردستان ژیاندەوە و لە ئەنجامدا، گەلی کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ دا دوو جار برانە کوشتارگە. لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی 'جیهاد' ەوە تا ئێستا، حە فتە نەبووە لاوانی خەباتگێڕی کورد لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانیان بەخت نەکردبێت یان لە لایەن بێدادگە ئیسلامییەکانەوە ناجوامێرانە ئیعدام نەکرابن، یا خود بەکرێگیراوانی ڕژیم لە دەرەوەی وولات، بە تایبەت لە کوردستانی عیراق، تیرۆریان نەکردبێتن. ترۆری یەک بەدوای یەکی ڕووناکبیر و ڕێبەرانی سیاسی گەلی کورد، نموونەی ڕوون و لەبیر نەچووی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەن و قەراری دادگای میکونوس بۆ مەحکوم کردنی ڕێبەرانی پلەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی شایەدی ئەو ڕاستییەن.

ئێمە- ئەوانەی وا ئەم ڕاگەیاندنەمان واژۆ کردووە، بە هەستی بەرپرسیایەتی و بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری هەزاران مرۆڤی کورد کە بوونەتە قوربانی دەستدرێژییەکانی ڕژیمی دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ئێران، خەڵکی جیهان و خاوەنی ویژدانی بەخەبەر لەم ڕاستییانە ئاگادار دەکەینەوە و بۆ ئەوەی بیرەوەری تاڵی ئەم جینایەتانە لە بیر نەچێت، پێشنیار دەکەین کە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە کوردستان ڕابگەیێنرێت.

پێشنیاز دەکەین ئەمساڵ و هەموو ساڵێک لە سەعات ١٢ ی ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ (بە کاتی ئێران) دا، خەڵکی کوردستان بە کرێکار، جوتیار، فەرمانبەری ئیدارات و ڕێکخراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکان و هەموو توێژەکانی دیکەوە، لە هەرکوێیەکی جیهان بوون، دەست لە کار بکێشنەوە و دوودەقیقە بێدەنگی ڕابگرن. پاشان بۆ دانانی گوڵ، بچنە سەر گڵکۆی ئەوانەی وا لە ڕێگەی ئازادیدا گیانیان بەخت کردووە و هەروەها بچنە چاوپێکەوتنی بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و بەم شێوەیە، یادی هەموو گیان بە خت کردووانی ڕێگای ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان زیندوو ڕابگرن.

ئێمە لە گەلانی ئێران وهەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چالاک و ڕاگەیاندنە گشتییەکان دەخوازین دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە و ئەم هەنگاوە پەسند بکەن و لە خەلک و لایەنگرەکانیان بخوازن کە هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان، ئەم ڕێزگرتنە، لە ڕێگەی دوو دەقیقە بێدەنگی یەوە، بەڕێوە بەرن.

ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهان! ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ! ویژدانە بەخەبەرەکان! مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز! ئێوە لەڕێگەی پشتگیریکردنی ئەم بزووتنەوەی نارەزایی دەربڕینەوە، خۆتان لە تەنیشت گەلێکی مەزڵوومدا دەبیننەوە کە دەیان ساڵە بۆتە قوربانی دەستدرێژی و هەموو چەشنە جینایەتێکی دیکەی دژی مرۆڤایەتی لە ئێران. خەڵکی کوردستانیش وەک گەلانی تر مافی ئەوەیان هەیە لەو مافە ناسراوانەی وا لە جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ومەنشوری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون کەڵک وەربگرن. هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ماتەمینی گشتیدا، دەری بخەن کە مافەکانی مرۆڤ دەکرێت و دەبیت سەرانسەری جیهان و هەموو نەتەوەکان بگرێتەوە.

### خاوەن ئیمزاکان:

صارم الدین صادق وزیری، باقر مونمینی، دوکتۆرحوسەین خەلیقی، هاشم کەریمی، غەنی بلووریان، عەزیز مامڵێ، ئەنوەر سۆڵتانی، یۆسف ئەردەلان، دوکتۆر سوهەیلا

قادری، نەجمەددین غوڵامی، ناسر ڕەزازی، ڕەشید فەیزنەژاد، کاڵێ ئاتەشی، ناهید بەهمەنی، دوکتۆرمحەممەد ڕەحیمی، عەلی میهرپەروەر، دوکتۆرکامران ئەمین ئاوە، ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، ئێران نەسیمی، گەلاوێژ حەیدەری، زبێدە (زبێ) زەبیحی، مەلەکە مستەفا سوڵتانی، جەمیل محەممەدی (جەمیل نەوەرە)، جەعفەر تیکانتەپە، سیامەند موعینی، هوشەنگ خەتمی، ئاسۆ ساڵح، شەهلا دەبباغی، سەدیقە نەبەوی، عەتیە میعمارپوور، شەیدا میعمارپوور، خەلیل حەواری نەسەب، حەسەن دەرزی، مەعرووف کەعبی، مستەفا مودەڕڕیسی، عەبدولعەلی سەنجابی، ئازاد سەقزی، نادر فەتحی، کەریم دانشیار، ئەحمەد بەهرامی، ئیبراهیم فەرشی، ڕەحیم بەهرام زادە، ئەمیرقازی، جەمعییەتی کوردانی دانیشتووی فەڕەنسە، سیروان کاوسی، ماناز قورئانی، محەممەد ئەحمەدیان، سورەیا باباحاجیانی،

سەرچاوە : ماڵپەری ئەمڕۆ

## راگەیەندراوی سازمانی خەبات بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری سەرەتای قۆناغێکی تاڵ و پڕ ئازارە کە گەلی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتداری ڕژیمی خومەینی تووشی هات. ٢٨ی گەلاوێژ ئەو ڕۆژە ....

شوومەیە کە فەرمانی جیهاد دژی گەلی کوردی تێدا دەرکرا و خومەینی جینایەتکار فەرمانی بە هێزە درندەکانیدا هێرش بەرنە سەر کوردستان و لە ماڵ و ناموس و گیانی هاوەلاتیانی کورد و هیچ جینایەتێک دەست نەپارێزن.

لەکاتێکدا کورد دەیهەویست لە ڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەری کێشەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیم بکات روی راستەقینەی دەسەڵات بە دەرکردنی ئەو فەرمانە درندانەیە بۆ گەلی کورد ئاشکرا بوو. هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی بنەما ئیدئۆلۆژییە دواکەوتوەکانی ئەو دەسەلاتە دژی مرۆڤە هەر جۆرە هەولێک بۆ چارەسەری ئاشتیانە، لەلایەن دەسەڵاتەوە شکستی پێهێندرا و تەنانەت هەوڵی کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی ئەو گەلە لە ڕێگەی ئاسن و ئاور و باروت درایەوە و وەڵامی خومەینی بۆ داوا ڕەواکانی کورد سرینەوەی یەکجاری ئەو گەلە بوو. لەدوای ئەو هێرشە، خەڵکی کوردستان خۆراگرییێکی کەم وێنەی مێژوویيان بەرێوە برد و لە ڕێگەی جۆراوجۆر بەرپرچی ئەو حوکم وهێرشە درندانەیان دایەوە، بەڵام سەرەرای ئەوەش بەداخەوە دەرئەنجامی ئەو شەڕە داسەپاوە کارەساتێکی هەژێنەری مرۆیی بوو کە تێیدا بە سەدان ژن و منداڵ و گەنج و پیری کورد لە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستان بوونە قوربانی و شەهیدکران.

لەماوەی هێرشی هێزە بەکرێگیراوەکان بۆکوردستان و لەو قۆناغە سەختە دا پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە ژێر رێبەرایەتی مامۆستا سەیید جەلالی حوسەینی خۆراگری وقارەمانی کەم وێنەیان ئەنجامدا بەتایبەت لە تێکشاندی هێزی گاردی جاویدان (سپای قودس) وانەیێکی کەم وێنەیان بە دەسەڵاتداراندا و لەدوای ئەو جەنگە کەم وێنەیە خومەینی ناچاربوو لە رادیۆ تاران بڵێ "خەڵکی کوردستان من دەنگی ئێوەم بیست" و سەرلەنوێ بانگەشەی فریوکارانەی دیاڵوگ و چارەسەری ئاشتیانە بەرز بکاتەوە.

بێ گومان بە تێپەرینی ٣٤ساڵ بەسەر ئەو کارەسات و سەردەمەدا، قورسایی ئەو فەتوا درندانەی خومەینی لەسەر شان و ژیانی خەڵک ماوە و بە ڕێگەی جۆراوجۆر لەلایەن کاربەدەستانی ڕژیمەوە تا ئێستاش کاری پێدەکرێ. هەر لەو چوارچیوەدا ٣٤ ساڵە کوردستان لە ڕێگەی فشارە ئابووری و سیاسی و ئەمنیەتی و پەرەدان بە خەسارە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن دەسەلاتەوە ئەوفەتوایەی لەراست بەرێوە دەچێ. باوەر بەوەی کە دەسەڵات بە گۆرینی مۆرەکانی لەراست خەڵکی کورد گۆرانی بەسەر دا بێ خەیالێکی دوور لە راستی و چەواشەکارانەیە. تەنیا ڕێگەی کۆتایی و هەڵوەشانەوەی ئەو فەتوایە و رزگاری خەڵکی کورد لەدەست مەینەتی و بێ بەشیەکانی دەسەڵات نەمانی ئەو دەسەڵات و سیستەمە و جێگرکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک و خەڵکیە.

جێگەی دڵخۆشیە کە خەڵکی کوردستان بە ئیرادەیێکی قایم بۆ گۆرانی دۆخی هەنووکەیی لەسەرانسەری کوردستان تێ دەکۆشن و سەرەرای بەرەوسەر بردنی فشارە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان خەڵک زیاتر پێ لەسەر مافەکانیان دادەگرنەوە و ووشیارییەکی سیاسی بەربڵاو لە ئاستی کوردستان بەرچاو دەکەوێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەساڵیادی فەرمانی دزێوی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان سڵاو و درود دەنێرێ بۆ روحی پاکی شەهیدان و دووپاتی دەکاتەوە کە باش بوونی دۆخی گەلی کورد بە مانەوەی ئەو دەسەڵاتە هەرگیز وەدی نایە و تەنیا چارەسەر هەوڵ و خەباتی هەمەلایەنە و هاوخەباتی لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران بۆ نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتە نارەوایە لە وەلاتی ئێرانە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کومیتەی ناوەندی

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٢

سەرچاوە : ماڵپەری خەباتی کوردستانی ئێران / ڕێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا چ بکرێت؟ چ ناوێک بۆ ئەو رۆژە دیاری بکرێت؟



**بەیان - راپۆرتی تایبەت** :لە بەرەبەری هاتنی ٢٨ی گەلاوێژداین. ٢٨ی گەلاویژی رۆژی دەرکردنی فتوای خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر رۆژهەڵاتی کوردستانە. سێ دەیە لەمەوپیش خومەینی بە دەرکردنی فتوایەک فەرمانی کوشتنی خەلکی کوردی لە ئێران دەرکرد.

پاش سێ دەیە لەو کارەساتە هەتاکوو ئیستاش لای کوردەکان یادکردنەوەی پێویستی بۆ نەکراوەو وەک رۆژێکی کارەساتباریش یادی ناکەنەوە.

سایتی بەیان لە گەڵ بەرزراگرتنی بە گژداچوونەوەی کورد بەرامبەر بە فتواکەی خومەینی دەپرسێت پێویستە لەم رۆژەدا چ بکرێت و چ ناوێک بۆ ئەو رۆژە دیاری بکرێت؟

. رۆژی ماتەمینی کوردستان ؟

رۆژی خۆراگریو بەرەنگابوونەوە ؟

تو پێتوایە چ ناوێک بۆ رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ هەلبژێردرێت باشترە؟

لە لایان ماڵپەڕی "بەیان"ەوە ئەم پرسیارانە ئاراستەی کۆمەڵێک لە نووسەر، مێژوونووس و سیاسەتوان، شاعیر و رۆژنامەنووسی رۆژهەڵاتی کوردستان کراون و لە خوارەوە دەقی راو بۆچوونیان بەرامبەر بەو رۆژە بخوێننەوە.

**ناسر ئێرانپوور** :پێویستە ئەم رۆژەبکرێتە هێمای و نمادی شەڕخوازی و دژایەتی خومەینی و رژیمەکەی لە گەڵ گەلی کورد .

دەپرسن: چ ناوێک بۆ ئەورۆژە دیاری بکرێت: رۆژی ماتەمینی کوردستان یان رۆژی خۆراگری و بەرەنگاربوونەوە؟

لەگەڵ ناوزەدکردنی ئەم رۆژە وەک رۆژی "ماتەمینی" نیم. ئەم وشەیە بۆنی ئاپینی لێدێ و ناتەبایە لەگەڵ ئەم هێرشە بەرفراوانە. رەنگە "رۆژیشەرفرۆشی حکومەتی ئیسلامی بە کورد" دیاری بکردرێ، باشتر بێ. ئەگەر قەراروایە رۆژێکی ماتەمینی دیاری بکەین، ئەوە باشتر رۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو وەک ئەم رۆژە دیاری بکەن.

**بێهزاد خۆشحاڵی** :رۆژی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان گونجاوترین ناوە بۆ رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ .

بە رای من ئەگەر بتوانین کۆدەنگییەک لە نێوان یاساناس و پارێزەرانی مافی مرۆڤ پێک بێنین و لەو رۆژە کە سەرکوتی خەڵکی کوردستان دەست پێدەکات هەتاکوو ١١ی خەرمانان کە ساڵرۆژی کۆمەڵکوژی قارنێیە وەک دۆسیە" جینایەتی دژ بە بەشەرییەت بکەین بە سەنەدی جینایەتی کۆماری ئیسلامی" و "وەک بەڵگەنامەی حقوقی جینایی دژ بە مرۆڤ" ئەتوانین بەڵگەیەکی مێژوویی – یاسایی بۆ ئەو جینایەتە بخوڵقێنین و ئیتر ئیجازە نەدەین هەر حکوومەتێک هەلسێ و ئۆپراسیۆنی بە کۆمەڵ کوشتنی کورد لە مێشک و کردەوەیدا بخاتە دەستووری کارییەوە .



**جەمال نەجاری** :ئەوەی کە تا ئێستا کراوە لە قەدەر مەزنی ئەو کارەساتە مێژوویە نییە کە بەسەر گەلی کورد هاتووە سەرەتا سپاس بۆ ئێوە کە گرنگی و بایەختان بە مەسەلەی فتوای جیهاد دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان داوە و ئومێد دەکەم هەموو میدیاکانی دیکەش بە بایەخەوە سەیری ئەم کۆمەڵکوژییە بکەن کە سی و چەند ساڵێک لەو پێش بە فەرمانی خومەینی دیکتاتۆر بە سەر گەلەماندا سەپێدرا.

٢٨ ی گەلاوێژ یادکردنەوەیەکی تاڵە بۆ گەلی کورد و پەڵەیەکی رەشە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران و رێبەرەکانی، ئەم فەرمایە کە خۆی بە فتوایەکی شەرعی پێناسە دەکرد بە ناوی کۆمارێکی ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەر کار و لە لایەن دامەزرێنەری ئەم کۆمارەوە فەرمانی جێبەجێکردنی درا سەرەتایەک بوو بۆ شەڕێکی دژخایەن لە گەڵ گەلی کورد لە رۆژهەڵات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەم گەلە چەوساوەیە کە هەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە بە دەستی پێشەوای نەمر قازی محەمەد خەباتی دەست پێکردبوو، بۆیە رێبەری کۆماری ئیسلامی بەم فتوایە شەڕ لەگەڵ کورد و بزووتنەوەکەی بە حەلال و شەرعی لەقەلەمدا و بە دەرکردنی ئەم فەرمانەش کوردستان جارێکیتر داگیرکرایەوە و ئەم داگیرکارییە هەتا ئێستاش بەردەوامە و لە ئەنجامی ئەو داگیرکارییەدا کوشت و کوشتارێکی بێرەحمانە لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەرێخرا و بە هەزاران خەلکی بێتاوان بوونە قوربانی و ئازدیخوازانی کورد لە سێدارە دران و کۆمەڵکووژی و رەشە کوژی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، پۆل پۆل لاوان لە شارەکانی کوردستان ئیعدام دەکران و شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر گەلی کورد دا سەپا و شار و دێهاتەکانی کوردستانی گرتەوە

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە کوردستانی داگیر کرد و بە تەواوی ملیتاریزەی کرد، حیزبەکانی لە شارەکان وەدەرنا و دەستی بە سەر ناوچەی کوردستان و سامان نەتەوەییەکەیدا گرت، ئەوان بە کوشتاری بێرەحمانەی خەڵک لە گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان ئەو پەڕی جینایاتی خۆیان نیشاندا کە تیایدا بەزەییان بە ژن و منداڵ نەهاتەوە و حورمەتی مزگەوتیان شکاند و قورئانیان سووتاند، ئەمە جگە لە ژینوساید و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد ناکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لەسەردا بنێن، شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە و کوشتاری خەڵکی ئەم شارە و لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مهاباد و جینایەتەکانی خەڵخاڵی

هەموویان باس و لێدانەوەی زۆر هەڵدەگرت و لەم دەرفەتە کورتە ناکرێ قسەیان لەبارەوە بکەین.

بەلام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە لە پاش ئەو سی و چەند ساڵەدا گەلی کورد و حزبەکانی رۆژهەلات بەداخەوە بایەخیان بە مەسەلەی جیهاد دژی گەلی کورد نەداوە و هەموو ساڵێ لە کاتی یادکردنەوەکەیدا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک باسەکە کۆتایی پێ هێناوە. ئەگەر گەلی کورد لە رۆژهەڵات ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا دەچەوسێتەوە و توانای دەنگ هەڵبڕینی نییە، خۆ حیزبەکان ئازادن و دەتوانن لە میدیاکانی خۆیان و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا شروڤە و لێدانەوەیان بۆ کوشتاری گەلی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژ هەبێت؟ ئەوەی کە تا ئێستا کراوە لە قەدەر مەزنی ئەو کارەساتە مێژوویە نییە کە بەسەر گەلی کورد هاتووە، دەبوایە وەک گەلی جوولە کە کارەساتی هۆلۆکاست یان بە هەموو دونیا ناساند فیلم و دیکۆمێنت و شانۆیان لەسەر کردو شیعر و چیرۆک و رۆمانیان لەسەر نووسی، با ئێمەش بەمجۆرە لەسەر کارەساتی ٢٨ی گەلاوێژ بدوێین و بابەتی لەسەر بنووسین و بە نەوەی نوێی نیشان بدەین کە کۆماری جینایەتی ئیسلامی چی بەسەر گەلی کورد هێناوە. با حیزبەکان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، با پتر لە سەر ئەو رووداوە تاڵانە ورد ببنەوە با چیت بەیاننامە دەرنەکەن، پێویستە حیزبەکان واز لە دووبەرەکی و دژایەتی یەکتری بێنن و بە هاودەنگی و هاوهەڵوێستی دۆزی گەلەکەیان بەرەو پێشەوە ببەن.




پێویستە لە ساڵەوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژدا ئەوەی لەدەستمان دێ بۆ ناساندنی جینایەتەکانی رژێمی کۆمەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بیکەین، هەر کەس چی لەدەست دێ بیکا، نارەزایی خۆمان دەربڕین دژ بەم تاوانە دژە گەلییە، مەرج نییە نارەزایی دەربڕینی هەمووما وەک یەک بێ، گرنگ ئەوەیە ئەم مەسەلەیە بە تاوانێکی مەزن بزانین و بۆ ناساندنی هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە.

ئێمە وەک کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەوان بۆ ئەمساڵ کەمپەینێکمان وەگەڕ خستووە بۆ ٢٨ی گەلاوێژ بە ناوی " حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" و پێمان وایە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دا جارێکیت رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دەرکردنی فتوایەک داگیر کرایەوە و پێویستە کۆتایی بەم داگیرکارییە بهێدرێت .

ئەوەی کە چ ناوێک بەو یادکردنەوەی ئەم رۆژە دابندرێت دەگەرێتەوە سەر هەست و شعووری تاکەکانی کۆمەڵگە کە چۆن لەم ڕووداوە دەڕوانن، هەموو ئەو ناوانەی ئێوە پێشنیارتان کردووە لە جیی خۆیانن و دەکرێ بە رۆژی ماتەمینی کوردستان و رۆژی خۆراگری و بەرەنگابوونەوەی لەسەر دابندرێت بەڵام ئێمە لە کەمپەینی " حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" بەو قەناعەتە گەیشتووین کە دەبێ کۆتایی بە داگیرکاری سیاسی و کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بهێندرێت و بهێڵن خەڵکی کوردستان لە ئازادی سیاسی و ئازادی و کۆمەڵایەتی و کلتووریدا ژیان بکات و شتی بەسەردا نەسەپێنن.

ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین تۆ زیاتر ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران لە کوردستان و لەسەر ئەو باوەڕەین بە هاودەنگی و هاوهەڵوێستی دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. کورد دەبێ هاودەنگ و هاوهەڵوێست پێ لەسەر مافی رەوای خۆی دابگریت کە ئەویش مافی هەیە وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە کیانی سیاسی خۆی هەبێت و خۆی بەرێوەبەری وڵاتی خۆی بێت، با کۆتایی بە داگیرکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بێنین و هاو دەنگ و هاوڕا بۆ گەیشتن بە ئامانج بە یەکەوە هەنگاو باوێین.



**محەمەد حەکیمی** :رۆژی ٢٨ی گەڵاوێژ بە بروای من هیچ کاتێک رۆژی ماتەم و شین نیە

رۆژی ٢٨ی گەڵاوێژ رۆژی بەرنگاری و شۆرش و خۆراگری گەڵی کوردە بە دژی یەکێک لە دیکتاتۆرترین و خوێنرێژترین مرۆڤەکانی سەر زەویە، کە لە ژێر ناوی خوا و ئاییندا فەتوای هێرش بۆ سەر کوردستانیا دەرکرد و فەرمانی جیهادی بە دژی گەڵێ کورد ەرکرد و دەستووریدا کە لە زەوی و ئاسمان و بەحرەوە هێرش بکەنە سەر کوردستان

بەرێزان منیش لە گەڵ ئەوەدام کە بەراستی هیچی وا بۆ ئەو رۆژە نەکراوە و دەبوا ئەو رۆژە وەکوو رۆژی خۆراگری گەڵی کورد و هەروەها کلە دەرەوەش وەکوو کۆمەڵکۆژی بە جیهان بناسیندراێت بەڵام بەداخەوە لایەنە سیاسیەکانی ئێمە بە هیچ شێوەێک گوێ بەو شتانە نادەن و نەیانداوە و ئەمەش کارەساتە کە رێبەری گەڵی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات گوێ بەم مێژووە گرنگانە نادات

بە سپاسەوە بۆ ئێوەی ئازیز من پێشنیار دەکەم وەکوو رۆژی خۆڕاگەی و بەرنگاربوونەوە بناسێنرێت زۆر باشترە، چۆنکا گەڵی کورد تا ئەمرۆکەش هەر خەریکی موبارزە و خۆراگرییە نلە بەرامبەر دەسەڵاتێکی نگریش و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییدا..

**سۆران پاڵانی** :من پێم وایە دەبیت زیان و زەرەرەکانی ئەو کارەساتە گەورەیە کە لە راستیدا کەورەترین و درندەترین کارەسات لە هاتنە سەر کاری رژێمی تازە بە

دەسڵات کەیشتووی کۆماری ئیسلامی بە پێی زمارو ئـامرێکی زانستیانەو راست دروست و بە شیوەی دیکۆمنتی ئەرشیف بکرێت و بەربەرەکـانی و خـۆراگری و نوانـدنی داستانە قارەمانەکانی ئەو کارەسات و شەرە نەخوازراوە کە نـاوی فتـوای جیهـادی لێنـا خەمەینـی بکـرێتە دەرس و چەنـدین لیکۆلینەوەی لە سـەر بکـرێ و بـۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو وەک وانە و بەشێک لە مێژووی درندەی داگیر کەران و بەشێکی بێوێنە لە خۆراگری نەتەوەیەک لە بیری نەکەن و سودی لیوەرگرن

دەبیت لەم رۆژەدا هەموو ساڵێک تێکرای نەتەوەی کـورد بە هەموو بیرو باوەریەکـانەوە لە هەر کـوێیەکی ئەمدنیا هەن بە هـر جۆرێک کە بۆیـان دەکـرێ یـاد لەم رۆژە بگرن و بە تـایبەت ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نـاوەندەکانی پشتیوانی لە میللەتـانی بندەست بە شیوەی تەواوی لەم کارەسـاتە ئـاگـادار بکەنەوە بـۆ ئەوەی بتـوانین ئەم کارەساتەی کە سی ساڵ زیتری بە سەر دا تێدەپەری وەکو جینۆساید دژی نەتەوەیەک لە ناوەندە نێو دەوڵەتیەکاندا بناسری

من پـێ وایە ئەم رۆژە رۆژی خۆراگـۆری و بەرنگـاربوونەوە و خولّقانـدنی داستانی بێـوینەیە لە مێـژووی نەتەوەکەمانـدا کە دەبێـت بە شتنازیەکی گەروره لە مێـژوودا بینووسینەوەو رێزی لێبگرین

سڵاو لە شەهیدانی قارەمانی و بەشدارانی بریاردەری رۆژی بەرەنگاربوونەوەو خۆراگری خەڵکی کوردستان

ئەمجەد حسێن پەناهی :گە لی کورد لە کوردستانی بندە ستی




ئێران یە کیک لـە و نـە تـە وانـە بـووە کـە مێژووێکـی دوروو درێژی لە خە بات بۆ سە ر بە خۆیی و بە دیهاتنی مافە رە واکانی خۆی هە یە لە م مێژووە پڕ لـە هە ورازوو نێشێوە دا زۆر روداوی تاڵ و ناخۆشی بە خۆیە وە بینیوە یە کێک لە و ڕوداوانە کە بە دوای راپە رینە گشتیە کە یّ خە لکی ئێران بە گشتی دژ بە رژیمی پاشایە تی ۲۸ی گە لاوێژە کە دوای دە رکردنی فە رمانی هێرش بۆ سە ر کوردستان لە لایە ن خۆمە ینیە وە بو کە ئە م شە رە لە ناو کۆرو کۆمە لی کوردە واریدا بـە شـە ری ۳مانگـە ناسـراوە . لـە شکە ر کێشـی بـۆ سـە ر کوردستان بۆ بە قولی خۆیان دە رکردنی هێزی پێشمە رگە لە کوردستان کە پیان وابۆ ئە توانن گە لی کورد بێدە نگ بکە ن لە بە رانبە ر خاستە کانیدا بە لام گە لی کورد بە یە ک دە نگ و یە ک هە لوێست بە رە نگاری ئە م شە رە بوە وە لە پە ناێ ئە مە یشدا دە رسێکی مێژوویی بۆ نە وە کانی دوای خۆیان تومار کرد ئە م ئە زموونە مێژوویە کە ئێستا هە موومان شانازی پێوە دە کە ین دە بێت بیکە ین بە نموونە بۆ یە کرێـزی ئێستامان و داهـاتویش . بە ڕایّ من دە بێت لە م رۆژە دا خە لکی کوردستان بە گشتی هە موو هێزە سیاسیە کان بە هە ر جیاوازیکی فکری کە هە یانە ئە م رۆژە بکە ن بە رۆژی خۆراگری و بە رخۆدان دژ بە داگیرکە رانی کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەری بەیان / رێکەوتی : ۱۷ی ئاگۆستی ۲۰۱۱

## بە مەبەستی مانگرتنی گشتی لە یادی ۳۲ ساڵەی فەتوای خومەینی لە دژی نەتەوەکەمان

بانگەوازی هاوپەیمانی ستراتێژیکی رۆژهەلاتی کوردستان

بە مەبەستی مانگرتنی گشتی لە یادی ۳۲ ساڵەی فەتوای خومەینی لە دژی نەتەوەکەمان

گەلی وڵات داگیرکراوی کوردستان

کچان و کوڕانی نەتەوە خواز

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

کۆڕ و کومەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان و ئێران و کوردستان

بە بۆنەی تێپەڕبونی ٣٢ ساڵ بەسەر فەتوای جیهادی خومەینی رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی گەلی ئازادیخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و قوربانی بوونی هەزاران کەس لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان ،بە مەبەستی تێکشکانی ئیرادەی نەتەوەیی و سەرکوتی هەمەلایەنە ؛

هاوپەیمانی ستراتیژی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگەی ئەم راگەیەنراوە وە بانگەوازی مانگرتنی گشتی ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات و داواکارین کە لە ٢٨ی گەلاوێژ دا خەڵکی بە ئەمەگی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی ئەم کارەساتە لە بیر نەکراوە، ئەم چەن خاڵە پێشنیارکراوەی هاوپەیمانیەکەمان رچاو بکەن؛

١- لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دا وێڕای داخستنی دوکان و بازارەکان لە چوونە دەر خۆ ببوێرن.

٢- لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژەوە تا ٣ی خەرمانان ببێتە حەفتەی بەرنگاری لە دژی داگیرکاری رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٣- داواکارین لە خەلکی کوردستان سەعاتی ٩ی شەوی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ ماوەی ٥ خولەک(دەقیقە) گڵۆپ و رووناکایی ماڵەکانیان بکوژێننەوە.

٤- هەر لەم راگەیاندراوە دا ، داواکارین لە سەرجەم حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دەرکردنی راگەیاندنێکی هاوبەش هاوئاهەنگ لەگەڵ بانگەوازی هاوپەیمانیەکەمان داوای مانگرتنی گشتی بکەن لە کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان.

ناوەندی راگەیاندنی

"هاوپەیمانی ستراتیژی"

یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

پارتی لیبراڵ دیمکراتی کوردستان

پارتی ئازادی و دیموکراسی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری پینوسەکان / رێکەوتی : ١٥ی ئاب (ئاگۆست)ی ٢٠١١

## فەتوای ئیمام خۆمەینی؛ سەرچاوە، پاڵپشت، کارتێکەریو روانگەی ئێمڕۆی مریدەکانی



سدێق بابایی

زۆرێک لە خەڵکی کوردستان پاش تێپەڕ بوونی ٣١ ساڵ هێشتار ناتوانن ئاسەواری مەینەتبار و نەپساوەی فەرمانی ئیمام خۆمەینی[!] و ڕەنگدانەوەکانی لە گۆشە گۆشەی ژیانی رۆژانەیان دا هەست پێ نەکەن . ئەم ئاسەوارانە هەموو کاتێک لە هەناسەی ساردی دایک و بابی ڕەش پۆشی جگەرگۆشە کوژراو، بێوە ژنی مێرد لە سێدارە هەڵواسراو ،لاوان و بگرە پیاوو ژنانی تەمەن ٣١ساڵ کە ئێستاکەش ئاوات و ئارەزووی پڕ لە ئازاری لە دڵ قەتیس ماویان بۆ دیتنی باوکی هیچ کات نەدیتوویان بە حسرەتەوە دڵ – یان دەگوشێ خۆ دەنوێنن .

کاردانەوی زیانباری رۆحی ، دژوارتر کردنی ژیان لە هەر بوارێکدا چ سیاسی یان ئابووری[وەدەرنان و لێ ئەستاندەوەی پلە و پێگەی کەسب و کار، بەربەست کردنی تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی بژێوی خاوو خێزان ] ، بێ رێزی و بیانوو پێگرتن بە مەبەستی بێزارکردن ، بێ بەش کران لە مافی وەک هەڤی لە گەڵ دەرو جیران بە تاوانی دژبەری سیستمی ئێسلامی دەسەڵاتدار "ضد انقلاب" ئەوانە وێرای گوشارە بێ کۆتاییەکانی رۆژانە وەک دوور خستنەوە لە زێد[تەبعید] تا هەر جۆرە دەس درێژیەک لە ناموسیەوە تا تالان و برۆی سەروەت و سامان بە شێوەی جۆرواجۆر هەر وەها رێگری سەفەر لە نێو خۆی وڵات لەم شار بۆ ئەو شار تێکەڵ بە گوشارە پەیتاپەیتاکان بۆ سەر کەسایەتی ئەم خەڵکە بێ بەختە وەک مشتێک لە خەروار خەروار نەهامەتی داسەپاوی ئاسەواری فەتوای رۆح الله خۆمەینی دەژمێردرێ .

ئایا سەرچاوەی ئەم فەرمانە هەڵقوڵاوی سۆز و هەستی بەرپرسایەتی مرۆڤی و بۆ پارێزگاری داد و دادپەروەری بوو؟

ئایەتوڵلا ! خۆمەینی کاتی دەرکردنی فەتواکەی هەم سەرۆکی ئایینی و هەم سەرۆکی متمانە پێ بەخشراوی زۆربەی دانیشتوانی ئێران بوو. ئەگەر پێوانە بۆ رێبەرێکی ئایینی و بەرپرسێک بە پلەی یەکەمی وڵاتێک : رێنوێنی ، ئامۆژگاری ، پەروەردە و یاسامەند کردنی وڵات بۆ ئاسوودەیی سەرجەم دانیشتوانەکەی بێ ، کامە ڕەوشتی ئەم سەرکردە دەتوانێ لەو چوارچێوەدا بگونجێ ؟

زۆر جار بۆ پاساو دانی رۆحی خوێنرێژانەی فەرمانەلە کۆتایی نەهاتوەکەی سەرۆکی ئاییندارانی تاران هەروەها دەسەڵاتداری گشتی وڵات دەست بۆ چەک بردنی کوردان

، مل کەچ نەکردن بۆ بڕیارەکانی ئەم سەرۆکانە و دنە دانی نەیارانی ئەو دیوی سنوور [ وڵاتانی دوور و نزیک ] تاوانبار دەکرێن .

لە ئەگەرێکی ئەوتۆدا ئایا ئەرک و راسپاردەی سەرۆکێکی ئایینی کە خۆی بە نوێنەری داد و عەدڵی خودا لە لایێک و بژاردەی خەڵک بۆ خزمەت و دابین کردنی یەکسانی مافەکانیان لە لایێکیتر ئەوەیە گوێ بداتە داواکار و دابین کردنی ئەرکەکانی بۆ نەهێشتنی نابەرانبەری و ستەم - یان ئەوە بڕیاری کوشتن و پەلاماری بێڕەحمانەی نەهێشتنی داواکاری عەداڵەت بدات ؟ ئایا بە نەهێشتنی جەستەیی و بەرئەنگاری ئەوتۆ واتە بە  لە نێو بردنی مەعلوول عێلەتەکە لە نێو دەچێ ؟

خوێنەری بەڕێز : ڕاستی فەرمانە خوێنبارەکەی ئیمام لە دوو توێ دەفتەری مێژووی ئەم ڕەگەزەدا تۆمار کراوە ؛

٧ی مانگی مارسی ٢٠١٠ لە ڕێگەی تاقیکاری **D .N. I** زانستی ژنێتیک سەرکەوتنی نوێی ئاشکرا کرد .

زانا دۆکتۆر سڤانتە **svante** لە یەکەی مرۆڤ ناسی – بواری گەشەسەندن لە ناوەندی ماکس پلانک **Max planck** [ لایپزیک- ئاڵمان ] وتی :

" نئاندرتاڵ – ە کان بە تەواوەتی لە نێو نەچوون . بەشێکی کەم لەوان لە هێندێک لە ئێمەدا (مرۆڤ) زیندوو ماون".

ئەوە ئاکامی لێکۆڵینەوەی چوار ساڵ بە ڕێبەری ناوەندی ماکس پلانک و بەشداری چەندین زانکۆ لە جیهان دایە. دەسکەوتەکە هەڵگری ، دی، ئێن ئەی [**D.N.I** ] هەڵێنجراو لە ئێسکەکانی کەلە سەری سێ نێئاندر تاڵ [ مرۆڤی سەرەتایی ] وە دۆزراو لە ئەشکەوتی (ویندیا – کرۆواسی) دەست خراوە.

تاقیکاریەکان لە مەڕ ژن " تا ئەو جێگایە پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیتوە ، سەردەمی دوورو درێژی پەیدا بوونی گیاندارێکی دڕندەی وەک بەبر [ بەور ] دەس نیشان دەکات .

زانستی ژنتیک یەک لە لقەکانی زانستی ژیاری دەژمێردرێ کە بە هۆی یاسا (بنەما) و نێوەرۆک وەک هەڤی یا نیشانەکانی وەک هەڤی دوو بوونەور لە ڕابردوو و ئێستا ئاگادارمان دەکا.

ژنتیکی پزشکی : زانستی گواستنەوەی تایبەتمەندی و خۆو خدەی کەسێک بە کەسێک یان نەسڵێک بە نەسڵێکی تر بە ناوی ژنتیکی ئێنسانی دەخاتە بەر دەست و لە ڕاستیە نەزانراوەکان ئاگادارمان دەکا تا ئێمە بتوانین بە ڕگ و ڕیشەی زۆرێک لە سەرچاوە شاراوەکان لە لەشی مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە شارەزابین .

لە ژێر سێبەری ئەم زانستەدا سەلمێندراوە، ڕەگەزەکان هەر وەک لە سەرەوە باس کرا ڕاگر و ئەمانەتداری گواستنەوەی هەر نەبێ بەشێک چ باش یا ناپەسەند بۆ نەسڵەکانی پاش خۆیانن.

مەبەست لە ئاماژە بە ئەم کورتە هەواڵە لە دەسکەوتی زانستی مرۆڤ ناسی ئاوڕدانەوە لە جەوهەر ، زات و سەرووچاوەی هەڵسوکەوتەکان بەرانبەر بە هەڤدوو ، بە ناخدا چوون و وردبوونەوە لە ڕەگ و ڕیشەی خۆو خدەی بەربەریانە و سەرهەڵدانەکانی جار نەجارلێرەو لەوێ لە گۆشە جیاوازەکانی ئەم جێهانە بەتایبەت ناوچە کەی ئێمەیە .

سەرهەڵدانەکان زۆرجار توانیویەتی ئاسەواری پڕلە زیانی مەزن بخوڵقێنێ . ئاسارێک کە تاڵی ژیانی دەورانی سەرەتایی و کات بەسەرهاتوو نەبێ چ ئاکامێکی ئەرێنی بۆ مرۆڤایەتی و ئاسایشی گشتی تێدا بەدی ناکرێ . تەنیا دەسکەوتی بەرۆژ کردنی مەیل و حەزی خوێن ڕشتنی سەرلە نوێ ، دڕندەیی و بێ بەزەیی سنوور نەناس بە  پێچەوانەی گەشەو پێشکەوتنە کان ئاکامی بوە.

ئەم تەشەنەکردنە توانیویەتی جارنە جار لە ڕواندا-ی ئافریقا ، ئێران ، عێراق و ئەفغانستان بە جیاوازییکی مەزنتر لە گەڵ دەوروبەر وزە و سامانی مرۆڤی و ئابووری بە  پانتاییکی فراوان هەڵ لووشێ و برینێکی قووڵ لە جەستەی نەتەوە یا نەتەوە گەلێک لە سەر گۆی زەوی بە جێ بهێڵێ .

ئێران یەک لەو وڵاتانەیە هەر نەبێ ڕەگەزێک لە دانیشتوەکانی دەمێکە ڕاستەوخۆ یا ناڕاسەوخۆ دەسەڵاتدارەتی ئێدارەی ناوچەکەیان بۆ خۆیان پاوان کردوە. ئەم ڕەگەزە [فارس] فەخرو شانازی مێژووی تێپەڕکردن لە قۆناغی یاغیگەری ئێنسان و سرنج دان بە جیاکردنەوەی خۆی بۆ لە بەر چاو گرتن و پارێزگاری مافی مرۆڤ لە چەند هەزار ساڵ پێشەوە بە هی خۆی دەزانێ [ بڵاڤۆکی مافی مرۆڤ- کورش هەخامەنشی –مووزەی لەندەن ] !!

ئەگەر لە وەرد دانەوەی پێشووتر گەڕێین و ڕاستیەکانی گۆڕەپانی ژیانی ٣١ ساڵ لە سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئێسلامی بە سەرۆکایەتی تۆرەمەی ئەم ڕەگەزە لە ئێران ڕەچاو کەین ، ناڵیین و هاواری دەیان ملیۆن دانیشتووی جیا ڕەگەز بەرانبەر پێشێل کرانی کەرامەتی ئێنسانی ، نواندنی قاروقینی خوێناوی ڕۆژانە پێچەوانەی ئەو پێناسەیە دەسەلمێنێ .

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی یەک لەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرانەیە کە فەتوا هەرگیز لە بیر نە کراوەکەی ڕۆح الله مووسەوی خۆمەینی لەم ڕۆژانەدا سەرلە نوێ سەرهەڵدانی ڕۆحی بێ بەزەیی بۆ خوێن ڕشتن و بە واتە زانستیەکەی ژیانەوەی خۆو خدە دەوران بەسەرچووەکانی مرۆڤی سەرەتای مێژوو [ نئاندرتاڵ - ە کان ] ی لە دوو توێی فەعال بوونەوەی - ژن و ژنتیکی ئێنسانی لە کرداری نەسڵی سەرەتای هەزارەی سێ لە قەواغی ئێرانی ئێسلامی تۆمار کردەوە.

هەر وەک تاقیکاریە پزشکیەکانی ناوەندی ماکس پلانک ئاماژەی پێکردوە بە پێ ئاکامی **D.N.I** ژن-ی پارێزەری خسڵەتە جۆربە جۆرەکان  توانای خۆحەشاردانی سنوور نەناس و ژیانەوەی لە لەشی ئێنسان پارێزراو دەمێنێ .

فەتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨بۆ پەلاماردانی خەڵک وخاکی کوردستان و کەڵک وەرگرتن لە هەر کەرەسەیێکی مرۆڤی و جەنگی بە مەبەستی قەلاچۆ یان سەرڕێ نەوی کردنی کورد بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی و پان ئێرانیستی لە قەراغ شەرعیەت پێ بەخشین وەک ئەرکی هەر تاکێک بۆ گوێ ڕایەڵی و جێ بە جێ کردنی

فەرمانی وەلی ئەمری مۆسڵمانان[ شێعە ]! ، بەرانبەر داخوازە سەردەمیەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ژیانی ئاسوودە و بەدوور لە نابەرانبەری و کۆیلەتی لە نەفس و نێوەرۆکی خۆیدا درێژەی هەمان سیاسەت و ئاکارە کە گەلی گورد سەدان ساڵە هەر جارە بەشێوە ولە قاڵبێک دا بەرەو ڕووی بوەتەوە .

هەر چەند کورد پێی خۆش نیە بەسەرهاتی تاڵی ڕابردووی دوورو نزیکی خۆی لە پێوەندی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی فەرمانڕەوایانی ئێران و لە بنەڕەت دا ژیانی کوڵە مەرگی خۆی لە تەنیشت یا باشتر بڵێین ژێردەستی بەرادەران فارس ؟! وەرد بداتەوە ، قازانج و زیانەکانی ئەم بە ئێرانی مانەوە هەڵسەنگێنی و زۆر جار لە هەر ئێرانیەک ئێرانیتر ! و لە هەر فارس زمانێک بۆ ئەوان دڵسۆزی و پەرۆشی زیاتری دەربڕیوە ، سەت پەژارە ئاورِی مزوور- یکی وەرزی زستانی بە پێ داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری لێ نەدراوەتەوە.!!

فەتواکەی ئیمامی هێرشکاران ، ڕۆح الله مووسەوی خۆمەینی تەنانەت پاش بەرِێوە چوون ، کوشتار و نواندنی زەبرو زەنگی بەرین لە شێوازی پێشینیانی دەسەڵات خواز لە ئێران جیاوازی پاشکەوتوانەتری لە گەڵ هێرشە هاوشێوەکانی سەدان و هەزاران ساڵ پێشی پێوە دیارە . بۆ وێنە لە سەروەختی دەسەڵاتی بنەماڵەی هەخامەنشی تا سەفەویەکانی هاوبیری ئیمام خۆمەینی! خەڵکی وەبەر پەلامار دراو دەرەتانی ئەوەیان پێ ڕەوا دەبیندرا پاش کۆتایی هێرشەکان ژیانێکی ئازاد تر لە دەورانی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتە ئێسلامیەکەی ئاغای خۆمەینی بۆ خۆیان دابین بکەن . خەڵکی لەو سەردەمانەدا لە زۆر ناوچە و مەڵبەند هەر نەبێ نیوە سەربەخۆیێەک لە بەڕێوە بردنی کارو باریان پێ ڕەوا دەبیندرا.

هەر چەند بە پێوەری گەشەی زانست گونجاو نیە وەزعیەتی کوردستان لە گەڵ ڕابردووی دوور تاوتوێ بکەین ، دیسان بە ئەو پەڕی کەسەرەوە دەر دەکەوێ دەسەڵاتدارەتی ، ئێدارە و ڕێبەری خۆماڵی وێرای تەسلیم کردنی ساڵانەی باج و پیتاکێکی دیاری کراو سەدان ساڵ پێش لە کاتی دەست وێڕا گەیشتنی ئێران بە زانستی پێشکەوتووی تکنیکی سەردەست و ئەتۆم نامرۆڤانەتر نەبوە . دەسەڵاتدارەتی ئێمارەتەکانی کوردستان ، ئیالەت و وێلایەتە سەربە خۆکان هەر لە بادینان تا ئەردەڵان و بابان بۆ خوازیارانی ئاوڕدانەوە لە مێژوو نەشاراوەیە.

نواندنی زەبروزەنگ بە شێوازی بەربەریانەی سەدان و هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لە هەمبەر داخوازی ڕەوا و سەردەمیانەی ماف گەلێک کە لە زۆر وڵاتی دۆنیا بە ئاژەڵی کێوی و خۆماڵی ڕەوا بینراوە تەنیا لە لایەن ڕێبەری ئێسلامی و ئیمامی ئێرانیان !! و چەند تاکێکی ڕێبەری کۆماری ئێسلامیەوە دا نە بەزیوە ، ئاوڕدانەوەیێکی سەرپێی وە بیرمان دەخاتەوە کە زۆرێک لە حێزب و ڕێکخراوە ئێرانیە بە نێو پێشکەوتوەکان کە بۆ ڕزگاری زەحمەت کێشان حەولیان دەدا !!! چەندە لە کێبەرکێ نەوەستاو و هەڵە هەڵ دا بوون تا لە دابەزاندنی نێوەرۆکی فەرمانە خوێنبارەکەی ئاغای خۆمەینی پاش نەکەون ؟! ئەو هەڵوێستانە دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕاستیە ئاشکرا کراوەکانی زانستی : دی ، ئێن، ئەی لە ناوەندی ماکس پلانک کە لە بەشی یەکەمی ئەم نووسراوەدا ئاماژەی پێدرا .

بەرپرسایەتی مێژوویی ئەم ڕێکخراو گەلە بۆ سەقام گیر کردن و ڕیشەئاژۆتنی کۆماری ئێسلامی لە نێو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ئێران ، ڕێکخراو گەلێک کە کرداری نامرۆڤانەیان بۆ ئەوە نابێ بە هاسانی پووش بە سەربکرێ و جارێکیتر دەرەتانی ئەوەیان بدرێتێ قوربانی کردنی خەڵکی مافخواز و و دژبەری ستەم و ستەمگەر وەک پیشەیان بوە بە هەر نێوێک درێژە پێ بدەن . لە کۆتایی ئەم نووسراوەدا گۆشەیێک لە هەڵوێستی ئەم مرۆڤ دۆستانە ! بۆ بیرهێنانەوە دەخرێتە پێش چاوی وەربینی خوێنەر .

هەڵبژاردنی ڕۆژی ۲۸ ی گەلاوێژ [ ۲۸ مرداد ] ساڵرۆژی کودیتای ئامریکایی ئێرانی وەک دەرفەتێک بۆ کەڵک وەر گرتنی هاوبەشی لایەنی ئایینی و ڕێکخراوە چەپەکانی تودە و ئەکسەریەت [چریکی فێدایی]و زۆریتری وردو درشت و سازدانی لێشاوو لافاوی مرۆڤی و هێرش کردنی مەغۆل ئاسایان بۆ سەرکوردستان بوو تا بە وتەی خۆیان" ئاڵای هەڵدراوی ئێسراییل لەوێدا نەهێڵن " .

پەنا بردن بۆ ئەو سیاسەتە فریودەرانەیە ئاکامەکەی وەرێ کەوتنی پتر لە هەزاران نەفەر لە مریدەکانی ئیمام و پان ئێرانیستە کان لە توێژی چەپ و ڕاستی ئەم وڵاتە بۆ بە ناو نەجاتی کوردستان نێو دێر کرا !!! سەیرو سەمەرەیە خەڵکی وەڵاتێک بە ناوی خودا لە خوێن دەگەوزێندرێ ، دارو ڵێرەوار و ئاژەڵی لەژێر سەردێڕی نەجات لە دووکەڵ دا دەخنکێنن !

کارتێکەری ئەو سیاسەتە بەڕادەیێک دەور دەگێڕی خەڵکی مەشهەد و ئەسفەهان ئاو بۆ [ کەربەلا-ێ ] – پاوە یەک لە پڕ ئاوترین مەڵبەندەکانی کوردستان لە گەڵ خۆیان دێنن .( لە کام قامووسی بڕوای ڕێبەرانی وێلایەتی فەقێ دا دەگونجێ بۆ فریا کەوتنی سونی مەزەوەکان – ئەوێش خەڵکی کوردستان لافاوی مریدانی پۆشتەوپەرداخ ، تەیارە و لە ژێر سێبەری تەیارەو تانک و تۆپ و حجەت الاسلام خەڵخاڵی دا ڕەوانەی یارمەتیدانیان بکەن .!؟

پاش تێپەڕ کردنی ۳۱ ساڵ بە سەر دەسپێکی ئەم فەرمانە ملهوڕانەیە ، فەرمانێک کە چرکە ساتێک لەو ماوەدا ژیانی کورد و کوردستانیانی ئاسوودە نە هێشتوە " فدائیان و پیروان خط امام" ئەو لاینانە کە وتەکانیان ، " کردستان را بخاک و خون می کشیم " ، هێشتار لە گوێ خەڵکی ئێمە دا دەزرنگێتەوە، ئەوە خەریکە لە ڕوانگەی بەشێک لە خەباتکارانی بە ئەزموونی کوردستان دەوری" مەهدی بەڵێن دروا " - ی شێعەکان بۆ چارە سەری کێشەی کورد دەگێڕن !

ئەگەر لە ساڵەکانی سەرتای شۆڕش ! حێزبی تودەی ئێران خوازیاری پڕچەک کردنی پاسداران ، بکوژانی خەڵکی کوردستان بە چەکی قورس بوون . ئەگەر" سازمانی چریکی فێدایی – زۆربە" لاوانی کوردی بۆ نێو ڕیزی بکوژانی نەتەوەکەی هاندەدا تا بەم چەشنە " همسو با امام بر علیه امپریالیزم جهانخوار مبارزەکند" !!؟ " ،ئەگەر سازمانی مجاهدینی خەڵق ئامادەی پێشکەش کردنی هەر جۆرە یارمەتدانێک بە ولایەتی ئیمام بوو ، ئەگەر سەرتەڵەکان[نخبە] ی ئۆپۆزسونی سەرانسەری ئێران دۆکتور

سەعید - یان لەڕێگەی فریوی هاوڕێکەیان لە برلین لە داو خست ، تا کردستان عزیز را از چنگ تجزیه طلبان نجات دهد " ! ئێمرۆ مریدە تازەکانی خۆمەینی پاش ٣١ ساڵ ئەزموون، پاش قوربانی کردنی بە وتەی خۆیان زیاتر لە شەش تا حەوت هەزار پێشمەرگە و ٦٠ تا حەفتا هەزار خەڵکی ئاسایی ئەوە لە ژێر کار تێکەری شکان و ناهۆمێدی دا سوێندی پابەند بوون بە" تەواویەتی ئەرزی ئێران – ئێرانی تر لە هەر ئێرانەیەک ، دانی بەڵێنی و پێشوازی لە ئاهی ، سازگارا ، نوریزادە ،هۆمایون ، ئێلاهە بۆقرات ، مووسەوی ، کەڕووبی تا نوێ کردنەوەی پێوەندی لە گەڵ تودەو ئەکسەریەتی هاوبیری ئیمام! و..و...و هەر بکوژێکی کۆن و نوێ کورد " دوو پات و سەت پاتە دەکەنەوە بەڵکوو لە گۆڕەپانی ئێرانی عەزیز - ی ! داهاتوودا کورد چەند " تاها محی الدین" – ێکی تر بە مێژووی خۆی زیاد بکات .

خوێنەری ئازیز : زۆر ئاساییە دڵ بەستن بە بەڵێنیکانی دارو دەستەی نوری زادە و مووسەوی لە نەتەوەی فەرمانڕەوا نەک هەر هەلی زیاتر دەڕەخسێنێ دوژمنی ئازادی کورد ٣١ساڵی تر بە ئارەزووی خۆی لە کوردستان ڕاو ڕاوێن بە میلەتی ئێمە بکا ، زمان و فەرهەنگی کوردی زیاتر لە هەر کاتێک بێ ڕەنگ و هێزمان بێ هێز و تواناکانمان بێ توانا بکات بەڵکوو کاتێک هێزە خەباتکارەکانمان گیانی لە خۆ بووردوویی شەهیدە سەربەرزەکان دەکەن بە دەسمایەی کێ بەرکێی نزیک کەوتنەوە لە گەڵ ئەم یان ئەو بکوژی کۆن یا نوێ کورد بەختی ڕزگاری لەوە بێ بەخت تر دەمێنێتەوە.

با لە کۆبەندی دواییدا پێ لە سەر ئەم ڕاستیە تاڵە داگرین ئەگەر جاران حێزب و لاینە سەرانسەریەکانی نەتەوەی سەردەت پەرۆشی دەسەڵاتی تاران و لەو پێناوەدا ، درێژتر کردنی تەمەنی سەروەری ڕەگەزی بان دەستی فارس- یان هەبوو .ئەوە ئێمرۆهێزی سیاسی و زۆر تاکی کورد بە ئاشکرا و بە شێوازێکی نوێ کوتەڵ گێڕی هەمان سیاسەتن ؟! و بێ پێچ و پەنا پلەو پایەی خۆیان و لە ئەگەری هەرە باشتر دا حێزب و ڕێکخراوەکەیان لە سەرووی هەر مەسڵەحەتێک تا ئاستی ململانێ توندی یەکتر بە قازانجی نەیار بەرەو پێش دەبەن!!

ئەگەر تاکێکی کورد ئەم ڕێبازە بهاوێتە بەر تیشکی تانەو توانج ، ئەوە دەچێتە ڕێزی دۆژمنانی حێزب و..ت ..د. لەهەمان کاتدا تاک و لاینی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا تەنانەت ئەگەر بە سەدان کورد- یان گولە باران وئەشکەنجە کردبێ هەمدیس دەتوانن لە ڕیزی دۆست و چارە سازی مەبەستەکانی ئەواندا جێ بگرن. ڕەنگ بێ بۆ ئەم بەڕێزانە ئێش و ئازاری ڕەخنە گرتنێک لە ژان و زیانی جەرگ بڕی شەهید کەوتنی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر بووبێ !!!!!

مەخابن لە درێژەی ئەم ململانێ نالەبارەدا وێنەی ئاشکرای ڕاگەیێندراوی ئەوتۆیان لێ بیستراوە کە خەباتی پێشمەرگە و کورد کوژانی خۆفرۆش بە کۆماری ئێسلامی هاو سەنگ و کۆڕنۆش بۆ بکوژانی ناسراو وەک خەباتی مەدنی و سیاسەتی سەرکەوتوو پێناسە کراوە.!!

مزوور= نۆکەر، خزمەتکاری ماڵ یا ناوەندێک بۆ ماوەیێکی دیاری کراو لە بەرانبەر جیرەو خەرج .

تاها محی الدین، کۆنە کوردێکی خزمەتکاری بەعس( سەدام حسین).

## پەراوێزەکان :

حزب توده در نامه مردم شماره ١١ صفحه ٦ بتاریخ ١٩ اردیبهشت ١٣٥٨ در دفاع خود از سپاه پاسداران و دادگاههای انقلاب می نویسد " دادگاه های انقلاب و سپاه پاسداران انقلاب از مهم ترین وسیله های سرکوب ضد انقلاب اند". این حزب در دفاع از جمهوری اسلامی به رهبری خمینی در نامه مردم شماره ٥٠١ مورخ ١٢ اردیبهشت ١٣٦٠ در صفحه ٨ می نویسد " حزب توده نیازی به تکرار و اثبات طرفداری همواره و بی تزلزل و حمایت صمیمانه خود از انقلاب ضد امپریالیستی و مردمی ایران به رهبری امام خمینی نمی یابد و ما این اعتقاد را نه در حرف بلکه با خون و ایثارجان..... نشان داده ایم."

فدائیان خلق ( اکثریت) به رهبری فرخ نگهدار و جمشید طاهری پور در کار می نویسند " فدائیان خلق ( اکثریت) استوارتر از همیشه تحت رهبری امام خمینی علیه آمریکای جنایت کار قاطعانه می رزمند، این مشت محکم ماست بر دهان مزدوران امپریالیسم. هواداران سازمان هم دوش و همراه با دیگر نیروهای مدافع انقلاب و مدافع جمهوری اسلامی ایران، باید تمام هوشیاری خود را به کار گیرند. حرکات شبکه مزدوران امپریالیسم آمریکا را دقیقا زیر نظر بگیرند و هر اطلاعی از طرحها و نقشه های جنایت کارانه جریانات به دست آوردند فورا سپاه و سازمان را مطلع سازند.

[نشریه کار اکثری شماره ١١٦دهم تی ١٣٦٠ ]

"زندان های جمهوری اسلامی مبتنی بر شکنجه نیست" در بحبوحه این رویداد ها و در اوج سیاست شکوفایی جمهوری اسلامی، رهبری سازمان به باور حفظ و تثبیت دست آورد های انقلاب، خواستار تسلیح سپاه پاسداران به سلاح سنگین می شود.

[ اکثریت شماره ١٤٧بهمن ١٣٦٠ ]

مجاهدین در صفحه ١٤١ مجموعه مواضع _ جلد دوم اطلاعیه دیگری در خصوص کسب آمادگی لازم در مسیر پیکار مشترک ضد امپریالیستی درج شده که در قسمتی از آن می خوانیم:

" به این ترتیب، ما امیدواریم تا به عنوان یک سازمان کوچک انقلابی تحت فرماندهی عالی امام خمینی در خطوط ضد استعماری از هرگونه مساعدت و همکاری

برادران رزمنده ارتشی و پاسداران نیز، برخوردار باشیم. "

" همچنین، به منظور وحدت عمل و تمرکز فرماندهی، کلیه افراد خود را هر کجا که باشند موظف ساخته ایم، تا در مسیر پیکار مشترک ضد امپریالیستی برحسب وظایف مکتبی خود که هرگونه خودبینی و تنگ نظری گروهی را محکوم کرده است، بی چون و چرا از برادران پاسدارشان بر علیه امپریالیزم حمایت نموده و حرف شنوی داشته باشند. "

[سایت زەرەبین بررسی مواضع سازمان مجاهدین خلق ایران]

"یکی از احکام جمهوری اسلامی این است که هر کس در برابر این نظام امام عادل ( منظورش خمینی است) بایستد، کشتن او واجب است. و زخمی‌اش را باید زخمی‌تر کرد که کشته شود... این حکم اسلام است. چیزی نیست که تازه آورده باشیم. [سید حسین موسوی تبریزی کیهان ۲۹ شهریور ۱۳۶۰]

حجاریان هم که از پایه‌گذاران دستگاه اطلاعاتی و امنیتی رژیم در دهه‌ی ۶۰ است، امروز می‌گوید:

...اما نکن، نکن فایده نداشت، دولت هم قدرت مهار نداشت، یک مرتبه اسلحه کشید و همه را کشت. حتا گفت زخمی‌ها را تیر خلاص بزنید!. ظهر سی‌خرداد بود، این را رادیو گفت، اسم‌شان را هم نپرسید که چه کسانی هستند. توجیه شرعی‌اش را هم پیدا کردند

[مقاله مسئولیت شما چه می شود آقای سازگارا؟ ایرج مصداقی، برگرفته ازمصاحبه حجاریان با نشریه چشم انداز شماره ۳۱ اردیبهشت۱۳۸۴]

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لەلایەن خومەینی



فەتاح ئەحمەدی

ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی لە رۆژی ٢٨ گەلاوێژ لەلایەن ئاخوند خومە ینی فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان راگەیەندراو، هێرشی وەحشیانەی هێزەکانی داگیر کەری رژێم بە هەمو تواناێانەوە پە لاماری شارو گوندەکانیان داو،بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمانی خومەینی جەلادو،شەیتان سفەت کە وتنە خوێنرشتنی رۆڵە کانی گەلی ئێمە و ، لەهیچ جینایەتو، درندەیەک نە پەرمانەوەو، رشتنی خوێنی کوردیان بەرەواو، حەلاڵ دەزانی ، چوون ئیمامی سێزدەیان فتوای لەسەردابوو. رژێم هەرچی لەتوانایدابوو، بەکاری هێناو، لەوە زیاتر جینایەتو، تاوانێک نەمابوو، ئەنجامی دەن . لەملاشەوە هێزی جەماوەرو، سەرجەم رزگاری خوازانی گەلەکەمان ...

بەو پەری ئیمان بەسەرکەوتنو، تێکشکانی هێزی داگیر کەر، قۆلیان لێ هەڵماڵیو کەوتنە زەربەلێدانی دووژمن، بەجۆرێک کە خومەینیو، داروودەستەکەی چاوە رووانی ئەوەیان نەدەکرد، هێزەکانیان بکەونە دۆزەخێک کە ئیمام بۆی دیاریکردبوون وە ، کلیلی بەهەشتی دابوونێو، چاوەرووانی ئەوەیان نەدەکرد رۆڵەکانی گەلی کورد فیداکارانە بەرەنگاریان ببنەوەو، دەرسێکی باشیان بدەنێو خومەینیو داروودەستەکەی تووشی شکستو شەمەرزاری بکەن. من کە یەک لەوانەبووم هەم بەشداربووم هەمیش شاهیدی ئەوەبووم چۆن کوری کورد چاو نەترسانە ، رووبەرووی هێزی داگیر کەر دەبوونەوە ، کە هەم لەباری نەفەراتو، هەمیش تەجهیزاتی شەر، جیاوازیەکی ئێجگار زۆرهەبوو، بەلام ئیرادەی بەهێزو، باوەر بەرزگاری نیشتمان وایکردبوو، زۆری هێزو،چەکی مودێرن نەیدەتووانی دەورێکی وای هەبێت!! ئەوەی من تێیدابووم شەرو، بەر هەڵسکاری ئێمەبوو، لەبەرابەر ئەو هێزە گەورەەی کە مستەفاچەمران فەرماندەی دەکرد ، ئێمە پێش ئەوەی سوپای داگیر کەر بگاتە سنووری بانە ، لە گوندەکانی بستامو، دووئاو ی سەرشیوی سەقز بەرەنگاریان بووینەوەو، تاحەدێک ئارایشی هێزەکانیانمان تێکداو ترسو لەرزێکی زۆرمان خستە ناو هێزە هێرشکارەکانیان، کە چاوە رووانی ئەوەیان نەدەکرد هێزی بەرابەر، بتووانێ ئاوها لەموقابیلی ئەو ستونە زۆرو پرچەکەدا راوەستێ؟ بەلام بەداخەوە ئێمەش ئەودەم هێزەکانمان سازماندراو و، یەکگرتوونەبوو، دەنا هەر لەیەکەم هێرشمان بۆ سەر پاسگای بستام، کە رۆژی پێشو، زەمینگیرمان کردبوونو، شەوەکەشی هێرشمان کردەسەریان، دەتووانم بڵێم تەنیا نەبوونی هاو ئاهەنگی باعیسی ئەوە بوو، پێگەکە داگیر نەکەین . بەهرحاڵ لەگەڵ ئەوەشدا دەتووانم بڵێم داستانێکی گەورەو، حێماسی بوو، لەوشەرایتو، بێ ئیمکانیەدا، کە ئێمە هەمان بوو. هێزەکانی رژێم پاشی چەندرۆژ شەری نابەرابەرو، خەساری زۆر لەدووژمن ، وە گیان لەدەست دانی چەندین تێکۆشەرو، قارەمانی کورد! هێزەکانی دووژمن تووانیان بەرەو بانە بەرێکەونو، شار داگیر بکەنەوە . بەکورتی ئەوان تووانیان لەماوەی چەند رۆژێکدا شارەکان داگیر کەنوو، هێزە کانی ئێمە کەهێشتا سازمان نەدرابوونوو، تەنانەت ئەوەش روون نەبوو، کێ لەگەڵ کێەو، ئەوانەی وابەرهەڵستی دەکەن سەربەکامە هێزن؟ جیالەوانەی وەک ئەندامانی دێموکراتو، ئەوانەی وەک جەمعیە ت خۆیان ناساندبوو، کە چەپەکانی لەخۆیی دەگرتوو، ئەو هێزەش کە لەلایەن مامۆستا شێخجەلالی حوسەینیوە پێکهاتبوو، کەزۆربەی وەک هێزی بەرگریو، خەڵکی گوندەکانبوون. جیالەمانە ئێمەمانان بووین کە سەر بەهێچکام لەم هێزانەنەبووین؟ چون وەک باسم کرد هێشتا هێزەسیاسیەکان بەوشێوە ئاشکراو بەرپرس نەبوون. ئەوانەی بەرگریاندەکرد زۆرتر وەک هەستێکی کوردانەو، دیفاع لە خاکو نیشتێمان بوو.

دیتمان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەهیچ جۆرێک نەیان توانی ئامانجە گڵاوەکانیان، ببپێکنو شۆرشگێڕان پاشەکشە پێبکەن . هێزی داگیر کەر لە کوردستان کەوتنە بەر پەلامارو، هێرشی قارەمانانی گەلەکەمانوو، هێزی پێشمەرگە . ئێمە پێشی ئەوەی ئەم هێزانە ، بتوانن جێگای خۆیان قایم کەن بەشێوەی پارتیزانی، لەجادەو،ناو شارو، پێگەکانیان، دامانە بەرپەلامارو، جێمان پێ لێژکردبوون . لە ناو شاری بانە جیالە پادگان نیروی بەسیجو، پاسدار، لەناوشاردا پێگەیان کردبووەوە و، شەوانەش بەحیساب شاریان دەپاراست. هێرشەکانی ئێمە زۆرتر بۆسەر بنکەو بارەگاکانی پاسدارو، بەسیجەکانبوو، کەمتر هێرشمان دەبردە سەر ئەرتەشیەکان ، ئێمە ئەوەمان وەک تاکتیکێک دژی هێزەکانی ڕژێم بەکاردێناو، لەڕاستیشدا زۆر تێیدا سەرکەوتووبووین، چون کاتێک هێرشمان دەکردە سەر ئەو پێگانە نە پادگانوو،نە هێزی هەوایو، هەوانیروز، بەجدی دیفاعیان لەپاسدارە کان نەدەکرد. ئێمە توانیمان زەبەی زۆرکوشەندە لەوهێزانەی ڕژێم بدەین کە لەناوشاردابوون، تاوامان لێکردن خۆیان بە پادگانی بانەداکردوو، شاریان بەجێهشت. دوو شەو دوای ئەوەی ئەم هێزانە چوونە پادگان ئێمە بەچەکی قوسو ،سوک بۆیەکەمجار، هێرشمان کردە سەر پادگان وەزەبەیەکی زۆرمان لێدان ، کەبووە هۆی تێکەڵچوونی ئەرتەشیەکان لەگەڵ پاسدارو، بەسیجەکان، ئەرتەشیەکان دەیانزانی هۆکاری ئەم هێرشە چوونی ئەوانە بوو، بۆ پادگان خۆلاسە دەمانتووانی جاروبار لەم جۆرە تاکتیکانە کەڵک وەرگرین . بەکورتی دەتووانم بڵێم لەم ماوە کورتەی کە بەشەڕی سێ مانگە ناودەبرێ ، ئێمە لەناوچەی بانە هێزکانی ڕژێمان بەتەواوی تێکشکاندبوو، تەنیا پادگان مابوو، ئەویش دووای تێک شکانی ئەو ستونەی کە لە سەدەشتەوە هاتوو، لە جادەی هەژدەدۆڵان پێشمەرگەکانی خەبات لەگەڵیان دەرگیر بوونوو، زەربەیان لێدانوو، بەداخەوە چەندین پێشمەرگەی خەبات گیانیان لەدەست دا. بە ڵام لەکاتی گەشتنی ستوونی دووژمن بۆ ناو شار دیارە تۆڵەی گەورەیان لێکرایەوەو ستونەکە بەتەواوی لەناوچوو، کە نەقشی پێشمەرگەکانی خەبات زۆر بەرچاوبوو!! ئەمە ئەو کاتەبوو، کەئیمامی ناچار کرد جامی زەهر نۆش کاتوو، فێڵبازانەو، ڕیاکارانە بۆ خۆخەلاس کردن لەو جەهەنەمەی بۆ هێزەکانی دروست کردبوو، بانگی ئاشتی بۆ گەلی کوردا؟ بەداخەوە دەتووانم بڵێم ڕێبەرانی ئێمە بێ سێو دوو، لەبەیکیان گوت ڕانەوەستان هێزی پێشمەرگە ،پاشماوەکانی ڕژێم تێکوپێک بشکێنن! چون توانای ئەوە هەبوو، زۆرتر ڕژێم مل کەچی داوارەواکانی گەلەکەمان بکەینوو، فێڵی دووژمن پوچەڵ وەکەین! درووست لەوکاتەدا کەئێمە بەهێزێکی زۆرو،چەکی قورسەوە دەوری پادگانی بانەمان دابووە بەر بەخومپارەی سەدوویست، پادگان هاواری لێ هەڵسابوو کە ڕێگای دیکەیان نەبوو جیالە تەسلیم بوون!هەر لەو کاتەدا پێیان ڕاگەیاندین کە دەبێ هێرشەکەمان ڕاگرین! لەبیرمە بەڕێز کاک ئحمەدی عزیزی هاتە لامانو گوتی ڕێبەرایەتی حیزب داوای کردووە هەمو هێرشەکان ڕاگرن. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەگەر بەرپرسانی ئێمە دووای تێکشکانەکانی ڕژێم، پەلەیان نەکردایە و مەجالی پێشمەرگەیان دابا هەندێک زیاتر هێزەکانی ئەنفالچی تێکو پێک بشکێنن! ڕەنگە بیانتووانیایە بە دەستێکی پڕترەوە واردی وتووێژو، دانووسانبن، بۆیە ئێمە دەبێ بۆ داهاتوومان هێندە دڵفرەوانو،خۆش باوەڕنەبین! چوون دیتمان ڕژێم تەنیا بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی دیکە داوای ئاشتیانکرد. من کە لەنووسراوەکانمدا کە ڕووداوی مێژووی گەلی ئێمەن ، نام هەوێت بەسەر ڕەخنەو کەمووکوڕیەکانداتێپەڕمو، فەرامۆشیان کەم دەمەوێت ئەم ڕەخنەش بخەمەسەر ڕەخنەکانی پێشوم ، وەبڵێم بەداخەوە ڕێبەرە سیاسیەکانمان لەو شەڕ ڕاوەستانەش بەو جۆرەی کەدەبوو، کەڵکیان وەرنەگرت ،بۆنمونە ئێمە وەک حدکا، کەمتەرخەمیەکی زۆر کرا بەتایبەت لە سنە کە لەو سەردەمەدا، دەکرا کاری زۆری تێدابکراباو، بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتی حیزب لەو شارەدا کاروتێکۆشانیان دەسپێکردبا ، زۆرتاسیری دەبوو، بۆ تەوازونی قوا، لەم ناوچەیە کە بەحەق ، خەڵکێکی ڕاپەڕیو، حەماسی بوون . هەرچەند بەرپرسانی حیزب ئێستاش دان بەوەدانانێن بۆ لەم ناوچە گرینگەی کوردستان ئاوها بێموبالاتیان کرد؟ چەند ڕۆژ پێش لە کورد کاناڵ، بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە لە وتووێژێک ،لە گەڵ بەڕێز مادێح ئحمەدیدا، لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە دەگوترێ حیزب لەم ناوچەگرینگەی کوردستان کەم ناوچەیدا کەمکاری زۆری کردووە ؟ بە ڕێز حەسن زادە لە وەڵامدا گوتی وانیە ئێمە هەر ئەوەندەمان پێدەکرا ؟بە ڵام من پێمواێە ئەگەر بیان ویستبا زۆرلەوە زیاتر دەتواندرا کار بکرێ ، نموونەشم، ئەوەیە کاتێک ئێمە دوای ڕاوەستانی شەڕ بەهێزێکی زۆرەوە بۆ یەکەم جار بەرەو سنە بەرێکەوتین، لە مها بادیشەوە هێزێکی دیکەمان لە دیوان دەرە پێوە مولحەق بوو، کە مامە غەنی بلوریان وە ک نوێنەری حیزب هاتو پێکەوە واریدی دەروازەی سنە بووین، هەرچەند هێزێکی ڕژێم لە لەشکری ٢٨ی کوردستان بەچەند تانکی چەقتێنو، هێزێکی زۆرەوە ویستیان ڕێگە لە ئێمە بگرن کە بەتێعدادێکی زۆری پێشمەگە ، بەچەکی نیوە قورسو ، سوک لە کاروانێکی دە یان ماشێنی بەرێ کە وتبووین ، ناچاربوون ڕێگاچۆڵکەن بۆمان، کاتێک ئێمە گەشتینە دەروازەی شاری سنە بەڕاستی قیامەت هەڵساو ، یەکپارچە خەڵکی شار هاتنە سەرجادەکانوو، کەوتنە گوڵباران کردنی پێشمەرگەکانو، بەشێعاری بژی حیزبی دێموکڕات خرۆشان بەجۆرێک ئێمە پاشی چەند سەعات لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکە توانیمان بگەینە مەیدانی ئێقباڵ! هێشتا باشگای ئفسەران پڕ بو لە پاسدار، کە توشی وەحشەت هاتبوون. کاتێک چووینە ئەو شوێنەی دەفتەری حیزبی تازە لێکرابووەوە ، بەهەزاران خەڵک هاتبونە ئەوشوێنە ، ئارەزوێان دەکرد ، پێشمەرگەکان لە ئامێزبگرنوو، میوان داریان بکەن . جابۆیە من پێمواێە زۆر کەم کاری کراو قابیلی تەوجی نیە . لە خاتیمەدا دەڵێم ،

ئێمە ئەوکاتە دەتووانین سەرکەوتووبین کە ئاخرین پێگەکانی دووژمنی داگیر کەرمان لەوڵاتەکەمان وەدەرنابێ! من پێمواێە زۆری نەماوە ئەو ڕۆژە بێتەپێشو، گەلی ئێمە لەڕۆژەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە سوپای داگیر کەر لە خاکو نیشتمانەکەی وەدەرنێ ، ئەویش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانو یەکرێزی گەلەکەما وەدی دێت.

بژی هێزی پێشمەگە باسکی بەهێزی گەل.

سڵاو بۆ شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان بەتایبەت سەرقافڵەی شەهیدان پێشەوای نەمر.

سەرچاوە : ماڵپەری میدیا خەبات / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## ٢٨ی گەلاوێژو ژینۆسایدی نامرۆڤانە .!



ناسر ساڵحی ئەسڵ

بە سەرکوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و گۆڕانی ڕێژیمی پاشایی بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران دا کەشوهەوایەکی دیکە هاتە کایەوە، هەر لە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە دا، گۆڕانی بنەڕەتی لە شێوازی دەسەڵاتداری ئێراندا پێک هات.

خومەینیو دارو دەستەکەی، سەرەتا بەنهێنیو دواتر بە راشکاوی، هەنگاویان دەناو رەو شی ئێرانیان خستبوو ژێر کاریگەری کۆنترۆڵو چەنگی خۆیانەوە. خەریکی دارشتنی نەخشەو پلان بوون کە چۆن ئامانجە ستراتیژییەکانیان وەدیهێننو چۆنیش حیزبو رێکخراوە بەر هەلستکارەکان لە کۆمەڵگای ئێران دا گۆشەگیر، هەڵوەشاوەو بی توانایان بکەن.

لە لایەکی دیکەوە پێرەوانی خومینی بە قایم کردنی جێگاپێی خۆیان، وردە وردە ئازادییە دێموکراتییەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشیان بەر تەسک کردەوەو بە سەرکوتو هێرش بۆ سەر گەلانی ئێران لە خوزستانن تورکەمەن سەحراو کوردستان کە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی خۆیان پێ داگر بوون دەستی پێکرد. لە ئاکامدا لە سێبەری رەشی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا ئازادیخوازان و ماف ویستانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ جارێکی دیکەش سەرکوت کرانەوە. نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، پاش سەرکوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بە دەسەڵات گەیشتنی پێرەوانی خومەینی، زۆر هەوڵی دا بە شێوەیەکی دێموکراتیکو ئاشتیخوازانەو بە دوور لەشەڕو کێشە، لە رێگای نۆینەرایەتی رێبەری بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیکی گەلی کورد، ویست و مافە رەواکانی بخاتە بەر دێدو نەزەری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیو شەخسی خومەینی، بە هیوای چارەسەری هێمنانەی مەسەلەی کوردو لە رێگای دیالۆگەوەو لەو بارە هەولی زۆری دا. بەڵام دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باتی لە بەر چاوگرتنو هەنگاوهەڵێنان بۆ دیالۆگ لە گەڵ نوینەرایەتی گەلی کورد، بۆ دابیین کردنی ویستە رەواو عادڵانەکانی، تەپڵی جیهادی لە دژی کورد لێداو لە رۆژی ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاویدا، خومەینی بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کوردو حەڵاڵ کردنی گیانو ماڵی رۆڵەکانی ئەم نەتەوە ئاشتیخوازو ماف ویستە، شەڕێکی نەخوازراوو نابەرانبەری بە سەر گەڵی کورد دا راگەیاند.

لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی ئێران دا بە گشتیی تیپەڕینی زەمانو جێگیر بوونی دامو دەزگاکانی سەرکوتو خەفەقانی حکوومەتی ئیسلامی، رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ماهییەتی خۆی دەرخستو لە سەرانسەری ئێراندا مافو ئازادییەکانی کۆمەڵانی خەلکی ئێرانی کە لە پێناوی دا ڕاپەڕی بوونو کۆتاییان بە تەمەنی رێژیمی پێشوو هێنابوو، کەوتە بەر هێرشی هێزو گۆپال بە دەستانی خومەینی.

دیارە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو کە نامرۆڤانەترین هێرش بۆ سەر خەلکی کوردستانو رێبەری بزوتنەوەی میللی ـ دێموکراتییکی ئەو خەلکە بی.چونکە خومەینی دەیزانی، نەتەوەی کورد لە بەر زۆر هۆی مێژوویی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو لە سەرەوەی هەمووان رابردووی شۆڕشگیرانە، زیاتر لە گەلانی دیکەی ئێران، بەرامبەر دەسەڵاتداری زۆر دارانو کۆنە پەرستانە بەرەنگاری دەکاتو لەوە ئاگادار بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرو رێکخەری خەباتی خەلکی کوردستان ئێران، لە پێناو ئازادیو دێموکراسیو مافی نەتەوایەتی دایە. هەر بویە بە هەڵگیرساندنی شەڕی شاری سنە کە لە یەکەم رۆژی جێژنی نەورۆزی پاش سەر کەوتن، واتا لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی دا هێرشیکی قورسی دژ بە دانیشتیوانی شاری سنە دەست پێ کرد. لە ئاکام دا شەرێکی نەخوازراوو داسەپاو بە سەر کۆمەڵانی خەلکی ئەو شارەو هیزە سیاسی کانی کورد دا سەپا. کە بە یەکەمین پیلانو یەکەمین پێکدادانو تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان گەلی کوردو هێزەکانی رێژیمی خومەینی لە قەڵەم دەدەرێت. لەم جینایەتە سامناکە دا کە بە شەڕی "نەورۆزی خویناوی سنە" ناسراوە، زیاتر لە ٤٠٠ کەسی خەلکی بی دیفاعی ئەو شارە شەهید کران، هاوتەریبیش لە گەڵ ئەم کوشتو برە لە شاری سنە، پاش ٣١ رۆژ لە رێکەوتی ٣١ ی خاکەلیوەی ١٣٥٨ ی هەتاوی دا بە گەڵایەکی لە پیش دا دارێژراو، وێرای تێکدانی میتینگی چەند هەزار کەسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری نەغەدە، سەدان کەس لە کوردەکانی ئەو شارە کوژرانو هەزاوان کەسیشی مالوێرانو ئاوارە کران.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو کراوە نامرۆڤانە، وەلامێکی شەڕ خوازانەی بە نەتەوەی کوردو هەولە ئاشتی خوازانەکەی دایەوەو فەرمانی لەشکرکشی بۆ سەر کوردستان دەراو سیاسەتی ژینوسایدو کوشتو بڕی گەلی کوردیان گرتە بەر. ڕاگەیاندنی فەرمانی فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینی دامەزرینەرو رێبەری کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ی هەتاوی دا بە بیانووی شەڕی پاوە لەراستی دا دژی هەموو خەلکی کوردستان بوو، فەرمانێک کە هێزەکانی ئەرتەشو سپای پاسدارانو پەیرەوانی ساویلکەو دەمارگرژەکانی رێژیمی ئەرک دار دەکرد تا بەرەو کوردستان وەری بکەون. لە چوارچێوەی ئەم فەرمانە زالمانەیە دا، سەرکوتکردنی گەلی کورد وەک ئەرکێکی شەرعیو گرینگتر لە نویژو روژوو دەهاتە ئەژمارو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبی خەباتگێری رێگا ماف ئازادییەکانی خەلکی کوردستانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. نوسەری بە ناوبانگی فەرانسەویو دۆستی دیرینی نەتەوەی کورد لە کتیبی "خەباتخوازیی کورد" بەشێک لە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر گەلی کورد هێناوە کە دەڵی : "ئێمە رێبەرانی حیزبی دیموکرات دەبەینە بەر دادگاو موحاکەمەیان دەکەین، کوردەکان لە گەورەترین کافرەکانن، هەر بۆیە ئێمە

وەڵامی کردوەکانیان دەدەینەوە.ئەمن بە دەوڵەت، ئەرتەشو ژاندارمێری ڕادەگەینم کە بە تۆپو تانکو هەموو توانایانەوە تا ٢٤ سەعات دیکە نەچنە شاری پاوە، هەموویان بە بەرپرس دەزانم، ئەمانە" کوردەکان" خەڵکانێکن کە ناکری لە ڕێگای راندستانو ئاشتی یەوە، هەڵسووکەوتیان لە گەڵ بکری، دەبی لە گەڵ ئەمانە بە توندی هەلسووکەوت بکریو بە توندیش هەلسووکەوتیان لە گەڵ دەکەین" . بەو نێیەتە گەڵاوە هێرشیان کردە سەر خەڵکی بێدفاعو ماف ویستی کوردستان، ئەویش تەنیا بە تاوانی کورد بوونو ئازادیخواز بوون، شتێک کە خومەینیو ڕیژیمەکەی، تووڕەو هەراسان کردبوو. هەروەها خومەینی ڕەقو دوژمن یاتی خۆی لە کۆبوونەوەی نوینەرانی مەجلیسی خوبرەگان لە هەمبەر دوکتور قاسملوو بە ڕاشکاوی دەربڕیو گوتی " سەد بریا هاتبایە " . خومەینی بۆ جێی بە جێی کردنی فتوا بەد ناوەکەی خۆی چەند مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەیادی شیرازی، حەسەنی نوینەری خۆیی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاواو خاڵخالی جینایەتکارو قەسابی کوردستان کە دەستوری ئێعدام کردنی دەیان ڕۆڵەی کوردی لە شارەکانی پاوە، سنە، سەقزو مەریوان لە بێدادگاکانی ریژیم دا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی جیهاد لە کوردستان دیاری کردو هاوکات هێزیکی پوشتەو پەرداختەی ڕەوانەی کوردستان کرد. پاش دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەلکی کوردستانو هێرشی نیزامی بەر بڵاو بۆ سەر شارو گوندەکانی کوردستان، خەڵکی کوردو ڕێبەری بزوتنەوەی میللی ـ دیموکراتیک، دوو ڕێگایان لە بەر بوویان دەبوو تەسلیمو گویڕایەڵی ڕێژیمی خومەینی بن، یان ڕێگای درێژەی خەباتو خۆڕاگری بگرنە بەر، لە ئاکام دا گەلی کورد بە شانازییەوە ڕێگا دووهەم، واتا ڕێگای درێژەی خەباتو خۆڕاگرییان هەڵبژارد، هەر بۆیە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ، ڕۆژی دەسپێکی خەباتی خۆڕاگری خەڵکی کوردو ڕۆژی بەرەنگاری ئازایانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەر لەشکری نەزانیو تاریکی خومەینی یە. لە پاش سێ مانگ شەڕو خوڕاگری خەلکو هێزی پیشمەرگە لە لایکو هێزەپوشتەو پەرداخەکانی ریژیمو بە چۆوک داهاتنی هێزەکانی ریژیمو شپرزەبوونیان، خومەینی بە شێوەیەکی ریاکارانەو بە ڕەوالەت بۆ دلدانەوەی خەلکی کوردستان، بەڵام لە ڕاستی دا بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانیو گەمارۆدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامی ٢٦ ی خەزەلوەری بۆخەلکی کوردستان نارد. لەو پەیامە دا ئاماژە بەو کرابوو کە ناحەزانو بەدخوزان، ئەویان خراپ تی گەیاندوەو ئامادەیە لە ڕێگای وتوویژەوە کێشەی خەلکی کورد چارە سەر بکات. لە مێژوویی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دا ئەگەر ڕۆژی ٢٨ ی گەلاویژ، ڕۆژی هێرش بۆ سەر خەلکی کوردستان، ڕۆژی دەسپێکی خەباتی بەرگریو خوڕاگری خەلکی کوردستان لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیە، ڕۆژی ٢٦ ی خەزەلوەر، ڕۆژی بەچۆک داهاتنی هێزەکانی ریژیم لە بەرانبەر خەلکی خۆڕاگری کوردستان دا دەژمێردری،

ئێستا دوای ٣١ ساڵ لە حالیکدا کە بناغەکانی سیستمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەیی کەوتۆتە لەرزین، خەباتو خۆڕاگری نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانە لە ئاستی ئێراندا لە ئارا دایە،جێی خۆیەتی کە نەتەوەی کورد لە کوردستان ئێران، ٢٨ ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی خۆڕاگری لە مێژووی خەباتی خۆیدا سەبت بکا. چوونکە ئەمرۆ خەباتی ڕەوای گەلی کورد، پشت ئەستور بە ئەزموونی ٣١ ساڵی خەباتو خۆڕاگری، وەشیارتر لە ڕابردوو، بە شێوازی جوراجور لە پانتایی کوردستانی ئێران دا پەرە پێداوەو هاودەنگیو پشتیوانی زیاتری نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، بەڵام ڕێژیمی کوماری ئیسلامی دژایەتی زۆرتری خەڵکی ئێرانو تەریک کەوتنەوەی زیاتری لە ئاستی جیهانیو ناوخۆییدا پێ بڕاوە

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## ٢٨ی گەلاوێژ بیرەوەرییێکی تاڵ لە مێژووی کورد لە کوردستانی ئێران



عەلی بەهرامی

لە دوای ئەوەی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی دابەش کرا، هەستی بە کەمی و ژێردەستییێکی گەورە کرد کە لە پێناو رزگاری و وەدەست هێنانەوەی ئەو مافانەی کە لێی زەوت کرابوو، هەوڵ و تەقەلاییێکی یەکجار زۆری داوە. ئەو گەلە هەموو دەمێ ویستویە لە ڕێگەی ئاشتیانەوە بە مافەکانی بگا، بەلام کاتێ ڕێگەی ئاشتی هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بۆ دیفاع لەخۆی و وەدەستهێنانەوەی مافەکانی پەنای بردۆتەوە بەر چەک و لەبەرانبەر هێزی داگیرکەر و دژمندا وێستاوەتەوە.

لە مێژووی گەلی بەشخوار و ماف پێشێلکراوی کورد لە کوردستانی ...

ئێراندا، گەلێ ڕۆژی تاڵ هەن کە داگیرکەرانی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر دەست درێژیان کردۆتە سەر خاک و کەرامەتی.

یەکێک لەو ڕۆژە تاڵ و لە بیرنەکراوانەی کە تیایدا بە نارەوا هێرش کرایە سەر کوردستان و بە کافر دانانی گەلە مسوڵمانەکەی، لەڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆریە، کە خومەینی خوێنرێژ و جەنایەت پیشە فتوای دژ بە گەلی کورد دا و بە کافری ناوبرد و زەوت کردنی سەر و ماڵی بە حەلاڵ دانا.

لە حاڵێکدا خەڵکی کوردستان زۆرینەی مسوڵمانن خومەینی ئەو فەرمانە بێ بەزەییانەی دا. هەروەها خەڵکی کوردستان خواستەکانیان بریتی بوو لە چەند داوای

سەرەتایی کە مافی هەر نەتەوەییێکە لەم گۆی زەوییەیە. ئەو داوایەی خەڵکی کوردستانیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە درێژایی مێژووی چەند سەدەی رابردوو کورد وەک گەلێکی غەوارە و نامۆ و هاووەلاتی دەرەجە دوو و سێ چاوی لێکراوە.

هەرچەند نوێنەرانی کورد، بۆ کۆتایی بەو پێشێلکاری و نارەواییەی داگیرکەران، داوا رەواکانی خستە بەردەم دەسەلاتی نوێی خومەینی، ئەو داوایانەش بریتی بوون لە، بە رەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی کورد و لابردنی ئەو تەبعیزانەی لە دژی بە کار دەبرا.

بەلام لە وەلامی داوا رەوا و بەحەق و ئاشتیخوازەکەی کورددا، رژیمی بە ناو ئیسلامی و سەرەرۆ و لە سەرووییەوە خومەینی بە بۆمب و ناپاڵمی بە درندانەترین شێوە بەسەر ژن و منداڵ و پیر و لاوی کوردستان باراند و بە تۆپ و تانگ، لە شارەکانی پاوە، سنە، سەقز، بۆکان، مەهاباد و نەغەدە و بە دەیان جینایەتی وەک قارناو قەلاتان و حاجی کەند و ووسووکەندیان ئەنجام دا کە بە هەزاران کوردی بێ گوناح و تینووی ئازادی شەهید کران و بەشێکی زۆریش ئاوارەی دەرەوەی سنوورەکان بوون.

لە بەرانبەر ئەم ناحەقی و درندەییەی رژیمی ویلایەتی فەقیەدا، گەلی کورد و هێزە ئازادیخوازەکانی بەناچار کەوتنە دیفاع و لە هەموو لاوە بەرەنگاری هێزە زۆر و پۆشتەکانی رژیم بوونەوە و بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەرانبەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی رژیمدا دیفاعیان کرد. بەلام بە سەر ئەوەشدا هێزەکانی رژیم توانیان بەشێکی زۆری ناوچە ئازاد کراوەکان داگیربکەنەوە. یەکێک لە هۆکانی ئەو سەرکەوتنەی رژیم نەبوونی یەک ریزی و یەک هەڵویستی هێزەکانی کورد و لە بەرچاو نەگرتنی هەل و مەرج و پێک هاتەی خەڵکی کوردستان بوو. چەند لایەن بەرەنگاری دەکرد لایەنی دیکە ئاگربریان لە بەرانبەر رژیم دا رادەگەیاند، یان بە جێی یەک خستنی ریزەکانی خەڵک تەفرەقە و دووبەرەکی دروست دەکرا، بۆ نمونە (شەری ئاغا و رەعیەت) لایەنێک دژ بە دەستەییێک ئاغا و بەناو لایەنگری رەعیەت و لایەنێک پشتیوانیی لە دەستەیێک لەئاغاکانی دیکەی دەکرد. یان بە ئاشکرا دژایەتی کردنی عەقاید و موقەدەساتی خەڵک دەکرا، ئەمانە و دەیان کاری لەو جۆرە بوونە هۆی ئەوەی نەک ریزی خەڵک و هێزە سیاسیەکان یەک نەبن، بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لەو خەڵکە بەناچاری لە شۆرش دوور دەکەوتنەوە.

لەئەنجامی موقاوەمەت و خۆراگری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی دژمن، خومەینی ناچار کرا، ئاگربەس لەگەڵ میللەتی کورد راگەێنێ. ئەو هەڵوێستەی خومەینی لە دوای ئەوە هات کە لە١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ ، شۆرشگێران و پێشمەرگەکانی سازمان و خەڵک هێزێکی گەورەی رژێمیان لەناوشاری بانە تێکشکاند. دیارە لەم سەرکەوتنە گەورەدا ناکرێ دەور و نەقشی رێبەری فیداکار و بەووەجی گەلەکەمان خوالێخۆشبوو جەنابی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی لە بەرچاو نەگیرێ، دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین کە لەلایەن رێبەری زیندەیاد مامۆستا سەید جەلال الدین حوسەینییەوە رێبەرایەتی دەکرا و لە بەرانبەر هێرشەکانی رژیمی خومەینی دا هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی لێبراوانەی هەبوو، لە پێچەکانی هەژدەدۆلان بەریان بە هێزەکانی رژیم گرت و تا دەروازەی شاری بانە بە سزای کردوە غەیرە ئینسانی و نائیسلامیانەی خۆیان گەیاندن، کە لەو بەرنگاریە بێ وێنەیەدا بە داخەوە ٨ پێشمەرگە شەهید بوون. کە بووە هۆی ئەوە خومەینی ئاگربر لەگەڵ کورددا رابگەیێنێ، بەلام راگەیاندنی ئاگربڕ لەلایەن خومەینی تەنیا پیلان بوو بە مەبەستی خۆسازدانەوەی هێزەکانی. هەربۆیە لەدوای خۆسازدانەوەی هێزەکانی رژیم جارێکی دیکە بێ بەزەییانە هێرشیان کردەوە سەر گەلی کورد.

گەلی کورد و ئازادیخوازانی هەموو ساڵێک لە یادی ٢٨ی گەلاوێژدا نەفرین دەنێرن بۆ فەرماندەران و بەرێوەبەرانی ئەو کردەوە ملهورانە و سلاو و درود دەنێرن بۆ ئەو شەهیدە سوورخەلاتانەی لە پێناو ئازادی خاک و دژایەتی داگیرکەران و دیکتاتۆران خۆیان فیدا کرد.

لێرەدا پێویستە وەک وەفاییێک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ٣١ ساڵ شەرێ داسەپاو و بۆ روو رەشی ئاخوندان و رژیمەکەیان، هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان هاوکاری و نزیکی و تەبایی بکەنە بەردی بناغەی کارەکانیان، با لەوە زیاتر بەو پەرتەوازەییە کار نەکرێ کە تەنیا دەسەلاتدارانی ئێران قازانجی لێ دەکەن و ئاسۆی رزگاری گەلەکەمان لەوە زیاتر دوا دەخا.

بەو هیوایەی بیرەوەری ٢٨ی گەلاوێژ هاندەرمان بێت بۆ برایەتی و تەبایی هەمیشەیی ناوماڵی کورد و هێزە ئازادیخوازەکانی.

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەلات تایمز / رێکەوتی : ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## رەوایی دان بەکوشتاری کوردستان بە در کردنی فتوایەک

لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی١٣٥٨ی هەتاوییدائایەتۆڵلا خومەینی لە هەڵویستیکی توند و دەمارگرژانە دافتوای جیهادی بە دژی نەتەوەی کورد دەرکرد،ولە فەرمانێکی بەپەلەدا بە هەموو هێزە زەمینی،ئاسمانی و دەریاییەکانی راگەیاند کە هێرش بکەنە سەر کوردستان و کۆتایی بەو هەل و مەرجە بێنن کە ئەو بە کێشە {غائلە}ناوی دەبرد.سەیر لەوەدایە کە کوردستان سنووری دەریایی نیە.

بە دوای ئەم فەرمانەی خومەینی بوو کە کوردستان کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی رێژیم .خومەینی بۆ چاوترسێن کردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی نابە جێی لە پیگەی ئایینی خۆی وەرگرت و کوشت و برِی خەڵکی کوردستانی بە دەرکردنی فتوایەک رەوایی پێ دا.

ئەو کەسانەی کە لە قوتابخانەکانی ئێراندا خوێندویانە هەر لە دەستپێکی خوێندنیانەوە لە گەڵ مانا و واتای وشەی جیهاد ئاشنا دەبن کە کەی،لە چە هەل و مەرجێک،دژی کێ و لە لایەن چ کەسێکەوە دەر دەکرێت.

لە قورئانی پیرۆز دا نزیک بە ٣٠ جار ئاماژە بە وشەی جیهاد کراوە کە تەنیا لە ٦ شوێن دا لە تەنیشت جیهاد وشی شەڕ بەکار هاتووە.لێرەدایە کە ئەگەر نەختێک زەحمەت بە خۆمان بدەین بۆمان دەردەکوەێ کە مانای وشەی جیهاد زۆر گەورەترە لەوەی کەبەرتەسک بکرێتەوە بە شەڕی نیزامی دژی دوژمن کە لە نێوەرۆکی کتێبەکانی ئێراندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

لەم پێوەندییەدا پێغەمبەری ئیسلام لە جیهادی نیزامی بە جیهادی {اصغر}ناو دەبات ولە تەنیشت ئەو جیهادەدا ئاماژە بە بەربەرەکانی لە گەڵ نەفس دەکات کە بە جیهادی {اکبر} ناوی لێ دەبات.

هەر لەو کتێبانە دا ئاماژە بەوە دەکرێ کە کافرەکان دابەش دەبن بە پێنج بەشەوە [١معاهد، ٢ معابد،٣ محارب،٤ اهل ذمە،٥ مستامنین ] کە لە نێوان ئەوانەدا حوکمی جیهاد تەنیا بۆ کافرانی موحارب {دژی خودا} رەوایە وئەوانی دیکە ناگرێتەوە.هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە حوکمی جیهاد کاتێک دەدرێت کە گیان و ماڵی موسڵمانان کەوتبێتە بەر هەڕەشە و مەترسی و لەلایەن نوێنەری خودا لە سەر زەوی یان جێ نشینەکانیەوە دەر دەکرێت.

بە سرنجدان بەو خاڵانەی سەرەوە ئەم پرسیارانە لە زەینی هەر خوێنەرێکدا دێنە گۆری ،بۆ وێنە،ئاخۆ خومەینی نوێنەری خودا لە سەر زەوی بوو کە فتوای جیهادی دژی نەتەوەیەک دەرکرد؟ ئایا خەڵکی کورد کافر و دژی خودا بوون کە فتوای جیهادیان لە سەر رەوا بێ؟ئایا خەڵکی کورد هێرشیان کردبوە سەر گیان و ماڵی موسڵمانان؟و......ودەیان ئایا و ئاخۆی دیکە کە بێ گومان وڵامیان لای هەر مرۆڤێکی بە ویژدان جگە لە وشەی "نە"هیچی دیکە نیە

با بڵێین کە گەورەساڵانی کوردستان کافر بوون و حوکمی جهادیان لە سەر رەوا بووکە واش نەبوو،ئەی تاوانی ئەو منداڵە ساویلکانەی کە بە دەستی سەربازانی بە ناو ئیسلام کوژران چی بوو؟ئاخۆ ئەوانیش دژی خودا بوون؟

ئەی تاوانی ئەو کەسانەی کە بۆ پێشگیری لە کوشت و کوشتاری خەڵکەکەیان قورئان بە دەست بەرەو پیری پاسدارەکان رۆستن و خۆشیان بوونە قوربانی چی بوو؟ وای دابنێین کە کافر بوون باشە خۆ هەر هیچ نەبێ پەنایان بۆ قورئان هێنابوو کە پێغەمبەری ئیسلام لە پەیوەندییەدا دەڵێ گەورەترین گوناح لای من ئازار دانی ئەو کەسانەیە کە پەنا دەبەن بۆ ئیسلام جا چ بگات بە کوشتنیان.

خەلکی کوردلەو شەڕە نابەرانبەرەدا نەک هەر هێرشیان نەکردبوە سەر هیچ کەس و هیچ خاکێک بەڵکوو لە قووڵایی خاکی کوردستان دا{سنە، پاوە،مەریوان و...}و بۆ دیفاع لە کەرامەتی خۆیزن بەرانبەر بە هێزەکانی رێژیم وەستان کە مافی سروشتی هەر تاک،گروپ و نەتەوەیەکە کە لە خۆی بارانبەر بە هێرشی دوژمن دیفاع بکات.ئەو کوردانەی کە بونە قوربای خۆ لە شارەکانی تاران،قوم ،مەشهەد و.....نەکوژران هەتا بڵێین هێرشیان بردوە بۆ سەر ......بەڵکوو ئەوان لە سەر خاک و زێدی خۆیان بوون کە وەکوو داگیرکەر و هێرشبەر هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کراو بوونە قوربانی.

لە ئاکامی ئەم هێرشەدا سەدان رۆڵەی خوێندەوار و ئازادیخوازی کورد بونە قوربانی سیستمێک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین کەباجی خود ئاگاهی و تێگەیشتووی سیاسی خۆیان بەو رێژیمەدایەوە کە لە رێفراندۆمی بە ناو دیاری کردنی خۆیدا لە لایەن خەڵکی کوردستان و لە ژێر کاریگەری رێبەرانی سیاسی و ئایینی خۆی دەنگی "نە"ی وەرگرتبوو.

ئەگەر ٣٠ ساڵ لەمەوپێش تەنیا کوردەکان دژی ئەو سیستمە راوەستان ئێستا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران ئەو رێژیمەیان قەبووڵ نیەو دەبینین کە بە هەزاران کەس دەرژێنە سەر شەقامەکان و دژی ئەو رێژیمە دروشم دەدەن.ئێستا ئیدی بۆ خەڵکی ئێران دەرکەوتووەکە فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوی کورد کە بوو بە هۆی کوشتنی سەدان رۆڵەی ئازادیخواز و خوێندەواری ئەو گەلە نەک هەر لە رووی ئاوەز نەبووە بەڵکوودەرخەری خوی و سروشتی دڕندەیی کەسایەتی خومەینی و ئەو سیستمە حکومەتییە بوو کە بە تالان کردنی دەسکەوتەکانی خەڵک و پێشکەش کردنی هەموو دەسەڵات بە ناوبراو بواری بۆ ئەنجامدانی وەها جنایەت گەلێک رەخساند.

لێرەدایە کە پێویست بوونی نیزامێکی سیکۆلار بۆ داهاتووی ئێران بە باشی دەردەکەوێ ،هەتا جارێکی دیکە رۆڵەکانی هیچ نەتەویەکی دیکەی ئێران نەکونە بەر هێرشێکی لەم چەشنە،جارێکی دیکە رۆڵەی شیرخۆری هیچ دایکێک نەبینین کە ببێتە قوربانی سیاسەتی چەپەڵ و نگریسی وەها رێژیمێک کە لە ژێر چەتری ئیسلام و بە ناوی خودا و قورئان دەست بۆ هەموو جینایەتێک دەبەن.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردیش پرسپکتیڤ / رێکەوتی : ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی پەرچدانەوەی مرۆڤ کوژی رژێمی کۆماری ئیسلامی

نە بۆ بەندیخانە ! نە بۆ گیان ئەستاندن ! نە بۆ کۆماری ئیسلامی !

خەڵکی وریا و تێکۆشەری کوردستان !

لە ساڵە وەختنەی فتوای هێرشە شەری ئاینیی ئایەتوڵلا خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان (٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی)، کە دەسپێکی شەپۆلی داپڵۆسین، سەرکوت، کۆکوژی و مالوێرانی و ئاوارەبوونی تێکڕایی خەڵک بوو، شەرێکی تۆکمەی توندیش بە سەر خەڵکی کوردستان داسەپێنرا.
ئەم فتوایە، هەر نەک یەکەم کازیوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژیم دژ بە خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکو لە ڕاستیدا زاڵ بوونێکی ڕەبەقی کۆنەپەرستی و دوور لە یاساییش بوو، کە حکومەتێکی بێ بەزە و چەوت و چەپەڵی لێ ساز بوو. حکومەتێک کە هەر دەنگێکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی بە زیندان و بەند و ئازار و فەوتاندن وەڵام دایەوە و بە پشت ئەستووریی کۆنەپەرستانی ناو کۆمەڵگە، کپی و بێدەنگییەکی مردووخانەیی بە سەر گۆشاوگۆشی ئێران دا سەپاند.
خۆبەخشانی شێت و شەیدای ویلایەتی فەقیە لە کوردستاندا جینایەتێکی ئەوتۆیان لە دەست هەڵوەری کە لە دیرۆکی نەتەوەکانی سەر ئەم جیهانە دا بێ وێنە بووە.
ئەوان ، هاودەم دەگەڵ ڕاگەیاندنی فتوای شەڕی ئاینی لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینی و ناردنی خەڵخاڵی مرۆڤکوژ بۆ کوردستان، گەنج و پیریان پۆل پۆل ڕادایە بەر گوللە. پزیشکەکان، برین پێچ و تەنانەت بریندارانی ژێر دەرمانیش لەم کۆکوژییە دەرنەچوون. بە فەرمانی مەلا حەسەنی و بەڕێوەبردنی سەرهەنگ زەهیرنەژاد سەرۆکی ئەوکاتی لەشکەری ٦٤ ی ورمێ، لە شارەکانی نەغەدە، شنۆ، مەهاباد، ورمێ و سەلماس دا شەڕیان بە خەڵک فرۆشت و نیشتەجێیانی دەیان گوند و ئاواییان دایە بەر دەسڕێژی گوللە؛ وێنەی زیندوویان قارنێ و قەڵاتانە. هاوکات، لە بەندیخانەی شاری تەورێزیش دەیان ڕۆڵەی کوردیان بەبێ هیچ سەرخوێندنەوە و دادگایی کردنێک ، لە شەو دا تیرباران کرد.
لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی شەڕی ئاینیی هەتا ئێستا، هەزاران تێکۆشەری کورد، لەوپەڕی ناجوانمێریدا، لە لایەن دادوەرانی مێشک ترشاوی دادگەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سزای مەرگیان بە سەر دا سەپاوە و شەهید کراون، یان لە هەندەران، بەتایبەت لە کوردستانی عێراق، بکەرانی نادیاری کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستاندوون.
ترۆری یەک بە دوای یەکی ڕوناکبیران و سەرۆکانی سیاسیی خەڵکی کورد، وێنەگەلی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕەشەکوژییانەی دژ بە مرۆڤن و دەنگی دادگای میکونوسی ئاڵمان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی تاوانباریەتی سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم کوشتارە دا، پشت ڕاستکەرەوەی ئەم ڕاستییانەیە.
بە تێپەڕ بوونی زێدە لە سێ دەیەی ڕاگەیاندنی شەڕی ئاینی، ئێستایش ئەگەر خەڵکی وریا و مافخوازی ئێران بە بۆنەگەلی جۆراوجۆر نیازی وەڕێخستنی خۆنیشاندانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێت، ڕژێم بۆ چاوترساندنی خەڵک، بە گورجی چەند ڕۆڵەی تێکۆشەری سیاسیی کورد لە دار دەدات و بەم چەشنە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات لە هیچ سووکایەتی و پێشێلکردنێکی مافی ئینسانی خۆ ناپارێزێت.
ئێمە ئەو کەسانەی وا ئەم بانگەوازەمان واژۆ کردووە، لە ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی فتوای خومەینی (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی) لەمەر کوشتاری خەڵکی کوردستان و بۆ ڕاگرتنی ڕێز و خۆشەویستیمان سەبارەت بە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، ڕایدەگەیەنین کە:
ڕۆژی پێنجشەمۆ ٢٨ ی گەلاوێژ، ڕێکەوتی ١٩ ئاگوست کاتژمێری ١٢ نیوەڕۆ بە کاتی ئێران . لە ئەوروپا دا کاتژمێری ٩:٣٠ ، خەڵکی کوردستان بە تێکڕای کرێکار، موچەخۆرانی ئیداری و کارمەندانی ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان و کەرتی تایبەت و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەر جێ و شوێنێک هەن، دوو خولەک بێدەنگی ڕابگەیەنن. ئەمجار بۆ دانانی چەپکە گوڵ لە سەر گڵکۆی گیانبەخت کردووانی ڕێگای ڕزگاری و سەردانی بنەماڵەکانیان ، ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەجێ بهێنن. هەروەها بۆ پەرچدانەوەی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوویی دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافخوازانەی خەڵکی ئێران، لە کاتژمێری ١٠ ی شەو بە کاتی تاران، بە ماوەی دوو خولەک چراکانی ماڵ و شوێنی کاری خۆیان بکووژێننەوە.
هاووڵاتییانی بەڕێز! ژنان و پیاوانی وریا و لاوانی لە گیان بوردووی ئێران! لە ساڵەوەختینەی فتوای ئایەتوڵلای خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان؛ ئێوەیش دەتوانن بە تێکۆشانی وریایانەی خۆتان لمبۆزی دێوی دیکتاتۆڕی بلەوەز لە خۆڵی ڕێگاتان وەربدەن.
وەرن با دەست لە ناو دەست و شان بە شانی تێکۆشەرانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، دەنگی هاواری ئازادی و مافخوازیمان پێکەوە تێکەڵ بکەین و هەتا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆمان نەسرەوین. هەموومان پێکەوە و یەکدەنگ بڵێین کوشتن، ترۆر، ئەشکەنجە و زیندان ئیتر بەسە. ئەمجار بە هەنگاوی لێبڕاوانە، بۆ دانان و دامەزرانی ڕژێمێکی دیمۆکراتیک و شارستانیانە و پێشڕەو، بەرەو پێش بچین.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد - ئوروپا

سەرچاوە : کوردستان پۆست / ڕێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ۲۸ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرەنگاری گەلی کورد دژ بە هێرشی کۆماری ئیسلامی




بیست وهەشتی گەلاوێژی هەموو ساڵێک، وەبیرهێنەرەوەی لاپەڕەیەکی گرینگ لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، واتە شکڵ گرتنی بەرەنگاری نەتەوەیی و یەکگرتووانەی سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەرانبەر بە هێرشی نیزامیی و داگیرکەرانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە فەرمانی راستەوخۆی خومەینی لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ هاتە ئاراوە. کوردستان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ توانی بۆ ماوەیەکی کورت شنەبای ئازادی هەڵمژێت و بە شێنەیی هەنگاو بەرەو خەملینی خۆی هەڵگرێت.

ئەو سەردەمە، لە کاتێکدا ئیسلامی سیاسی توندرەو بە رێبەری خومەینی باڵی رەشی خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵگای ئێراندا سەپاندبوو، کوردستان وەک کۆمەڵگایەک کە خەریک بوو هەموو جموجۆڵێکی کۆمەلایەتی و سیاسی فرەچەشنی لە هەناوی خۆیدا پەروەردە دەکرد، بزووتنەوەیەکی سێکۆلار و پێشکەوتنخوازی لە کۆی ئەم جموجۆڵانەدا پێگەیاندبوو. ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازانەی بزووتنەوەی کوردستان، عەداڵەتخوازی و بوونی دەنگە جیاوازەکان لەفەزایەکی دێمۆکراتیک لە پێناو گەیشتن بە خواستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کورد، چی دی بۆ دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی تەحەمول نەدەکرا.

فەرمانی هێرشی سەراسەری بۆ کوردستان لە لایەن خومەینییەوە تەنیا لەبەر ئەوەی گوایە ژنانی موسلمان لە مزگەوتی جامیعەی شاری سنە بەدیل گیراون، زیاتر لە درۆ و بیانوییەکی بێ ناوەرۆک بۆ دەستپێکی داگیرکردنی کوردستان، شتێکی دیکە نەبوو. گوتاری ئاشتیخوازانە و دێمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان بە ناحەق لە لایەن پاسدارانی خومەینی و حکومەتی تازە وەسەرکارهاتوی کۆماری ئیسلامی خلتانی خوێن کرا. لەم نێوەدا، هەزاران لاو و خەڵکی بێتاوانی کوردستان بوون بە قوربانی شەڕێکی نابەرابەر. گەلی کورد وێرای هێزە سیاسییەکانی، ناچار بوو لە بڕیارێکی مێژوویی، بەرەنگاری چەکدارانە و نەتەوەیی دژ بە هەڕەشەی نەمان و هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامی هەڵبژێرێت. هەربۆیە ۲۸ ی گەلاوێژ، ساڵوەگەڕی بەرەنگاری رەوای گەلی کوردە دژ بە شەڕفرۆشی حاکمانی کۆماری ئیسلامی.

تێپەر بوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر دەسەلاتی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی، ئێعدامی سیاسی و ئەشکەنجە و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی نێو بزووتنەوەی کوردستان، هێشتا نەیتوانیوە ئاگری ژێر خۆڵەمێشی ئەم خەباتە بکوژێنێتەوەو شوناس و گوتاری ئازادیخوازانە و ئاشتیخوازنەی خەڵکی کورد لە نێو ببات. هاتنە ئارای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو دێمۆکراسیخوازانەی خەڵکی ئێران لە ساڵی رابردوو دژ بە دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بەنێوی "جوڵانەوەی سەوز"، بە تەواوی سەلماندی کە خەباتی سی ساڵەی بزوتنەوەی کوردستان دژ بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، خەباتێکی بەرحەق و رەوایە. لە جەریانی ئەم بزووتنەوەیەدا، پشتیوانی بەشێکی بەرچاو لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و لەوانە کۆمەڵە و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و خوێندکاری، هاوتەریبی مێژوویی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردی لەگەڵ بزوتنەوەی دێمۆکراسیخوازانەی سەراسەری بۆ هەموان سەر لە نوێ ئاشکرا کردەوە.

تێپەراندنی بەشێک لە هێڵە سوورەکانی بزوتنەوەی سەوز و شکاندنی تابۆی ویلایەتی فەقیە لەسەر شەقامەکان بە دوپاتکردنەوەی دروشمی "مەرگ بۆ ئەسڵی ویلایەتی فەقیە" و هەروەها لایەنگریی بەشێکی بەرچاوی ئەم بزوتنەوە فرەچەشنە لە سێکۆلاریزم، بە شێنەیی رێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە هەم لەلایەکەوە دیواری بێ متمانەیی و بەدگومانی هەڵێنجراو لە سێ دەیە پڕوپاگەندەی ژەهراوی کۆماری ئیسلامی بە دژی کورد و هێزە سیاسییەکانی، قەڵەشتی گەورە هەڵبگرێت و لە لایەکی دیکەوە، کوردیش مەجالی دوپاتکردنەوەی خواستە رەواکان و دروشمەکانی خۆی بۆ بزوتنەوەی سەراسەری بۆ رەخسا. ئەگەرچی هێشتا پاشماوەی پڕوپاگەندەی دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کورد لە زەین و کولتوری هەندێک لە خەڵکانی بەشدار لە بزووتنەوەی سەراسەریدا ماوە، بەلاَم بەگشتی پرۆسەی پێوەندی و لێکتێگەیشتنێکی نوێ لە ئاکامی ئەم رووداوانە هاتۆتە ئاراوە.

لە سیو یەکەمین ساڵوەگەری ۲۸ی گەلاوێژدا، جارێکی دیکە وێڕای مەحکومکردنی هێرشی درندانەی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەکەی و پێویستی رێزگرتن لە بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دژ بەم هێرشە، پێویستە لەسەر خەباتی سیاسی و مەدەنی و جەماوری خەڵکی کورد دژ بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی جەخت بکەینەوە. هاوکات پەرەپێدانی هاوپشتی و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری و دێمۆکراسیخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ بزوتنەوەی کوردستان، پێویستیەکی مێژووییە لە پێناو هەڵتەکاندنی تانوپۆی دیکتاتۆری هەوسارپساو لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا.

سەرکەوێت بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد

مەرگ و نەمان بۆ رژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

سەرچاوە : ماڵپەری ئاسۆی رۆژهەڵات / رێکەوتی : ۹ی ئاگۆستی ۲۰۱۰

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدکا لە سیهەمین ساڵی دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان

هاونیشتمانە بەرێزەکان!

خەڵکی خەباتگێرو ئازادیخوازی کوردستان!

کۆرو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان!

گەلی کوردو حیزبە پێشڕەوەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە خەبات دژی رێژیمی پاشایەتیدا رابردوویەکی دوورو درێژو پرشنگداری هەیەو لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئەم خەباتەدا، گەلێک قوربانیی بەنرخی داوە، لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا زۆر چالاکو لە پێشەوەی ئەم خەباتە قارەمانانەیەدا، بە هیوای هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتی کە لەودا خەڵکی سەرانسەری ئێران بە ئازادیو دێموکراسیو گەلی کوردیش بەمافی رەوای خۆی شاد بێ، تێکۆشاو تا سەرئەنجام رێژیمی دژی گەلیو دژی ئازادیی حەمەڕەزا شا لە ٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا رووخاو تۆماری رێژیمی شاهەنشاهی لە ئێراندا پێچرایەوە.

لە سبەینێی سەرکەوتنی ئەم راپەڕینە شکۆدارەدا، گەلی کورد هیوادار بوو بە مافە رەواکانی بگات، کەچی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، دەستی بە پیلانگێڕی دژی ئەم نەتەوە مافخوازە کردو سەرەتا لە نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری سنە شەڕێکی خوێناویی بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا سەپاند کە لەو شەڕەدا بە سەدان نەفەر لە خەڵکی ئەم شارە قارەمانەیان شەلاڵی خوێن کرد، زۆریشی پێ نەچوو لە ٣١ی خاکەلێوەی هەمان ساڵدا شەڕی نەغەدەی ساز کرد.

حیزبی دێموکرات بە ناردنی چەندین وەفد بۆ تارانو وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوکاتی تاران لە خومەینییەوە بگرە تا بازەرگانو بەنیسەدرو... هتد، زۆری هەوڵ دا بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو دوور لە شەڕو کێشە، ویستەکانی گەلی کورد بخاتە بەر نەزەری کاربەدەستانو بەهیوای چارەسەری ئەم کێشەیە هەوڵی دا، بەڵام بەداخەوە رێژیم لە باتی لەبەرچاوگرتنو هەنگاو هەڵێنان بۆ دابینکردنی ویستی رەواو عادڵانەی خەڵکی کوردستان، تەپڵی شەڕی لێداو لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی بە راگەیاندنی فەرمانی جهاد دژ بە گەلی کوردو حەلاڵکردنی گیانو ماڵی رۆڵەکانی ئەم نەتەوە مافخوازو ئازادی ویستە شەڕێکی نەخوازراوو نابەرانبەری بەسەر گەلی کورددا سەپاند کە تا ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوامە.

خومەینی لە فەرمانەکەیدا کە بە بیانووی شەڕی پاوە، بەڵام لە راستیدا دژی هەموو خەڵکی کوردستان دەری کردبوو، دەستووری بە هێزە چەکدارەکانو پەیڕەوانی خۆی دا تا بەرەو کوردستان وەرێ بکەون. لەو فەرمانەدا سەرکوتکردنی گەلی کوردی بە ئەرکێکی شەرعیو گرنگتر لە نوێژو رۆژوو داناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خەباتگێڕی رێگای مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانی، هەڵوەشاوە راگەیاند. لە چوارچێوەی ئەم فەرمانە زاڵمانەیەدا بوو کە هێزە پۆشتەو پەرداخەکانی رێژیمو پەیڕەوە ساویلکەو دەمارگرژەکانی خومەینی، هێرشیان کردە سەر خەڵکی بێدیفاعو ماف ویستی کوردستان. هێزە بەکرێگیراوەکانی رێژیم لەژێر فەرماندەیی چەمران بە هاورێیەتی قازی شەرعێکی وەک خەڵخاڵی، دەستیان دایە قەتڵو عامی خەڵکی کوردستانو لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە دەستیان نەپاراست.

لە چوارچێوەی ئەو فەرمانەدا، سەدان لاوی بێتاوانی کوردیان بە دوای محاکمە چەند دەقیقەییەکانی خەڵخاڵیدا ئیعدام کرد، پاساوی خەڵخاڵی بۆ ئەم کردەوە دژی مرۆڤانەیە ئەوە بووە کە ئێمە لە سێدارەیان دەدەین، ئەگەر بێتاوان بوون دەچنە بەهەشتو ئەگەریش تاوانبار بوون بە سزای خۆیان گەیشتوون.

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

لە کەشو هەوایەکی ئەوتۆی زاڵ بەسەر کوردستاندا، دەبوایە خەڵکی کوردستانو هێزە خەباتگێڕەکانی یا مل بۆ ئەم ژێنۆسایدە نامرۆڤانەیە راکێشن، یان بڕیاری بەرەنگاری لە دژی بدەن کە بە خۆشییەوە خەڵکی ئازاو چاونەترسی کوردستان بە رێبەرایەتیی هێزە سیاسییەکانیو لە پێشەوەی هەموویان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێگای دووهەم واتە رێگای بەرەنگارییان هەڵبژارد. حیزبی دێموکرات لە راگەیەندراوێکدا، روو لە بیروڕای گشتیی ئێرانو کوردستان، وێڕای روونکردنەوەی مەبەستی ئەو فەرمانە رایگەیاند کە لە بەرانبەر ئەو هێرشە نامرۆڤانەو درندانەیەدا کە بە مەبەستی قەلاچۆکردنی خەڵکی کوردستانە، نەک تەسلیم نابێ، بەڵکوو دەست دەداتە بەرەنگاریو خەباتی ئازایانەو بەم چەشنە شەڕی بەرەنگاری لە دژی هێزی هێرشکەر دەستی پێ کرد.

لەپاش سێ مانگ شەڕو بەرەنگاریی ئازایانەی هێزی پێشمەرگەو وەشاندنی دەیان زەبری کاریگەر لە پەیکەری هێزە جینایەتکارە بێورەکانی رێژیم، کە لە رەوتی خەباتی خەڵکی کوردستاندا بە شەڕی سێمانگە ناسراوەو شپرزەبوونی ئەم هێزە، خومەینی بە رواڵەت بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستانو لە بنەڕەتدا بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیو گەماڕۆدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری بۆ خەڵکی کوردستان نارد. لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ناحەزانو بەدخوازان، ئەویان خراپ تێگەیاندووەو ئەو ئامادەیە لە رێگای وتووێژەوە مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکا. حیزبی دێموکرات وێڕای هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژو چارەسەری ئاشتیانەی مافەکانی خەڵکی کوردستان راگەیاند. لە راستیدا رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر، رۆژی سەرکەوتنی بەرەنگاریی قارەمانانەی خەڵکو ئیعترافی راستەوخۆی رێژیم بە شکانی هێزەکانی بوو، هەر بۆیە ئەگەر ٢٨ی گەلاوێژ وەک رۆژی هێرشی کۆنەپەرستی بۆ سەر خەڵکی کوردستان رۆژێکی گرنگو خاڵی دەستپێکی خەباتی بەرگریی خەڵکی کوردستانە، رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەریش رۆژی بەچۆکداهاتنی هێزەکانی رێژیمو سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە، بۆیە وەک رۆژێکی

گرینگ لە مێژووی خەباتی حەقخوازانەی گەلی ئێمەدا دەژمێردرێ.

خەڵکی ماف ویستو ئازادیخوازی کوردستان!

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ، سی ساڵ بەسەر فەرمانی جیهادی خومەینی بە دژی خەڵکی کوردستان تێدەپەرێ. لەو ٣٠ ساڵەدا گەلی ئێمە لە خەباتێکی بەرگریو رەوادا گەلێک ئەزموونی بەنرخی لە پێناو بردنەپێشی ئەو خەباتەدا وەدەست هێناوە، ئەو خەباتو ئەزموونانە بە نرخی شەهیدبوونی دەیان هەزار لە خەڵکی کوردستانو زیندانیو دەربەدەربوونی هەزاران رۆڵەی تێکۆشەری دیکە تەواو بووە. ئەو زیندانییانەی تووشی دەیان جۆر ئەشکەنجەی جەستەییو رەوانی کراونو تەنانەت پاش تەواوبوونی دەورانی حوکمی داسەپاو بەسەریانداو ئازادبوونیان، شوێنەوارەکانی ئەم ئەشکەنجە جەستەییو رەوانییە هەروا لەسەریان ماوەتەوە، بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان زێدو نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووەو دوور لە کەسو کار لە وڵاتی غەریبایەتیو لەوپەڕی بێئیمکاناتی بەڵام لەوپەڕی سەربەرزیدا دەژینو نرخی ئەو ئەزموونانە بووە، بەڵام وەک رێبەری هەمیشە زیندوومان دوکتور قاسملوو فەرموویەتی "گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا"، بەڵێ گەلی کورد فیداکارو دڵ ئاوەڵا، نرخی ئەو ئازادییەی داوەو ئامادەیە لە پێناو مافو ئازادییەکانیدا لەوەش زیاتر نرخ بدات.

ئەگەر لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، هێزە خەباتکارەکانی کورد لە پێناو بەرگری لە نیشتماندا دەستیان دایە بەرەنگاریی چەکدارانەو لەو مەیدانەدا سوارچاکیو لێهاتوویی خۆیان بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نیشان داو دەیان ئەزموونیان لە ئازایەتیو لێهاتوویی تۆمار کرد، لە ٥ ساڵی رابردووشدا لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووو لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات، خەڵکی کوردستان بە داخستنی دووکانو بازاڕەکانیانو بە کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیانو دەربڕینی دەیان نارەزایەتیی دیکە، وەکوو نارەزایەتیی مامۆستایان، ژنان، کاسبکارانی سەرسنوورو... هتد، شێوەیەکی دیکەیان لە خەبات دەست پێ کردووەو لەو مەیدانەشدا سوارچاکو چالاکنو ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک لەو خەباتدا بەشدارن.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستاندا دەستەوەستانو داماوە، هەر رۆژە بە تێچوویەکی زۆرەوە دەست دەداتە پیلانێکی نوێ بە مەبەستی لاوازکردنو لەنێوبردنی خەباتی خەڵکی کوردستان، بەڵام بە خۆشییەوە، بەهۆی وریایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە پیلانەکانی رێژیم یەک لەدوای یەک پووچەڵ دەکرێنەوەو دەبنە بڵقی سەر ئاو.

کۆمەڵانی بەشەرەفو ماف ویستی کوردستان!

ئەگەر ٣٠ ساڵ لەمەوپێش، تەنیا خەڵکی کوردستان ماهییەتی ئەم رێژیمەی ناسیبووو لە دژی خەباتی دەکرد، ئەوا ئێستا ماهییەتی دواکەوتووانەو دژی ئینسانیی ئەم رێژیمە نەک تەنیا بۆ خەڵکی سەرانسەری ئێران، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش دەرکەوتووە.

دوایین رووداوی گرینگو جێی ئاماژە، شانۆی هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا بوو کە ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەهۆی نادێموکراتیک بوونو نایەکسان بوونیەوە، بایکوت کراو گوترا کە رێژیم مۆرەی خۆی بۆ بەناو سەرۆک کۆماریی دەستنیشان کردوە، هەر بۆیە بەشداری لەو هەڵبژاردنەی بە بێمانا لە قەڵەم دا.

بە دوای راگەیاندنی ئاکامی دەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی کە نێزیک بە دوو مانگ لەمەوپێش بەرێوە چوو، شەپۆلێکی نارەزایەتیو قینی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، تەقییەوەو بە میلیۆنان کەس لە خەڵک، دژ بە رێژیم رژانە سەر شەقامەکانو هاواری نارەزایەتیو بێزاریی خۆیان بە گوێی هەموو خەڵکی دنیادا راگەیاند.

هاونیشتمانە بەرێزەکان!

ئێستا پاش ٣٠ ساڵ لەسەرکاربوونی ئەم رێژیمە سەدە نێوەراستییەو دەرکردنی فەرمانی جیهاد بە دژی کوردو دەیان پیلانی دیکە بە دژی ئەم گەلە، بە خۆشییەوە خەباتی خەڵکی کوردستان هەم لە بواری نێوخۆییو هەم لە بواری نێونەتەوەییدا بەرادەی بەرچاو بەرەوەپێش چووەو رواڵەتی راستەقینەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیش رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لە بەرچاوی خەڵکی ئێرانو جیهانو کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا دەردەکەوێ، رێژیم رۆژانە لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکان بەرەورووو دەبێو بۆ چارەسەری هەموو ئەم قەیرانانەش، تەنیا رێگایەک کە پەنای بۆ بردووە سەرکوتو کوشتارو زیندانیکردنو ئەشکەنجەی وەحشیانەی خەڵکی تێکۆشەرو ئازادیخوازە. ئەم شێوە هەڵسوکەوتو بیروبۆچوونەی رێژیم بۆخۆی پێکهێنەری گەورەترین قەیرانەکانە، هەر بۆیە ئێمە لە سیهەمین ساڵیادی دەرکردنی ئەم فەرمانە جینایەتکارانەیەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی ئازادیخوازی کورد، هەموو کردەوەکانی دیکەی رێژیم لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی ئازادیخوازان لە سەرانسەری ئێراندا مەحکووم دەکەینو هاودەردیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەم رووداوە دەردەبڕینو پشتیوانی لە خەباتی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئازادی، دێموکراسیو مافە نەتەوایەتییەکانیان دەکەین. ئێمە دڵنیاین کە خوێنی بە ناحەق رژاوی تێکۆشەرانی کوردو رەنجو مەینەتی هەزاران کەس لە رۆڵە خەباتگێرەکانی بە فیرۆ ناچێو سەرئەنجام رێژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە.

بڕووخێ رێژیمی سەرکوتکەرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە دژی ستەمو دیکتاتۆری**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٧ / ٥ / ١٣٨٨ ( ١٩ / ٨ / ٢٠٠٩)**

*سەرچاوە : کوردستان میدیا / رێکەوتی : ١٩ی ئاگوستی ٢٠٠٩*

## پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ سیهەمین ساڵروژی هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ ساڵروژی دەرچوونی فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستانە. ٣٠ ساڵ لەمەوبەر و لە ئاوا رۆژێکدا، کۆماری ئیسلامی لە کاتیکدا کە هیشتا پتر لە چەند مانگ لە تەمەنی دەسەلاتی تێپەڕ نەببوو، تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە لە رژیمی شاوە وەک میرات بۆی بەجێ مابوو و توانیبووی لەو ماوە کورتەدا وەگەڕیان بخات ، لە پێناو سەرکوتی جەماوەرێک لە کوردستان بەکاریان بێنێت کە دەیانویست لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی خۆیان بەهرەمەند بن.

کوردستان لە هەلومەرجێکدا کەوتە بەر شاڵاوی رژیمی ئیسلامی، کە دەورەیەکی چەند مانگەی رزگاری لە کۆتوبەندی دیکتاتۆری رژیمی پەهلەوییان تەجروبە دەکرد. حیزبە سیاسیەکان ئازادانە چالاکیان دەکرد، رێکخراوە مەدەنیەکان وردە وردە شکڵیان دەگرت، لە هەندێک لە شارەکان شۆراکانی بەرهەمی خەباتی جەماوەری، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی خەڵکیان بە دەستەوە گرتبوو، رێژەی جورم و جینایەت لە چاو تەواوی حەیاتی رابردووی ئەم کۆمەڵگایە، بە لانیکەمی خۆی گەیشتبوو. فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پێشرەو رەگاژۆی کردبوو و وشیاری و شعووری سیاسی گشتی، بە ئاستێکی بالا گەیشتبو، ئیبتکار و خەلاقیەتی جەماوەری بۆ سارێژ کردنەوەی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو زامانەی کە دەسەڵاتی پەهلەوی لە سەر جەستەی کۆمەڵگا بەجێی هێشتبوو، کەوتبۆە کار و هەستی ئینسان دۆستی و شورو شەوقی شۆڕشگێرانە سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتبوو.

بەڵام لە هەمانکاتدا،نیگەرانی لەو مەترسیانەی کە لە کوردستان و لە ئاستی سەراسەریدا هەستیان پێدەکرا، وردە وردە پەرەی دەسەند. رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، هەر لە یەکەم رۆژەکانی پاش راپەرینی ٢٢ ی رێبەندان، هێمای دزێوی مەبەست و ئامانجی راستەقینەی خۆی بە جەماوەر نیشان دابوو. چەند مانگ پێشتری یەکەمین بەهاری ئازادی خەڵکیان لە شاری سنە شەڵاڵی خوێن کردبوو، پیلان گێری، هەرەشەو خەت و نیشان کێشانی بەردەوام، پشتگیری و بەهێز کردنی تاقم و گروپی کۆنە پەرەست و پشتیوانی لە پاشماوەکانی کۆنە پەرەستی دەرەبەگایەتی، نائەمن کردنی فەزای شارەکان لە رێگای جێگیر کردن و دامەزراندنی بنکەی چەکداری سەر بە رژیم، تەواوی ئەمانە زایەڵی شوومی ئەو مەترسیانەی کە لە رێدا بوون، بە گوێی خەڵکی کوردستان دا چرپاندبوو.

لەو رۆژانە دا کۆمەڵە سەرەرای تەواوی ئەم کارشکێنی و کەندو کۆسپانەی کە ناوخۆی کوردوستاندا دەیان خستە سەر رێگای ، هەوڵی دەدا خەڵک لەو ئەو مەترسیانەی کە لەرێدا بوون ئاگادار بکات جەماوەری خەلک بۆ موقاوەمەت بۆ خۆراگری بەرانبەر بە هێرشێک کە لە رێ دابوو ئامادە بکات. بە هەر رادەیەک کە رژیمی ئیسلامی جێگا پێی خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران پتەوتر دەکرد، مەترسی هێرش بۆ سەر کوردستان زیادی دەکرد و هاوکات سێبەری رەشی ئیستبداد و کۆنە پەرەستی بەرە بەرە هەموو ئیرانی دادەپۆشی . ئەم مەترسیە لە چەند مانگ پێش رووخانی رژیمی شاو هەر لەو کاتەوە کە دورشمی "حیزب تەنیا حیزب الله، رێبەر تەنیا روح الله"،بوو بە وێردی سەر زمان، هەستی پێدەکرا و دەنگی پێی ئیستبدادێکی رەشی مەزهەبی هەر لەو کاتەوە دەبیسترا.

هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی رژیم بۆ سەر کوردستان روداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە پلانەکانی خومەینی و هاوبیرانی بە مەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران و ناچار کردنی جەماوەری راپەریو بۆ مل کەج کردن لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی دا. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ماشێنی تازەی سەرکوت بە خێرایی کەوتەوە کار و نە تەنیا هێزە سیاسیەکان، بەوڵکوو تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کرانە ئامانج. بە پێشوازی کردن لە شەری ئێران و عێراق، نە تەنیا کەش و هەوای کۆمەڵگای ئێرانیان میلیتاریزە کرد و شورا کرێکاریەکانیان داخست، بەڵکوو زۆربەی کاخانەکانیان لەکار خست و کرێکارەکانیان رەوانەی بەرەکانی شەر کرد، نە تەنیا دەفتەری گروپە سیاسیەکانیان لە زانکۆکان کۆکردەوە، بەڵکوو تەواوی زانکۆکانیان داخست، کرێکارانی نارازی و بێکاریان لە بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان و تاران دایە بەر دەست رێژی گوللە، هێرشیان کردە سەر خوزستان و تورکەمەن سەحرا، سوکایەتیان بە ژنان کرد و ژێر چارشێوی رەش دا، یەخسیر کران و خزانداینانە گۆشەی مالەکانیانەوە. هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژ بەشێک بوو لە پلانێکی سەراسەری بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سەرکوتی ئەو جەماوەرەی کە بۆ رزگار بوون لە دەست سەرەرۆیی پەهلەوی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان راپەڕیبوون.

جەوهەری راستەقینەی حکومەتی مەزهەبی، زەوت کردنی ئیرادەیە لە ئینسان. لەم رووەوە ئەم رژیمە هەر لەبنەڕەتدا لە گەل ئازادی ئینسان بێگانەیە. خومەینی بە

پشت بەستن بە تەقیە( یان ڕەوا بوونی درۆ لە مەزهەبی شیعە) دا، پێویستی بە دەرفەتێک بوو هەتا پایەکانی نیزامە ئیسلامیەکەی خۆی جێگیر بکات. بەڵام وجودی کەش و هەوای ئازاد دەرفەتێکی ئەوتۆی پێنەدەدا، تا ئەو کاتەی کە سروەی نەسیمی ئازادی لە هەر شوێنێکی ئێران هەستی پێدەکرا، ئەو بە ئاسودەیی خەوی لێندەکەوت. لە روانگەی ئەوەوە ئازادی وەک ژەهرێک وابوو کە دەڕژایە جەستەی رژیمی ئیسلامیەوە. ئەو تەنیا بۆ چارەسەری شەری نێوان دەست و پێوەندەکانی خۆی و جێنشیەکانی پێی دەگوتن کە پێوەر دەنگی خەلکە.

خۆراگرییەکی پرژوبڵاو و ناهاوئاهەنگ لە بەرانبەر هێرشی کۆنەپەرستیدا لە هەموو شوێنێک شکڵی گرت و رژیم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بە ئاسانی داگیر بکات. بەڵام ئەم خۆڕاگریە لە کوردستان وەها جانانە بوو کە سەری کۆماری ئیسلامی تێیدا لەبەرد دا، ئەم خۆڕاگریە، دەنگی شۆڕشی ئێران بوو کە لە کوردستانەوە دەبیسترا و بە گوێی خەڵکی هەمو ئێران و جیهان دەگەیشت . ئەو خۆراگرییە لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگ دا خومەینی کێشایە پشت مێزی وتوێژ، تا ئەم جارەیان بە فێڵ و فریوکاری دەرفەتێکی گونجاو بەدەست بە دەست بێنێت و بڵێسەی ئاگری ئەم بزوتنەوەیە دامرکێنێتەوە. هەربۆیە کاتێک چەند مانگ دواتر هەستی بە ئامادەبوون کرد سەرلەنوێ هێرشی نیزامی خۆی دەست پێکردەوە.

لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە دا رێگای سەخت و دژوار تێپەڕ کرا، بەڵام خەڵکی کوردستان لەم تاقی کردنەوە مێژووییە دا سەربەرز هاتنە دەرێ. بزووتنەوەی عادڵانە و ئازادیخوازانەی ئەم خەڵکە، توشی گەلێک هەوراز و نشێو بوو، بەڵام "زەوی ژێر پێی رژیم لە کوردستان هەمیشە داغ" بوو. شۆڕش لە ئێران شکستی پێ هات، بەڵام بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان لە شکل وشێوەی جۆراوجۆردا درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێ گومان ٣٠ ساڵی رابردوو، دەورانێکی سەخت و دژوار بووە بۆ خەڵکی کوردستان ، بەڵام نە بەو رادەیە دژوار کە ئەگەر سەریان بۆ دەسەلاتی رەشی ئەو رژیمە دانەواندبایە توشی دەبوون.

ئەمرۆ لە هەل و مەرجێک دا یادی ٣٠ ساڵەی دەستپێکی ئەم خۆڕاگریە پڕ شکۆیە رێز لێ دەگرین کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە گێژاوێکی مەرگبار دا گرفتار بووە. خۆڕاگری لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامیدا سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە. ئەم خۆڕاگریە، باڵەکانی رژیمی بە گژ یەکتردا کردووە. زۆریەک لەوانەی کە سەردەمێک فەرمانیان دەدا "تا شۆڕشی کوردستان دانەمرکێنن، پۆتینەکانتان لەپێ دەر مەهێنن" و یان " چاوەڕوانی فەرمانی خومەینی بوون تا ببن بە موجاهید بۆ سەرکوت خەڵکی ئازادیخواز" و یان" بۆ سڵامەتی ئیمام دوعایان دەکرد" و داوایان دەکرد کە "سپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکرێ"، زۆریەک لە سازماندەرانی سەرەتایی ناوەندەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی، سەران و دامەزرێنەرانی سپای پاسداران کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران سوورە، هەمووی ئەمانەی کە ئەوکات شمشێری دوژمنیان دەمەزەرد دەکردەوە و نەمامی سەرەرۆیی مەزهەبییان ئاو دەدا، ئیستا و لەم دەورەیەدا خۆیان بوونەتە قوربانی ئەم رژیمە و خەڵکی کوردستانیش شانازی بە خەبات و خۆڕاگری ٣٠ ساڵی خۆیانەوە دەکەن.

خەڵکی کوردستان کە ئاڵاهەڵگرانی خۆڕاگری لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی بوون، لە رۆژی مێژوی ٢٨ی گەلاوێژ دا کە هێمای هاوپشتی و خۆڕاگریە، تازیەبار نابن، ئەوان دەزانن کە خۆێنی گیانبەختکردوانیان لەم رێگایە دا بە فێرۆ نەچووە، ئەوان سەر بەرز و سەرفەراز، بە شانازی بەو خۆڕاگرییەی کە ئێستا ئیتر بە پانتایی هەموو ئێران لە ئارادایە ، بەرەو ئاسۆیەکی رۆشن، رێگای خۆیان درێژە پێدەدەن.

ئەمرۆ وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە ئاستێکی بەرز دایە. کرێکارانی کوردستان هەڵسوراوانە لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەشدارن و دەوری پێشڕەو دەگێرن، ژنان شانازی بە خۆراگرێەک دەکەن کە بەرانبەر بە کۆنەپەرەستی و دوسەلات لە هەموو سنەگەرەکاندا کردویانە. ئەو دورشم و داخوازیانەی کە کۆمۆنیستەکان لەم کۆمەڵگایە دا هێنایانە گۆرێ، ئێستا جەماوەری بوونەتەوە و بوونەتە هێزێکی مادی و ئەمانە هەمووی بەرهەمی بەشداری هەڵسوراوانەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەراسەری بۆ روخاندنی رژیمی پاشایەتی و خۆڕاگریەکە کە لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨وە لە بەرانبەر هێرشی رژیمی ئیسلامی دا شکڵی گرت. رێز لەم رۆژە مێژویە دەگرێن و درود دەنێرێن بۆ هەموو ئەو ئینسانە سەربەرزانەی کە لەم رێبازەدا دا گیانیان بەخت کردوو و هەروەها سەری رێز دادەنەوێنین بۆ بنەماڵەی سەربەرز و خۆڕاگری ئەوان.

کومیتەی ناوەندی کۆمەلە

ریکخراوی کوردوستانی حیزبی کومونیستی ئیران

٢٦ گەلاوێژی ١٣٨٨هەتاوی / ١٧ئوتی ٢٠٠٩زاینی

سەچاوە : ماڵپەری کۆمەڵە / رێکەوتی : ١٧ی ئووتی ٢٠٠٩

## با ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی قەتڵ و عامی گەلەکەمان لە یاد نەکەین. بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان.




کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو.

مانگ و ڕۆژ نییە لە ڕۆژمێرەکانی ساڵدا کە پڕ نەبێت لە کارەساتی جۆراوجۆر بۆ سەر گەلەکەمان، و ئەو کارەساتانەش بێوچان بۆ سەر خاک و زێدمان بەردەوامە، پێویستە هەمووومان لە ئاست خۆمانەوە ئەو ڕۆژمێرو کارەساتانە بکەین بە پەرتووکی مێژوویی، بۆ قەدرزانی و خۆڕاگری خاک ونەتەوەکەمان، وهەروەها بیکەینە پەیامێکیش بۆ نەوەی داهاتوومان.

٢٨ ی گەلاوێژی ٢٦٨٠ی کوردی، واتە ١٩٨٠ی زاینی ، یەکێکە لەو ڕۆژە شوومانەی مێژووی نەتەوە بندەستەکەمان لە ئێران، کە بە فەرمانی ئایەتوڵلا خۆمەینی ڕێبەری ئاینی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بە فەرمانی جیهادی کورد کافرە لە مێژوودا تۆمار کراوە، هێرشی دڕندانە وبێبەزەییانەی سوپای پاسداران کرایە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و بە سەدان و هەزاران کەس کوژران و بریندار کران و ڕاپێچی سیاچاڵەکانی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە کران.

هاوڵاتیانی تامەزرۆی سەربەخۆیی یەکجاری : ئەگەر ئێمەی کورد بە تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ئەو ڕووداوە مێژوویانە بێدەنگ بین و وەک پێویست کاری لەسەر نەکەین، ئەوا هەرگیز ناتوانین لە ڕووداوەکانی مێژوودا ئەزموونێک وەرگرین بۆ ئەوەی بتوانین لەو جۆرە کارەساتانە بە دوور بین.

هێرشەکانی ٢٨ی گەلاوێژی ٢٩ ساڵ پێش، هێرش بۆ سەر گروپ ولایەنێکی تایبەتی نەبووە، بەشکو هێرشی سەرتاسەری بووە بۆ سەر گەلەکەمان بەمەبەستی جینووسایدکردنمان، بۆ ئەم مەبەستەش وشەی کورد کافریان بە کار هێناوە، بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی کەسانی دواکەوتوو پەیرەوانی ئاینی تایبەتی ئیمام خومەینی بۆ ئەم جینایەتە ڕاکێشن.

پارتی سەربەستیی کوردستان وەک پارتێکی نەتەوەیی خۆرهەڵاتی کوردستان، داوا لە گشت کوردستانیانی خۆشەویست لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەکەین، کە لە وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕۆژە تاڵەو ڕسواکردنی ڕێژیمی کورد کوژی ئێران، لە چالاکییەکان بەشداری بکەن وەبیری کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێژیمەکانی داگیرکەرەکانی کوردستان بێنەوە، کە ئێمەی کورد هەرگیز تاوانەکانی ئێوەی داگیرکەر لە یاد ناکەین.

هاوکات داوا لە گشت پارت ولایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازییەکی سیاسی و هزری، هەوڵبدەن کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییەوە و چەندین جینایەتی دیکە پێک بێنن، کە بتوانن لە ئاست جیهاندا لە سەر ئەم کردەوانە بە شێوەیکی زانستی کار بکەن، و لە دادگاکانی جیهانی سکاڵا بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمار بکەن.

ڕسوایی بۆ کۆماری ئازادی کوژی ئیسلامی ئێران و سەربەرزی وسەرفرازی بۆ گەلی کورد،


هەر شەکاوەبێت خەبات لە پێناو سەربەخۆیی و سەربەستیی یەکجاری گەلەکەمان.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

٢١ی گەلاوژی ٢٧٠٩ ی کوردی. ١٢/٨/٢٠٠٩ زاینی.

سەرچاوە : ماڵپەری پارتی سەربەستیی کوردستان / ڕێکەوتی : ١٢ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## شەڕی قڕکردنی کورد لەلایەن خومەینیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



ڕەنجدەر دۆڵەگۆمی

لە ساڵی (١٩٧٩) دا شەڕی قڕکردنی کورد بە بڕیاری (خومەینی) دەستی پێکرد، بە سەرۆکایەتی یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی شیعەگەری تورک و فارسان بەناوی (بەنی سەدر) کە ناوی شەڕی جیهادی (خومەینی)یە، خومەینی وای نیشان دا گەلی کورد بێباوەڕە و دژی خوا و پێغەمبەر و قورئانە. (خاڵ خاڵی و مستەفا چەمران و ئەندازیار بازرگان) وەک سەرانی رژێمی خومەینی لەگەڵ بەنی سەدر دا بە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ـدا هاتن وەک پێشڕەوانی (سوپای خومەینی) کورد کوژ، لە

هەر شار و گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کە دەستیان بەسەردا گرت کۆمەڵ کوژیەکی زۆریان کرد بەبێ جیاوازی ژن و پیاو و کچ و کوڕ و منداڵ تەنانەت سەدان منداڵی کوردانیان بە (بزماران) کوشت!! ئەو کاتە زۆرایەتی گەل و خاکی ڕۆژهەڵات لەژێر دەستی (حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕش گێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان) دا بوو. تێکۆشەرانی (ی.ن.ک) بەتایبەتی و تێکۆشەرانی (حیزبی شۆشیالستی کوردستان) و (پارتی شۆشیالستی کورد – پاسۆک) و هەرێمی کوردستانی (حیزبی شۆعی عێراقی) ڕەنج و خوێن و گیانیان پێشکەشی گەلی قارەمان و خاک و جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد لەو هێرشەدا لوتی بەرزی سەرانی لەخۆبایی خومەینی و سوپا داگیرکەرەکەی شکا، ناچار پەنای بۆ وتووێژی ساختەکارانە و فێڵبازانە برد کە ئەوە بە درێژایی مێژوو نەریتی داگیرکەرانی کوردستان بووە، کاتێک بەوەش هیچی بۆ نەکرا هێرشی کورد قڕکردنی دەستپێکردەوە توانی هەتاکو ساڵی (۱۹۸۵) تەواوی خاک و گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتەوە ژێر دەستی خۆی، ئەوەی هێندە زوو بوو بە هۆکاری داگیر کردنەوەی کوردستان ئازایەتی و تواناکانی ئەو ڕژێمە کورد کوژە نەبوو، بەڵکو شەڕی کورد خۆری و خۆ خۆری نێوان دێموکرات و کۆمەڵە بوو کە هەر لە ساڵی (۱۹۸۰)وە هەتاوەکو کۆتایی (۱۹۸۷) درێژەی هەبوو زۆر جاران ڕادەوەستا بەڵام لە ساڵی (۱۹۸۵) بوو بە شەری سەرتا سەری ئەوەش بەڕێبەرایەتی (دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو) و (عەبدوڵلای موهتەدی) شایەنی باسە ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنی بەشداری شەڕی بەرگری کورد و کوردستانیانەی کرد. (مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی) وەک تاکە ڕێبەرێکی نەتەوایەتی و ئاینی و مرۆڤایەتی گەلی کورد نەخشی بەرچاوی هەبوو لە یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کوردستان دا. (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی (۱۹۴۵) دامەزراوە، بۆ ڕۆشنبیرانی کورد باش ناسراوە، خاوەنی هەزاران ڕەنج و خوێن و گیان بەخشیوە ڕێبەرە گەورەکانی کە گیان و خوێنیان بەخشیوە بریتین لەوانە: ۱- پێشەوا قازی محەمەدلە ساڵی ۱۹۴۷. ۲- عەبدوڵلای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی (۱۹۷۰) لە پایتەختی عێراق (بەغدا) لەلایەن بەعسیانەوە بێ سەر و شوێن کرا. ۳- دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو لە ساڵی ۱۹۸۹. ۴- دکتۆر سادقی شەرەف کەندی کە برای مامۆستا هەژاری شاعیرە لە ساڵی ۱۹۹۲.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە ساڵی (۱۹۶۹) دامەزراوە، لە سالی (۱۹۷۹) خەباتی ئاشکرای دەستپێکردووە بە ڕێبەرایەتی گیان و خوێن بەخشیو سەرکردەی هاوچەرخ و نوێ خوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (فوئادی مستەفا سوڵتانی) کە ناسراوە بە (کاک فوئاد) لەهەمان ساڵدا لە نێوان شاری (سەقز و بانە)دا گیان و خوینی بەخشیوە هەرچەندە یەکەم گیان و خوێن بەخشیوی کۆمەڵە کە ڕۆژی کۆمەڵەشە (کاک حەمە حوسێنی کەریمی)یە کە (ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵە)یە، کاک شوانی قارەمان پێشەنگی پێشمەرگەکان لە شاری سنە گیان و خوێنی بەخشی. ئەوانە نمونەی سەرکردەکانی کۆمەڵە بوون، ئێستا حیزبی دیموکرات بۆتە دوو بەش (مستەفای هیجری و عەبدوڵلای حەسەن زادە) ڕێبەرایەتی دەکەن بارەگای سەرەکیان لە (شاری کۆیە)ی سەربە (پارێزگای هەولێر)ی باشووری کوردستانە. کۆمەڵە سێ حیزبی کۆمەنیست و پێنج کۆمەڵەی لێ کەوتۆتەوە ڕێبەرانی کۆمەڵەکان: ۱- ئیبراهیمی عەلی زادە. ۲- عەبدوڵلای موهتەدی. ۳- عومەری ئیلخانی زادە. ۴- عەبدوڵلا دلێر. ۵- سەعیدی وەتەن دۆست. بارەگای سەرەکیان لە (شاری سلێمانی) ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەوەی ئەو دوو جوڵانەوەی بە لاڕێدا برد و پارچە پارچەی کرد شەڕە خۆ خۆریە جۆراو جۆرەکان و بیری گەوجانەی دەستەگەری و ناوچەگەری و ئێرانچێتی و کۆمەنیستی خەیاڵی دوژمن بە کورد و کوردستانیان بوو، بیری خۆ سەپێنی و پاوان خوازی دەسەڵاتیش هۆکارێکی تری شەڕی خۆ خۆری و خنکاندنی دەنگ و ڕەنگی ئازادیخوازانەی دژ بەو شەڕە بوو. هەرچەندە لە ساڵی (۱۹۷۹) بۆ (۲۰۰۳) پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراقی دا هەبوو بەڵام سەربەخۆیی سیاسیان لەدەست نەدا، نەک لە دژی جوڵانەوەی باشووری کوردستان، تەنانەت لە دژی ڕژێمی ئێرانیش سیخورایەتی و گەلە جاشەتیان پەسەند نەکرد، سەدان ڕەنج و خوێن و گیانیشیان بە گەل و باشوری کوردستان بەخشی کە ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی لێی دا بە ئەنقەست، ئەو ڕەوشت و ناموسە هەرە بەرزە کوردانەیەش لە (پێشەوا قازی محەمەد) و (فوئادی مستەفا سوڵتانی)یەوە وەک میرات بۆ مایەوە، سەری بەرزی هەڵۆی سەربەرزانەی کورد و کوردستانیانەم بۆ گەل و خاک و ڕەنج و خوێن و گیان بەخشیوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دادەنەوێنم .

واژۆکەران

(بە پێی پیتی ئەلف وبێ)

ئارام چراغی – ئارام عوسمانی – ئارێز ئەندری ( ڕۆژنامەنووس) – ئارێز دارا پوور – ئاریا موکریانی – ئاوات ئەلیار- ئازاد سەقزی – ئیبراهیم کۆنە پۆشی– ئەحمەد عەزیزی – ئەسرین حوسەینی – ئەسعەد ڕەشیدی – ئەفشین میهرئاسا – ئەمجەد کەریمی – ئەمیر سەڵەواتی – ئەنوەر بایزیدی – ئەنوەر سوڵتانی – ئێرەج وەڵەدی- ئەییووب ڕەحمانی (سویس) – بابا علی میهرپەروەر - بروسک ئیبراهیم ( ئاڵمانیا ) –جەعفەر تیکانتەپە – جەمیل نوورە – جەواد مەلا - حەسەن ئەییووب زادە – حەسەن دەرزی - حوسەین خەلیقی – خەلیل حەواری نەسەب - ڕزگار نەلاسی (بلژیک) - ڕەزا کاویانی – ڕووناک ئەیازی – سەرهەنگ چیا – سەعید شەمس – سمکۆ عەلی (نۆروێژ) - سیامەند موعینی – سیروان کاوسی – شاخەوان عەزیزی – شەهلا دەباغی - سابیر شێخولئیسلامی – عارف نادری – عەبدولرحمان خادمیانی – عەبدوڵلا عەلی (نۆروێژ) – عەتییە میعمارپوور- عەلی ڕازدار - فاتیح مەردوخ – کاڵێ مورادی – کامڕان ئەمین ئاوە – کەریم

دانشیار - گەلاوێژ حەیدەری – گۆران ئەمیری – لوقمان فارووقی - لەیلا محەممەدی – محەممەد خاکی – محەممەد سەییار- مستەفا مودەڕڕیسی – موزەففەر نامداری – مەهین شوکروڵڵاپوور- ناهید بەهمەنی – نیدا ئێرانی – نگین شێخولئیسلامی – ویدا نیعمەتیان – هادی بوتیمار- هاشم کەریمی - هوشەنگ خەتمی و......

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد – ئوروپا

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان پۆست / ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## بە دڵی خۆش و ورەی بەرز بەرەوپیری رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بچین.



عبدالله مهتدی

بیست و هەشتی مانگی گەلاوێژ لە مێژووی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا رۆژێکی دیارە، رۆژێکی سەخت و پڕئەزموون، رۆژێکی جێی سەرنج و دەرس لێوەرگرتن و، بەگشتی رۆژێکی جێی یادکردنەوەیە. لە بیشت و هەشتی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بوو کە فەرمانی هێرشێکی هەمەلایەنە و سەرکوتگەرانە لەلایەن رژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەر کوردستان دەرکرا. ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی هێرشێکی بێپاساو بوو، هێرشێک کە ئاورەکەی بە هەڵخڕاندنی هەستی چەواشەکراوی جەماوەری بێئاگا خۆش کرا، هێرشێکی بێبەزەییانە کە تێیدا پەلاماری داگیرکارانە لەگەڵ ئیعدامی بەکۆمەڵی کوڕ و کچ و پیرو لاو و سووتاندنی تەڕ و وشک تێکەڵ کرا، هێرشێک کە تەنانەت سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی، ئاغای مێهدی بازرگان، بە هێرشێکی بێپاساو چەواشەکارانە و نایاسایی ناوزەدی دەکات.

٢٨ی گەلاوێژ بۆ گەلی کورد و بۆ ئەو نەسلەی کە لە سەردەمی دوای شۆڕشی ئێراندا دەژیا رۆژێکی سەخت و دژوار بوو، رۆژێک بوو کە بە وتەی کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی، رابەری ناسراوی جەماوەری و سیمای گەشی موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان، گەلی کورد کەوتە بۆتەی ئەزموونێکی گەورەوە. خۆشبەختانە گەلی کورد، سەرەڕای هەموو هێرشکاری و پەلامار و توندوتیژییەک، لەو ئەزموونە سەربەرز و سەرکەوتوو هاتە دەر. ٢٨ی گەلاوێژ رۆژێکی تاڵ بوو، بەڵام رۆژی تاسان و چۆکدادان نەبوو، رۆژی ترسان نەبوو، رۆژی راسان بوو، رۆژی بەرخۆدان بوو، رۆژی وەستانەوە و بەگژداچوونەوە بوو.

٢٨ی گەلاوێژ رۆژێک بوو کە گەلی کورد، بێجگە لە ژمارەیەکی کەم چڵکاوخۆر و بەکرێگیراوی رژیم، هەموو یەکی گرت، هەمووان لەسەر بناغەی دیفاع لە مافی ژیان و مانەوەی خۆیان، دیفاع لە ئازادی و کەرامەتیان، دیفاع لە باوەر و پێناسیان دەستیان دایە دەست یەکتر و بەڵێنی تەسلیم نەبوونیان دا. رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی لەشکان نەهاتووی گەلی کوردە.

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، وێڕای فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان، هەموو ئاسەوارەکانی ئازادی لە تاران و شارەکانی تریش کەوتنە بەر پەلامار و بەکردەوە نیشان درا کە رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەک هەر دوژمنی گەلی کورد بەڵکوو دوژمنی هەموو ئازادی و هەموو مافێکی ئینسانیی خەڵکی ئێرانیشە و هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان بەخەیاڵی خۆی بۆ تێکشکاندن و فەوتاندنی کوردستان وەکوو قەڵای ئازادیخوازی و دێمۆکراسیخوازی و پێکشەوتنخوازی لە هەموو ئێرانە. رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ گەلی کورد و نیشاندانی پشتگیری لە ماف و داخوازییەکانی ئەو گەلەشە.

هەر بۆیەش ٢٨ی گەلاوێژ رۆژێکە بۆ یاد کردنەوە و رێز گرتن لە هەموو قوربانیانی ئەم هێرشە، رۆژێکە بۆ پتەوتر کردن یەکیەتی ریزەکانی گەلی کورد، بۆ نیشاندانی یەکریزی و هاوخەباتیمان، رۆژی وەستانەوە و خۆڕاگرییە، رۆژی دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ گەلی کورد و داخوازییە رەواکانیەتی. با بەهەموومان بە دڵی خۆش و ورەی بەرز بەرەوپیری رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بچین

٢٧ / ٧ / ٢٠٠٩ / ٣ی گەلاوێژ ١٣٨٨

سەرچاوە : ماڵپەڕی بەیان / رێکەوتی : ٢٧ی ژووئیەی ٢٠٠٩

## لە بەرەبەری 28 گەلاوێژدا ...



حسەین یەزدانپەنا

٢٨ گەلاوێژ ڕۆژی فەرمانی جیهادی خومەینی دامەزرێنەر و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد و ڕۆژی دەسپێکی بەرەنگاری کورد لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا، بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان ڕۆژێکی ناسراوە.
بۆیە ئەوەندەی چۆنیەتی تێپەڕکردنی ئەم ڕۆژە لە لایان کوردستانییانەوە بەلامانەوە گرینگە، ئەوەندە شیکردنەوە و لێکدانەوەیمان بەلاوە مەبەست نییە؛ ئەوەندەی ئاواتەخوازین ئەم بۆنەیە ببێتە هاندەرێک بۆ گۆڕان، ئەوەندە "تەفسیر" کردنیمان لا ئارەزوو نییە.
بە ڕاستی خەڵکی کوردستان چۆن ئەم ڕۆژە تێپەڕ دەکەن؟ چ شتێ بیرەوەری هێرشێکی دڕندانەی سەرانسەریان لا زیندوو دەکاتەوە؟ بە چ شێوەیەک نەوەی نوێ، ئەوانەی ٢٨ گەلاوێژیان لەبیر نایە یان ئەو دەم لە دایک نەبوون، ٣٠هەمین ساڵوەگەڕی ئەو ڕووداوە ناخیان دەهەژێنێ؟ ئەی چۆن کوردستانیان جارێکی دیکە پاش ٣٠ ساڵ هەروەک ئەو کات، یەک دەنگ و یەک ئیرادە، بە داگیرکەر دەڵێن "نا"؟
ساڵی رابردوو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە نێوخۆماندا، حەولێکمان دا کە، بە بۆنەی ٢٩ هەمین ساڵوەگەڕی ئەو ڕووداوە، هاودەنگییەک پێکبێنین. تەنانەت ڕەشنووسی بەیاننامەیەکیش لە نێوانماندا دەگەڕا. بەڵام هەر ئەو هۆکارانەی لەمپەڕی ڕێی پێوەندیی و هاوکارییەکانن بەسەر ویستی ئەو هاودەنگییەدا زاڵ بوون و هیچ نەکرا. بەو حاڵەشەوە هیوا بەوەی لە ٣٠ هەمین ساڵوەگەڕی ٢٨ گەلاوێژدا ئەو هاودەنگییە چێ ببێ، لەجێ نەچوو. ئەمساڵیش لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە جموجۆڵەکان بۆ چۆنیەتی بەرەو پیر چوونی ٢٨ گەلاوێژ لە لایان هێزە سیاسییەکانەوە دەستی پێکردوە. پارتی ئازادیی کوردستان **PAK** یەک لەو هێزانەیە کە بە بایەخەوە لەم بەستێنەدا دەبزوێ.
پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، چاوەڕوانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ هاودەنگی لەم ڕۆژەدا، وەدیی بێنن. ٢٨ گەلاوێژ ڕۆژی هەموو خەڵکی کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و بۆ هەڵگرانی بیری نەتەوەیی و کوردستانییش بگرە یەک لە ڕۆژەکانی هەموو نەتەوەی کوردە. خەڵکی کوردستان لە هێزە سیاسییەکانیان دەوێ، پێکەوە لەو ڕۆژەدا یەک گوتار و یەک پەیامی هابەشیان هەبێ. ئێمە ئاواتەخوازین ئەم چاوەڕوانییە ڕەوایەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان وەدیی بێ.
ئێمە ئاواتەخوازین هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەو کۆدەنگییە لەم بۆنەیەدا، نیشانی بدەن فەرهەنگی سیاسیمان گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیا دەکا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان سەرەڕای هەبوونی جیاوازی و تەنانەت ناکۆکیی لە نێو خۆیاندا، لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان و ئەو بابەتانەی پێوەندیی بە هاوکێشەی کورد و دوژمنەکانیەوە هەیە، جیاوازی و ناکۆکییەکان وەلا دەنێن و خۆشەویستی خەڵک و خاک و بەرژەوەندییە باڵاکانیان و یەک دەنگی بەرانبەر دوژمنان، کۆمان دەکاتەوە و سنووره بەرتەسکە حیزبییەکان دەبەزێنین.
بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا، تەنیا هاودەنگی و یەک هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان دەتوانێ، ٢٨ گەلاوێژ بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرێتەوە نێو ناخی تاکەکانی کۆمەڵ و جووڵەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە.
ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دەتوانن چاوەڕوانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان وەدیی بێنن و ٣٠ ساڵەی فەرمانی کوشتاری خومەینی بکەنە بۆنە و ڕۆژێک بۆ یەکگرتوویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و دەمەزەرد کردنەوەی خەباتی جەماوەریی بۆ ڕادانی داگیر کەر لە وڵاتەکەمان؟ ڕۆژانی دادێ ڕوونی دەکەنەوە.

٢٠ گەلاوێژی ٢٧٠٩ / ١١ ئاگۆستی ٢٠٠٩

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕەوانیوز / ڕێکەوتی : ١١ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی وەستانەوە و خۆڕاگری



خالید سیادەت

سی ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا خومەینی، ڕێبەری ئەوکاتی ئێران، لەگەڵ دەرکردنی فەرمانی جیهاد شەڕێکی خوێناوی لە دژی گەلی کورد دەست پێ کرد، شەڕێک کە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. بە دوای ئەو فەرمانەدا لە چەند لاوە بە هاوکاری هێزی

ئاسمانی و ئەرتەش و پاسدار هێرش کرایە سەر کوردستان. ئەو هێرشە لە گەڵ وەستانەوە و بەربەرەکانیەکی کەم وێنەی گەلی کورد بەروڕو بوەوە. لە سەرەتاوە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانیان شارەکانی کوردستان داگیر کەن و بنکە و پایگای خۆیان دامەزرێنن، بەڵام زۆری نەخایاند کە لە ماوەیەکی سێ مانگیدا هێزی چەکداری خەڵک و پێشمەرگە توانیان داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێو شارەکان وەدەر نێن و دیسانەوە ئازادی و دەسەڵات بگەڕێننەوە بۆ خەڵک و هێزە سیاسیەکانی.

ئیستا دوای سی ساڵ لە حاڵێکدا کە بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی سەراسەریدا کەوتۆتە لەرزین، جێی خۆیەتی کە گەلی کورد کە هیچکات لە بەرابەر ئەو ڕێژیمەدا کۆڵی نەدا و لە خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە ڕانەوەستا، ۲۸ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی وەستانەوە و خۆڕاگری لە بیر نەکا و بەو بۆنەوە چالاکی سیاسی گونجاو لە خۆی نیشان بدا.

لەو پێوەندیەدا ژمارەیەک لە ڕۆناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات نامەیەکیان واژۆ کردوە کە تێیدا ۲۸ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی ماتەمینی گشتی یان عەزای عمومی ناوزەد کراوە و داوا لە خەڵکی کوردستان کراوە لەو ڕۆژەدا سەری سەعاتی ۱۲ دوو دەقیقە بێدەنگی ڕاگرن و سەردانی بنەماڵەی گیان بەخت کردوان بکەن و بچنە سەر گڵکۆی شەهیدان.

دیارە کە مەبەستی ئەو بەڕێزانە لە نوسینی نێوی خۆیان لە ژێر ئەو نامەیە، مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە خەباتی گەلی کوردە، بەڵام بابزانین ئەو پەیامانەی کە لەو نامەیەدا هاتون خزمەت بەو ئامانجە دەکەن.

## ماتەمینی گشتی،

سی ساڵ لەوە پێش کە ئەو هێرشە بەربڵاوە کرا سەر کوردستان، گەلی کورد دەستەوئەژنۆ دانەنیشت و ماتەمی نەگرت بەڵکو دەستی دایە چەک و چوە نێو سەنگەرەوە و لە دوژمن ڕاسا. کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە دەستی هات کردی، دەستە دەستە لاوانی ئیعدام کرد، شار و لادێکانی دایە بەر تۆپ و خۆمپارە، کارەساتی قارنێ و قەلاتانی خولقاند و بەندیخانەکانی لە تێکۆشەرانی کوردستان پڕ کرد. لە بەرابەردا گەلی کورد حیزبە سیاسیەکانی خۆی بە هێز کرد، هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری پێکهێنا و کۆچی مێژویی و ڕاوەستان لە بەرابەر تانکەکانی تاقی کردەوە. بەڵێ، سی ساڵ لەوە پێش لە جێی ماتەمین و عەزاگرتن وەستانەوە و خۆڕاگری پیشە کرا. ئێستا کە ئەو حکومەتە پشتیوانی خەڵکی ئێرانیشی لەگەڵ نەماوە و لە ناو خۆشیدا کێشەی توندی لێ ساز بوە و زەمینەی خرۆشانی جەماوەریش زۆر زیاترە، بۆچێ ڕێگەیەکی پاسیفیستی کە بە تایبەتی سەرچاوەی لە کولتوری ئایینی شیعەدایە بخرێتە پێش پێی خەڵک. ئایا ئەوە ناحەقی لەگەڵ ئەو خەڵکە نیە کە لە حاڵێکدا ئەوان لە دژوارترین ڕۆژەکاندا کۆڵیان نەدا و غەم و پەژارە داینەگرتن، ئێستا کە لە پێش چاومان ئاسوی هەستانەوەیەکی تازە دەبیندرێ، بێ دەنگی و ماتەمینیان پێ پێشنیار بکرێ. ئایا ئەوە هەنگاوێک بەرەودوا بردنەوەی ئاستی خەباتکارانەی گەلێکی ڕاپەڕیو نیە.

## دوو دەقیقە بێ دەنگی،

لەو نامەیەدا پێشنیار کراوە کە لەو ڕۆژەدا دوو دەقیقە بێدەنگی ڕابگیرێ. پرسیار ئەوەیە کە سەعات دوازدەی نیوەڕۆی مانگی گەلاوێژ لە سەدا چەندەی خەڵکی کوردستان لە شوێنی گشتی و لە دەوری یەکتر کۆبونەتەوە کە بکرێ هاوکات دوو دەقیقە بێ دەنگی ڕاگرن. لە حاڵێکدا کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی شارەکان لەو کاتەدا لە نێو ماڵەکانیانن، خوێندکاران لە خوێندنگە و زانستگا نین و تەنانەت دوکاندارانیش بۆ پشوی نیوەڕۆ هاتونەوە ماڵ، چۆن بەشداری ئەو چالاکیە گشتیە بکەن. بە هەمو ئەوانەوە بڵێین کە بە هەرحاڵ بەشێک لە خەڵک دوو دەقیقە بێدەنگیان ڕاگرت. چ پێوانەیەک هەیە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە لەو کاتەدا بە ڕاستی دوو دەقیقە بێدەنگی ڕاگیراوە لە حاڵێکدا بێ دەنگی نە تۆمار دەکرێ و نە لە مێدیاوە بڵاو دەکرێتەوە.

لە ڕوانینی ئەو نامەیەدا ۲۸ی گەلاوێژ وەک ڕوداوێک لە مێژودا کە کاتی بەسەر چوە دەبیندرێ، کە ئێستا یاد لە شەهیدەکانی بکرێتەوە و ماتەمیان بۆ بگیرێ. بەڵام لە ڕاستیدا ۲۸ی گەلاوێژ و ئاکامەکانی ئەو فەرمانە دژی گەلیەی خومەینی ئێستاش هەر درێژەی هەیە. فەرمانەکەی خومەینی هەر لە جێی خۆی ماوە. کوردستان هەروا داگیرکراوە، پایگا و بنکەکانی ئەرتەش و پاسداران هەر لە جێی خۆیانن، کوردستان هەر ناوچەی ئەمنیەتیە، گەلی کوردیش هەر خەبات دەکا و کۆڵی نەداوە. بۆیە هەر وەک نێوی ڕۆژی ماتەمین و عەزا بۆ ۲۸ی گەلاوێژ نێوێکی گونجاو نیە و نێوی ڕۆژی خۆڕاگری لە گەڵ ئەو ڕوداوە گونجاوترە، بەو پێیەش لە جیاتی بێدەنگی، دەنگ هەڵبڕین و ئیعتێراز بە کۆماری ئیسلامی لە ساڵیادی ئەو ڕۆژەدا لە جێی خۆیدایە. ۲۸ی گەلاوێژی ئەوساڵ دەرفەتێکە کە ئیدیعانامەی گەلی کورد لە دژی سی ساڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان بێتە گۆڕێ.

لە ئێستاوە ۲۰ ڕۆژی ماوە بۆ ۲۸ی گەلاوێژ. ڕوون نیە ڕەوتی ڕوداوەکان لە ئێران و ڕەنگدانەوەی لە کوردستان تا ئەو کات چۆن دەبێ. بێ گومان خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام لە هەر کارێک دڵخوازترە، بەڵام بوونی ژمارەی زۆری هێزی سەرکوتی ڕێژیم لە کوردستان ڕەنگ بێ لە هەل و مەرجی ئێستادا ڕێگر بێ لەو کارە. سەرنجێک بۆ ئەو ئەزمونەی خەڵکی تاران کە لە کاتی شەودا دێنە سەر سەربان و باڵکۆن و دروشمەکانی خۆیان دووپات دەکەنەوە دەری خست کە پێش پێگرتنی بۆ

ڕێژیم ئاسان نیە. لە کوردستانیش لە بەر ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری خەڵک لەو کاتەی شەودا لە دەوری یەکتر و لە نێو ماڵەکانی خۆیانن، دەتوانن لە کاتێکی دیاریکراودا بچنە سەر سەربان و بۆ ماوەی نیو سەعات دروشمی مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە مافەکانی خۆیان بدەن. ئەو چالاکیە هەم لە توانای خەڵکی کوردستاندا هەیە و هەم دەکرێ تۆمار کرێ و لە مێدیاکانەوە بڵاو کرێتەوە و دەنگی کۆڵنەدەری و مافخوازی خەلکی کوردستان بە گوێی هەمو دنیا بگەیەنێ.

گۆرینی ئەو نامەیە لەو خاڵە ئەساسیانەدا بی گومان پشتیوانی جەماوەرێکی زۆرتر بۆ خۆی ڕادەکێشێ و پێش بەوەش دەگرێ کە سوننەتی نامۆ لەگەڵ کولتوری خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان بێتە نێو ئەو بزوتنەیەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری چاک نیوز / ڕێکەوتی : ۲۹ی ژووئیەی ۲۰۰۹

## ۲۸ی گەلاوێژ ڕۆژی دەستپێکردنی موقاوەمەتێکی سەربەرزانە بەرانبەر بە هێرشێکی جینایەتکارانە

۲۸ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەلکی کوردستانە. ۳۳ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕوژی ۲۸ی گەلاوێژ ، کۆماری ئیسلامی لە کاتیکدا کە هێشتا پتر لە چەند مانگ لە تەمەنی دەسەڵاتی تێپەڕ نەببوو، تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە لە ڕژیمی شاوە وەک میرات بۆی بەجێ مابوو و توانیبووی لەو ماوە کورتەدا وەگەڕیان بخات، لە پێناو سەرکوتی جەماوەرێک لە کوردستان بەکاریان بێنێت کە دەیانویست لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی خۆیان بەهرەمەند بن.کوردستان لە هەلومەرجێکدا کەوتەبەر شاڵاوی ڕژیمی ئیسلامی، کە دەورەیەکی چەند مانگەی ڕزگاری لە کۆت وبەندی دیکتاتۆری ڕژیمی پەهلەوییان تەجروبە دەکرد. حیزبە سیاسیەکان ئازادانە چالاکیان دەکرد، ڕێکخراوە مەدەنیەکان وردە وردە شکڵیان دەگرت، لە هەندێک لە شارەکان شۆراکانی بەرهەمی خەباتی جەماوەری، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکیان بە دەستەوە گرتبوو، ڕێژەی جورم و جینایەت لە چاو تەواوی حەیاتی رابردووی ئەم کۆمەڵگایە، بە لانیکەمی خۆی گەیشتبوو. فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پێشرەو رەگاژۆی کردبوو و وشیاری و شعووری سیاسی گشتی، بە ئاستێکی بالا گەیشتبو، ئیبتکار و خەلاقیەتی جەماوەری بۆ سارێژ کردنەوەی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو زامانەی کە دەسەڵاتی پەهلەوی لە سەر جەستەی کۆمەڵگا بەجێی هێشتبوو، کەوتبۆە کار و هەستی ئینسان دۆستی و شور و شەوقی شۆڕشگێرانە سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتبوو.

بەڵام لە هەمانکاتدا،نیگەرانی لەو مەترسیانەی کە لە کوردستان و لە ئاستی سەراسەریدا هەستیان پێدەکرا، وردە وردە پەرەی دەسەند. ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش ڕاپەرینی ۲۲ ی ڕێبەندان، هێمای دزێوی مەبەست و ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بە جەماوەر نیشان دابوو. چەند مانگ پێشتری یەکەمین بەهاری ئازادی خەڵکیان لە شاری سنە شەڵاڵی خوێن کردبوو، پیلان گێری، هەڕەشەو خەت و نیشان کێشانی بەردەوام، پشتگیری و بەهێز کردنی تاقم و گروپی کۆنەپەرەست و پشتیوانی لە پاشماوەکانی کۆنەپەرەستی دەرەبەگایەتی، نائەمن کردنی فەزای شارەکان لە ڕێگای جێگیر کردن و دامەزراندنی بنکەی چەکداری سەر بە ڕژیم، تەواوی ئەمانە زایەڵی شوومی ئەو مەترسیانەی کە لە ڕێدا بوون، بە گوێی خەڵکی کوردستان دا چرپاندبوو. لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵە سەرەرای تەواوی ئەم کارشکێنی و کەندو کۆسپانەی کە ناوخۆی کوردوستاندا دەیان خستە سەر ڕێگای، هەوڵی دەدا خەڵک لەو ئەو مەترسیانەی کە لەرێدا بوون ئاگادار بکات جەماوەری خەلک بۆ موقاوەمەت و بۆ خۆراگری بەرانبەر بە هێرشێک کە لە ڕێ دابوو ئامادە بکات.

بە هەر رادەیەک کە ڕژیمی ئیسلامی جێگا پێی خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران پتەوتر دەکرد، مەترسی هێرش بۆ سەر کوردستان زیادی دەکرد و هاوکات سێبەری ڕەشی ئیستبداد و کۆنەپەرەستی بەرە بەرە هەموو ئیرانی دادەپۆشی . ئەم مەترسیە لە چەند مانگ پێش رووخانی ڕژیمی شاە هەر لەو کاتەوە کە دورشمی "حیزب تەنیا حیزب الله، ڕێبەر تەنیا روح الله"،بوو بە وێردی سەر زمان، هەستی پێدەکرا و دەنگی پێی ئیستبدادێکی مەزهەبی هەر لەو کاتەوە دەبیسترا.

هێرشی ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ی ڕژیم بۆ سەر کوردستان ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە پلانەکانی خومەینی و هاوبیرانی بە مەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران و ناچار کردنی جەماوەری ڕاپەریو بۆ مل کەج کردن لە بەرانبەر ڕژیمی ئیسلامی دا. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ماشێنی تازەی سەرکوت بە خێرایی کەوتەوە کار و نە تەنیا هێزە سیاسیەکان، بەڵکوو تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کرانە ئامانج. بە پێشوازی کردن لە شەری ئێران و عێراق، نە تەنیا کەش و هەوای کۆمەڵگای ئێرانیان میلیتاریزە کرد و شورا کرێکاریەکانیان داخست، بەڵکوو زۆربەی کارخانەکانیان لەکار خست و کرێکارەکانیان ڕەوانەی بەرەکانی شەر کرد، نە تەنیا دەفتەری گروپە سیاسیەکانیان لە زانکۆکان کۆکردەوە، بەڵکوو تەواوی زانکۆکانیان داخست، کرێکارانی نارازی و بێکاریان لە بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان و تاران دایە بەر دەست ڕێژی گوللە، هێرشیان کردە سەر خوزستان و تورکەمەن سەحرا، سوکایەتیان بە ژنان کرد و لەژێر چارشێوی ڕەش دا، یەخسیر کران و خزاندیاننە گۆشەی ماڵەکانیانەوە. هێرش بۆ سەر کوردستان لە ۲۸ی گەلاوێژ بەشێک بوو لە پلانێکی سەراسەری بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سەرکوتی ئەو جەماوەرەی کە بۆ ڕزگار بوون لە دەست سەرەڕۆیی پەهلەوی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان ڕاپەڕیبوون.

جەوهەری ڕاستەقینەی حکومەتی مەزهەبی، زەوت کردنی ئیرادەیە لە ئینسان. لەم ڕووەوە ئەم ڕژیمە هەر لەبنەڕەتدا لە گەڵ ئازادی ئینسان بێگانەیە. خومەینی بە پشت بەستن بە تەقیە( یان رەوا بوونی درۆ لە مەزهەبی شیعە) دا، پێویستی بە دەرفەتێک بوو هەتا پایەکانی نیزامە ئیسلامیەکەی خۆی جێگیر بکات. بەڵام وجودی

کەش و هەوای ئازاد دەرفەتێکی ئەوتۆی پێنەدەدا، تا ئەو کاتەی کە سروەی نەسیمی ئازادی لە هەر شوێنێکی ئێران هەستی پێدەکرا، ئەو بە ئاسودەیی خەوی لێندەکەوت. لە روانگەی ئەوەوە ئازادی وەک ژەهرێک وابوو کە دەرژایە جەستەی رژێمی ئیسلامیەوە. ئەو تەنیا بۆ چارەسەری شەری نێوان دەست و پێوەندەکانی خۆی و جێنشیەکانی پێی دەگوتن کە:" پێوەر دەنگی خەلکە." خۆراگرییەکی پرژوبڵاو و ناهاوئاهەنگ لە بەرانبەر هێرشی کۆنەپەرستیدا لە هەموو شوێنێکی ئێران شکڵی گرت و رژیم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک لە ئاستی سەراسەریدا بە ئاسانی داگیر بکات. بەڵام ئەم خۆڕاگریە لە کوردستان وەها جانانە بوو کە سەری کۆماری ئیسلامی تێیدا لەبەرد درا. ئەم خۆڕاگریە، دەنگی شۆڕشی ئێران بوو کە لە کوردستانەوە دەبیسترا و بە گوێی خەڵکی هەمو ئێران و جیهان دەگەیشت .ئەو خۆراگرییە لە ماوەی کەمتر لە ۳ مانگ دا خومەینی کێشایە پشت مێزی وتوێژ، تا ئەم جارەیان بە فێڵ و فریوکاری دەرفەتێکی گونجاو بەدەست بێنێت و بڵێسەی ئاگری ئەم بزوتنەوەیە دامرکێنێتەوە. ئەم وتوێژە هەروەکوو چاوەروان دەکرا بە هۆی نەسەلماندنی هیچ بەشێک لە مافە سەرتاییەکانی خەلکی کوردوستان لە لایەن رژیمەوە، بە ئاکامێک نەگەیشت،کاتێک چەند مانگ دواتر رژیم هەستی بە ئامادەبوون کرد سەرلەنوێ هێرشی نیزامی خۆی دەست پێکردەوە. لە ماوەی ئەم ۳۲ ساڵە دا رێگایەکی سەخت و دژوار تێپەڕ کرا، بەڵام خەڵکی کوردستان لەم تاقی کردنەوە مێژووییە دا سەربەرز هاتنە دەرێ. بزووتنەوەی عادڵانە و ئازادیخوازانەی ئەم خەڵکە، توشی گەلێک هەوراز و نشێو بوو، بەڵام "زەوی لە ژێر پێی رژیم لە کوردستاندا هەمیشە داغ" بوو. شۆڕش لە ئێران شکستی پێ هات، بەڵام بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان لە شکڵ وشێوەی جۆراوجۆردا درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێ گومان ۳۳ ساڵی رابردوو، دەورانێکی سەخت و دژوار بووە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام نە بەو رادەیە دژوار کە ئەگەر سەریان بۆ دەسەڵاتی ئەو رژیمە دانەواندبایە توشی دەبوون. ئەمرۆ لە هەل و مەرجێک دا یادی ۳۲ ساڵەی دەستپێکی ئەم خۆڕاگریە پڕ شکۆیە رێز لێ دەگرین کە تەخت و بەختی دیکتاتورەکارەکان لە روژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئافریقا کەوتۆتە لەرزین و لەرزەی مەرگ نیشتۆتە دڵی کۆماری ئیسلامیشەوە و ریزەکانی ئەو رژیمەی شپرزە کردووە.

ئەمرۆکە زۆریەک لەوانەی کە سەردەمێک فەرمانیان دەدا "تا شۆڕشی کوردستان دانەمرکێنن، پۆتینەکانتان لەپێ دەر مەهێنن" و یان " چاوەڕوانی فەرمانی خومەینی بوون تا بین بە موجاهید بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز " و یان" بۆ سڵامەتی ئیمام دوعایان دەکرد" و داوایان دەکرد کە "سپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکرێ" ، زۆریەک لە سازماندەرانی سەرەتایی ناوەندەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی، سەران و دامەزرێنەرانی سپای پاسداران کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران سوورە، هەمووی ئەمانەی کە ئەوکات شمشێری دوژمنیان دەمەزەرد دەکردەوە و نەمامی سەرەرۆیی مەزهەبییان ئاو دەدا، ئێستا و لەم دەورەیەدا خۆیان بوونەتە قوربانی ئەم رژیمە و خەڵکی کوردستانیش شانازی بە خەبات و خۆڕاگری ۳۳ ساڵی خۆیانەوە دەکەن. خەڵکی کوردستان کە ئاڵاهەڵگرانی خۆڕاگری لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی بوون، لە رۆژی مێژویی ۲۸ی گەلاوێژ دا کە هێمای هاوپشتی و خۆڕاگرییە،ریز لە یادی ئازیزانێک دەگرن کە لە رێگای ئازادی و لە دیفاع و لە کەرامەتی ئینسانی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەش، خەڵتانی خوێن بوون. رۆژی ریزگرتن لە یادی ئازیزانێکی بێ دیفاعە کە لە شوێنگەلێکی وەک قارنێ و قەلاتان بە کۆمەڵ کوژران. رۆژی ریزگرتن لەو ئینسانە کۆمۆنیستە شەریفانەیە کە لە گۆشە و کەناری ئێرانەوە بە هانای خەڵکی کوردستانەوە هاتن و لە دیفاع لەو خەڵکەدا کە لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنێکی غەدار، گیانیان بەختکرد.

ئەمرۆ کرێکارانی کوردستان هەڵسوراوانە لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و دەوری پێشرەو دەگێرن، ژنان شانازی بە خۆراگریەک دەکەن کە بەرانبەر بە کۆنەپەرەستی و دەسەڵات لە هەموو سەنگەرەکاندا کردویانە. ئەو دروشم و داخوازیانەی کە کۆمۆنیستەکان لەم کۆمەڵگایەدا هێنایانە گۆرێ، ئێستا جەماوەری بوونەتەوە و بوونەتە هێزێکی مادی و ئەمانە هەمووی بەرهەمی بەشداری هەڵسوراوانەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەراسەری بۆ روخاندنی رژیمی پاشایەتی و خۆڕاگرییەکە کە لە رۆژی ۲۸ی گەلاویژی ساڵی ۱۳۵۸وە لە بەرانبەر هێرشی رژیمی ئیسلامیدا شکڵی گرت.

سەرچاوە : ماڵپەری پەیام سیاسی هەوالنێر / رێکەوتی ۲۹ی ژووئیەی ۲۰۰۹

## ۲۸ی گەلاوێژ هێمای هاوپشتیی نەتەوەیی گەلی کورد



ئەنوەر ئەسەدزادە

بەدرێژایی مێژووی گەلی کورد، ئەم گەلە تووشی کۆمەڵێک کارەساتو نەهامەتیی بووە کە لەقۆناغە جیاوازەکانیدا لەلایەن ئەو کەسانەی بەجۆرێک بیرۆکەی داگیرکاریو دەستەمۆ کردنی گەلی کوردیان لەسەر دابووە هاتۆتە ئاراوە. برگەیەکی مێژووی گەلی کورد نابینیتەوە کە ئەم گەلە توشی چەوسانەوەو هەوڵ بۆ لەناوبردنو فەوتاندنی لەلایەن دوژمنانییەوە نەدرابێت. ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەم داگیرکاریو کارەساتانەی کە بەشێوەی ناوبەناو بەسەر ئەم گەلەو بزووتنەوەو جوڵانەوەکانیدا هاتووە لەلایەن کەسانی پێشرەوو پێشەنگەوە مقاوەمەتێکی بەدواوە بووەو ئەم گەلە شانازی ئەوەی هەیە هیچ کات نەبووە سەری کزیو تەسلیم بوون دابنەوێنێت، بەڵام یەک لەو خۆڕاگریو حەماسانەی کە گەلی کورد دەتوانێ شانازیی پێوە بکات بەرەنگاری بوێرانەیان بووە لەدژی هێرشی هەمەلایەنەی ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاویی لەلایەن هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. ئەم بەرەنگاریو خۆڕاگرییەوە بووە هۆی بنیات نانی

هاوپشتییەکی بێوێنە لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەهەموو لایەنو بیرکردنەوە جیاوازەکانییەوە. خەڵکی کورد کە ئەو سەردەمیش بەهۆی مێژوویەکی پێشوتری بەرەنگاری توانی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە دەست بکات بەرێکخستنی خۆیی‌و حەماسەیەکی لە بەرەنگاری لەخۆی نیشاندا کە بەحەق دەکرێ ئێستاکە وەک هێمای بەرخۆدانو بەرەنگاری لەدژی داگیرکاری ناوی لێ ببرێت.

ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێت کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە باس لەوە دەکرێ کە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی مێژوویی لە ژێر ناوی ڕۆژی بەرەنگاریو هاوپشتی گەلی کورد لەدژی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی ناودێر بکرێ. بەحەق هەڵوێستێکی لەو جۆرە جێگەی بایەخەو دەبێت هەمووان هەوڵی خۆیان بۆ گشتگیرکردنی ئەم بیرۆکەیە بدەنو چەسپاندنی ڕۆژێکی وا بۆ گەلی کورد دەبێتە قورساییەکی بەهێزو لەلایەکی دیکەشەوە خستنەڕووی جینایەتێکی دیکەی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامیش بۆ بیروڕای گشتی دەخاتەڕوو.

کۆماری ئیسلامی کە پاش شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران هاتەسەرکار بۆ ئەوەی بە جۆرێک شۆڕشەکە بارگاوی بکات بە بیری وشکی ئیسلامیی‌و ئەم شۆڕشە بەرەو فەوتانو لەپێناو مسۆگەر کردنی نیزامێکی دواکەوتووی ئیسلامی ببات، دەستی دایە مراندنی ئەو هیواو ئۆمیدانەی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پێش شۆڕش بۆخۆیانیان وێناکردبوو. دیارە ڕووی هێرشو داپڵۆسینی ڕژێمو تاقمە جیاوازەکانی زۆربەی گەلانی ئێرانی گرتەوە، بەڵام ئەو گەلەی کە ئەساسەن دژی ئەم ڕژێمەو دژی ئەو فیکرو بۆچوونەی کە بەنیاز بوو لەئاستی ئێراندا بەکردەوەی دەربهێنێ گەلی کورد بوو لەئێران. گەلی کورد بەحوکمی ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی پێشتووتری خەباتو بەرەنگاری بووە لەدژی داگیرکەرانی کوردستانو لەهەمانکاتدا خاوەن بزووتنەوەیەکی بەهێزی پێشکەوتنخوازانە بوو، دەست بەجێ بەنیازە پاونخوازایەکەی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی زانی.

بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد پاش تێکەوەپێچانی نیزامی پاشایەتی لەکوردستان، دەستی دابووە پێکهێنانی کۆمەڵێک ڕێکخراوەو نیهادی مەدەنی خەڵکیی‌و کوردستان بەتەواوی بەشێوەیەکی دێمۆکراسیانە لەو ماوەیەدا بەڕێوە دەچوو. ئەمەش لەلایەکەوە ببوە هۆی ترسی دەسەڵاتدارانی دەمارگرژی ویلایەتی فەقیە کە چاوی دیتنی ناوچەیەکی دێمۆکراتوئازادیان نەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە وەری خەباتکارانەی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کوردو بەگشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردی بۆ ئامادەیی هەر ڕووداو هێرشێک بردبووە سەرەوە. لەو سەردەمانەداو پاش ئەو ماوە کەمە لەدەسەڵاتی ڕژیمی ئایینیو پاش دەست بەجێ ناساندنی ناوەڕۆکی نادێمۆکراتیکی ئەم ڕژیمە، بزووتنەوەی کورد بە هیچ جۆرێک حازر نەبوو بچێتە ژێر ڕکێفی سیاسەتە دواکەوتووەکانی حاکمانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی باسی هات و سەرباری ئەوەی گەلی کوردو بزووتنەوەکەی بۆ بەرگرتن بە هەر جۆرە توندوتیژییەک خوازیاری ئەوە بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی شیاوو شارستانیانە ڕێگەی دیالۆگو دانیشتنی پێشنیار کرد، بەڵام حاکمانی دژە کوردو دژە دێمۆکراسی دژی ئەم هەوڵانە وەستانەوە. هەر وەک پێشووتر چاوەڕوان دەکرا دژی دیالۆگو وەستانەوەو بەرە بەرە لێدوانی مەلاکانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆنی خوێنو شەڕی لێدەهات. کاربەدەستانی باڵای ئەم ڕژیمە کەوتنە دارشتنی پرۆسەیەک بۆ بێدەنگ کردنو لەناوبردنی جەماوەری بەرینی کورستانو حیزبە سیاسییەکانی. ئەم هەوڵانەی ڕژیم لەئەنجام دا لە هێرشێکی بەرینی نیزامیدا لەڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵی ٥٨ دا خۆی دەرخست. ئەم هێرشە لەزەمەنێکی دیاریکراوداو بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خۆمەینی کە تێیدا بە ڕاشکاوانە بڕیار بە هەر سێ هێزی نیزامی ئێران درا تاکوو بەهەموو تواناییانەوە بزووتنەوەی کوردستانو سەرجەم بەڕێوەبەرانی ئەم بزاڤە سیاسی - کۆمەڵایەتییە نوقمی خوێنوفەوتان بکەن. لایەنێکی دیکە ئەو ڕاستییە بووە کە ئەم ڕژیمە لەتەواو هێزی ڕاگەیاندنی خۆی کەڵکی وەردەگرت تاکوو سیمای دێمۆکراتیکی بزووتنەوەی گەلی کورد خەوشدار بکات. بەو چەشنە بەهێندیک پڕوپاگەندەی درۆ و فریودەرانە لەهەوڵی ئەوەدا بوو نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد بە گژ خەڵکی کوردا بکات. بۆ نموونە لەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە باسی گرتنی چەندین ژنی موسڵمان دەکەن کە لە مزگەوتی جامیعەی شاری سنە بە دەستی هێزە کوردیەکانەوە گیراونو بەمەش هەستی ئایینی گەلانی ئێرانی خەوشدار دەکرد.

بەم چەشنە عەقڵییەتی هێرش دەستپێدەکاتو کوشتنوگوێنەدان بەقسەی بیرجیاوازان، جێگەی دیالۆگوزمانی لێکتێگەیشتن دەگرێتەوە، ڕژیمی بونیادگەرا بە بیری کۆنە پەرەستانە دەستی دایە قەلاچۆکردنی خەڵکی کوردستان. دەستیدایە وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، دێهاتوشارۆچکەکان، وێرانکردنی باغوبێستانو کێڵگەکانو لەناوبردنی سەرچاوەکانی ژیان. لەو سەردەمەدا، لەچەشنی فەرماندەکانی سەر بە ئوردووگای نازیسم ڕژیم خەڵخاڵی ڕەوانەی کوردستان کردو ئەویش بە بێ لێپرسینەوە و ڕاستەوخۆ و بە پێی بڕیارە دەرهاوردە دوگمەکانی، دەستی دایە بەدیلگرتنو ڕاگواستنو لەئاکامدا کۆمەڵێک لە تێکۆشەرترین ڕۆڵەکانو ئەو کەسانەی دەنگی ئازادیخوازیو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی عەداڵەتخوازانەیان سەردابوو خستە ژێر پەتی سێدارەو ئیعدام کران.

ئەوەی ئێستاکە وەک سومبولی دیکتاتۆرییەتو شەڕەنگێزی بۆ سەرجەم بیروڕای گشتیو تەنانەت بۆ کەسانەی کە ئەوکات لەوەهەمدا بەسەریان دەبردو فریوی بەڵێنەکانی خومەینیان خواردبوو، کۆماری ئیسلامیو دەسەڵاتدارانییەتی. لەلایەکی دیکەوە سەمبولی خۆڕاگریو ڕاوەستانو بەردەوام بوون بەدژی ئەو هێرشە بەرینو دوژمنکارانە و بزووتنەوەی بەرحەقو ڕەوای گەلی کوردە. خۆڕاگری خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لەبەرابەر ئەو هێرشەدا دەبێت وەک بیرەوەریی‌و لەهەمانکاتدا وەک هێمایەکی هەمیشەیی لە بیرو مێشکی لاوانی کۆمەڵگای کوردی بمێنێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری ئاستافی / ڕێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرەنگاری و هاوپشتی نەتەوەیی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی

فواد کوردپوور

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ئەو ڕۆژە بوو کە بە بڕیاری خومەینی وەک ڕێبەری دەسەڵاتی تازە وەسەرکارهاتووی کۆماری ئیسلامی، فەرمانی هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان ڕاگەیاندرا. سی ساڵ پێش ئێستا و لە کاتێکدا شۆڕشی گەلانی تینوی ئازادی و ڕزگاری لە ئێران کەوتە ژێر تەوژمی کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی سیاسی شیعەو بە لاڕێدا چوو، هێرشی بێ بەزەییانەی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی خومەینی، هێرشێک بوو بۆ سەر هەموو دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و ئاوات و ئارەزووە پەنگخواردووەکانی میلیۆنها خەڵک لە کوردستان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکراتێک. بزووتنەوەیەک کە لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خۆیدا، بە تێپەڕاندنی گەلێک قۆناغی سەخت و خوێناوی، نرخێکی گەورەو قوربانییەکی زۆری بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری دانابوو.

گەلی کورد و بزووتنەوەکەی بە بێ هیچ تاوانێک جگە لە دیفاع لە سەنگەری ئازادیخوازی وێڕای هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی، بە بڕوبیانوی بێ ناوەڕۆک، کەوتنە بەر پەلاماری بێ پاساوی پاسداران. ئەوکاتەی کوردستان پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی تازەی کۆماری ئیسلامی وەک تاکە سەنگەری دیفاع لە ئازادی مابۆوە و لە خەملینی دێمۆکراتێکی خۆیدا بوو، چی دی بۆ کۆنەپەرەستان و پاسدارانی خومەینی تەحەمول نەکرا و بڕیاری قەتڵی عام و میلیتاریزە کردنی کوردستان، بۆ سڕینەوەی ئەم ئەزمونەو پاشەکشە و شکاندنی بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد دەستی پێکرد.

هەرگیز نە هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و ڕەسەنەکان، نە ژنان و خوێندکاران و کرێکاران و مامۆستایان و سەرجەم خەڵکی کوردستان، خوازیاری شەڕ و ماڵوێرانی وڵات و خاکەکەیان نەبوون و نین. ئەزموونی ڕێکخراوە جەماوەری و دێمۆکراتیکەکانی پاش ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و مانگەکانی ئەوەڵی دوای ڕاپەڕین لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە مێژوییانەن. خواستە ڕەواکانی گەلی کورد بو سەلماندنی مافی سیاسی و نەتەوەییان، بۆ دامەزراندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دێمۆکراتیزە کردنی وڵاتەکەیان و هەروەها خەباتی بێ پسانەوە لەم ڕێبازەدا، تەنیا هەڵوێست و کردەوەیەک بوو کە لە سەدان هەزار ئینسان لە کوردستان بە ئاشکرا دەبێندرا و تا ئێستاش ڕەوابوونی بەردەوامە.

هێرشی بێ بەزەییانەی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ سەر کوردستان، هێرش بوو بۆ سەر هەموو ئەو دەسکەوتانەو پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد. زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بێڕەحمانە بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، تەنیا ڕێگەی سەپاندنی دەسەڵاتی ڕژیم و سەرکوتی خەباتی گەلی کورد و ڕووبەڕو بوونەوە لەگەڵ ئاشتیخوازی خەڵکی کورد بووە. هەزاران هەزار خەباتکاری ڕێگەی ڕزگاری و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان، لە مەیدانە جیاوازەکاندا بوونەتە قوربانی ئەم داگیرکارییەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران.

خاڵی مێژوویی و جێی سەرنجی ئەم بەشە لە مێژووی گەلی کورد، وەستانەوەو بەرەنگارییەکی هەمەلایەنەو جەماوەری و چەکدارنە بوو بە دژی ئەم هێرشە. خەڵکی کوردستان سنگی خۆیان و ڕۆڵەکانیان کرد بە قەلغانی گوللەو هەرگێز سەریان بۆ کۆنەپەرەستی دسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دانەنەواندو بە پشتیوانی و ڕێبەری حیزبە تێکۆشەرەکانی کوردستان لە بڕیارێکی نەتەوەیی و مێژوییدا، گەورەترین شانۆی خەبات و بەرەنگاریان لە بەرانبەر ئەم هێرشەی پاسدارانی ڕژیم ساز کرد.

ئێستاو پاش تێپەر بوونی سی ساڵ بە سەر ساڵیادی ئەم ڕۆژە مێژوووییەدا، جێگەی خۆیەتی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە ناساندن و ڕێزگرتن لەم ڕۆژە وەک ڕۆژی بەرەنگاری و هاوپشتی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەم بزوینەری حافیزەی مێژوویی گەلی کورد بن بۆ یادەوەری بەرەی نوێی خەباتکاران و هەم سەنگەری خەبات و بەرخۆدانی کۆڵنەدەرانەی خەڵکی کوردستان بەرەو یەکرێزی و یەکگرتووییەکی بەهێز ڕێبەری بکەن. ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی کوردستان و گرێدانەوەی بە خوێنی ئەو لاوە ئازادیخوازانەی کە بە ناحەق هەر ئێستا و ڕۆژانە دەڕژێتە سەر شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکان، پێویستە هەمەلایەنەتر بۆ سەلماندنی هاوخەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوانەی سەراسەری، لە سیهەمین ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژ بێتە ئاراوە.

خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژدا پێویستە بە هێز و وزەیەکی تازەوە بەرەوڕووی دێکتاتۆری سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ببێتەوەو خۆی بۆ بەشداری و پشتیوانی خەباتی هەمەلایەنەو سەراسەری کە ئێستا لە شارە گەورەکان لە ئارادایە ئامادەتر بکات.

بەم بۆنەوە پێویستە خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا دەنگی کپ کراوی خۆیان بە دژی سیاسەتی شەڕ و کوشتاری نیزامی دەسەلاتدارانی ئێران ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنن. بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی و وشیاری سیاسی بە خەباتی یەکگرتووانە، دەتوانی هەوێنی یەکگرتوویی زیاتری ڕیزەکانی گەلی کورد لە قۆناغەکانی داهاتووی خەبات بۆ گەیشتن بە ڕزگاری یەکجاری مسۆگەر بکات

سەرچاوە : ماڵپەری ئاستافی / ڕێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## ۲۸ی گەلاوێژ هێمای درندەیی رژیمی ئیسلامییە و نیشانەیەکە بۆ ئیرادەی بەهێزی خۆراگرانەی خەڵکی کوردستان

۲۸ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی نەپساوەی خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری ئێران و کوردستاندا بە رۆژێکی رەش ناسراوە، وەبیرهێنەرەوەی جینایەت و رووداوگەلێکی تاڵە، هەروەها بە دەسپێکی بانگەشەی ئاشکرای سەرکوتکاری و هێرشی سیستماتیک و هەمەلایەنەی دەسەڵاتدارانی سەرەرۆی ئێران بۆ سەر بزوتنەوەی ئازادیخوازیی و عەداڵەتویستیی خەڵکی مەینەتدیتووی ئەم وڵاتە دادەندرێ.

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی پڕشکۆی جەماوەری لە رێبەندانی ساڵی ۱۳۵۷دا و ڕەوینەوەی سێبەری رەشی دیکتاتۆری پاشایەتی قۆناغێکی تازە لە ژیانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا دەستی پێکرد. درگای ژیانێکی نوێ لە کۆمەڵگایەکی کراوە و سەربەستدا بەرەورووی خەڵک کرایەوە. ئەم خەڵکە بۆ یەکجار و پاش زیاتر لە نیو سەدە کەوتبوونە بەر درگانەی سەردەمێکی نوێ و دەرفەتی هەڵسووڕانێکی سەربەستانەی سیاسی- کۆمەڵایەتی و سازکردنی ژیانێکی شیاوی ئینسانی و بە دوور لە ستەم و سێبەری رەشی دیکتاتۆری هاتبوە گۆڕ.

بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسلامی خەونێکی دیکەیان بۆ کۆمەڵگای ئێران دەبینی و پیلانێکی دیکەیان لەبنسەردا بوو. ئەوانە هەر لە رۆژەکانی یەکەمی سەرکەوتنی راپەڕینی جەماوەریدا جاڕی تەواوبونی شۆرش و ئەستاندنەوەی چەک لە دەست جەماوەر و گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ ماڵەکانی خۆیان دا. دەستیانبرد بۆ خۆتەیارکردن و سازکردنەوەی هێزی چەکداری سەرکوتگەر. زمانی فێل و تەڵەکە و هەڕەشە و زەبر نواندنیان خستە کار هەتا بە هەر جۆرێک کە بووە بەری قووڵبوونەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری بگرن و بەرەبەرە دەستکەوتەکانی شۆڕشیش بخەنە ژێرپێ و هەر رۆژ زیاتر لە چاوەڕوانییەکانی خەلک بۆ باشتر بوونی گوزەران و چاکتربوونی فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناو کۆمەڵگادا کەم بکەنەوە.

لە درێژەی ئەم رەوتی کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا هەموو نیشانەکان دەریان خست کە خەڵکی رەنجدیدە و بێبەشکراوی کوردستان، کە خەباتی دەیان ساڵەی دژواری دژ بە ستەمیان تێپەڕاندووە نایانەوی مل بە داوی دژی شۆڕشانەی دەسەڵاتدارانی تازە بدەن. خوازیاری جۆرێکی دیکەی ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتین کە لەگەڵ بۆچوونی کۆنە پەرستانەی دەسەڵاتداراندا یەک ناگرێتەوە. خوازیاری قووڵکردنەوە و درێژەدان بە شۆرش و چەسپاندن و بەرینکردنەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕشن. خوازیاری نەمانی بنکەکانی سەرکوت و زۆروێژین، خوازیاری دەسەڵاتی راستەقینەی جەماوەری و پاراستنی ئازادییە دموکراتیکەکانن. خوازیاری دوورخستنەوەی دین لە دەسەڵاتی سیاسی و سەقامگیرکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی سەربەستن. نایانەوێ جارێکی دیکە سێبەری دیکتاتۆری و زەبروزەنگ ـ ئەمجار بە بەرگ و سیمای ئایینی و ئیسلامییەوە- باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت. خوازیاری سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی و دامەزراندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتین و بە گشتی خوازیاری ئەوەن کە خۆیان چارەنووسی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دیاری بکەن و چیتر رێگا نەدەن تووشی هەڵاواردن و سووکایەتی ببنەوە و کوردستان ببێتە کۆمەڵگایەکی وەدواخراوی مۆڵدراو بە هێزی چەکدار.

خەڵکی کوردستان هەر لەو ماوە کەمەی کە دەستیان کەوتبوو وێڕای هەموو کۆسپەکان و سەرەڕای هەموو کەموکورپەک کە هەبووبێ نیشانی دا کە دەتوانێ بە پشت بەستن بە هێزی خۆی کۆمەڵگایەکی ئینسانی و ئازاد دابمەزرێنێ و بەرێوەی ببات. لەو ماوە کورتەدا کوردستان ببوە مەکۆی ئازادی و تواندرا نمونەیەکی سەرکەوتوانەی دەسەڵاتی راستەقینەی جەماوەریی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی شۆڕاکانی گەرەک و شارەکان و هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بچێ. کۆمەڵە وەک هێزێکی سیاسی و بە دەربەست نەخشێکی بەرچاوی لە بەدیهێنانی تەواوی ئەو دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ بەرێنکردنەوەی شۆڕش و چەسپاندنی دەستکەوتەکانیدا گێڕا و وەک سەنگەرێکی قایم لە دژی زۆروێژییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستدا وەستایەوە.

هەموو ئەم داوا و چاوەڕوانییە ئینسانی و عادڵانەیە بە گەرووی دەسەڵاتدارنی ئیسلامی تاڵ بوون، بۆیان قووت نەدەچوو، نەیاندەویست بچنە ژێرباری ویست و داخوازی ئەوتۆ، هەر بۆیە رێگای فێڵوفەرەج و تەشقەڵەیان گرتە، هێشتا مانگ و نیوێک لە داتەپینی رژیمی پاشایەتی تێنەپەڕیبوو کە کەوتنە بروبیانوو لە خەڵکی کوردستان و نەورۆزی خوێناوییان بۆ شاری سنە بە دیاری هێنا و کەوتنە چاوسوورکردن و زبروزەنگ نیشاندان و هەڕەشە کردن لە خەڵکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری کوردستان و هەر رۆژەی لە جێگایەک و لە هەر شوێنەی بە بیانویەکەوە ئاوری دوژمنکارانەیان هەڵدەگیرساند، هەتا چۆک بە ئیرادەی یەکگرتوانەی خەڵکی مافخوازی کوردستاندا بهێنن.

درێژەی ئەم ڕەوتە سەری لە ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸ دەرهێنا کە خومەینی وەک رێبەر و سەرۆکی حکومەتی ئیسلامی هەموو زمانی فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی خستە ئەو لایەوە و ڕاشکاوانە و بە ئاشکرا بیچمی دژی ئینسانی حکومەتەکەی دەرخست و فتوای جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانی راگەیاند. داوای لە هەموو هێزە چەکدارەکانی زەمینی، هەوایی و دەریایی و سپای پاسداران و سەرجەمی بەکرێگیراوان کرد « لە ماوەی ۴۸ ساعەتدا سەری فیتنە لە کوردستان پان کەنەوە و دەسەڵاتی ئیسلامی لە کوردستاندا بچەسپێنن«. جەنابی بەنی سەدری سەرکۆماریش فەرمانی بە ئەرتەش دا کە «تا کۆتایی هێنان بە غائیلەی کوردوستان بەنی پۆتینەکانیان نەکەنەوە». ئەمانە بە درۆ بڵاویانکردەوە کە کمونیستەکان لە مزگەوتی جامێعەی سنە ژن ومندالی موسڵمانەکانیان بە بارمتە گرتوە و ئەمەیان کردە

پاساوی فتوا ئیسلامییەکەیان و پەلامارە دژی ئینسانییەکانیان. بەمجۆرە لە هەموو لایەکەوە کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی درندانەی هیزە چەکدارەکانی حکومەتی ئیسلامی و بەئاگروئاسن کەوتنە جەستەی خەڵکی خەباتکاری کوردستان. لە هەموو شارەکان ئیعدامی بەکۆمەڵ وەڕێخرا و کوشتوکوشتاری خەڵکی بێتاوان دەستپێکرد. ئەم پەلامار و زۆروێژییانە بوون بە هەوێنی خۆڕاگری و بەربەرەکانێیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان کە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

زنجیرەی ئەم شاڵاوە دژی ئینسانییانە کە سی ساڵە درێژەی هەیە و لە فتواکەی خومەینییەوە بە بەردەوامی بەڕێوە دەچێت خەسارێکی مەزنی بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەیاندووە و کۆسپ و تەگەرەی گەورەی خستوەتە سەر رەورەوەی رەوتی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی; بە هەزاران ئینسانی فیداکار و تێکۆشەری ئەم وڵاتە خوێنیان رژاوە، بە دەیان هەزار ئینسان کەوتونەتە بەر زەبری لێدان و گیران و بەشێکی زۆریش پەڕیوە و پەرتەوازەی هەندەران کراون، بەڵام قەت رەورەوی خۆڕاگری و درێژەدانی خەبات لە دژی ملهوڕی و زۆرداری لە وەستان نەکەوتووە و قەت دامودەزگاکانی حکومەتی ئیسلامی ئەوجۆرەی ئیدعایان دەکرد نەیانتوانی کۆمەڵگای ئێران بکەنە «دورگەی ئارام» بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی تاڵانکارانە و بەدیهێنانی ئاواتی دژی ئینسانییان.

دەسەڵاتی رەشی حکومەتی ئیسلامی لەم ماوەیەدا سەرەڕای هەموو دڕندەیی و جینایەتێکی بێ وێنە کە لێیان وەشاوەتەوە، سەرەڕای ژیانێکی تاڵ و سەخت و دژوار کە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی بێدەرەتان و گەلانی مافخوراوی ئێرانیان سازکردووە، هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ ساتێکیش سەرینی ئاسودەیی و ئەرخەیانی بخەنە ژێر سەریان و هەرگیز بۆ ساتێکیش مۆتەکەی روخانی دەسەڵاتە نگریسەکەیان لەبەر چاو ون نەبووە.

ئێستا زیاتر لە سی ساڵە ئەم رەوتی خەبات و بەربەرەکانێیە لە دژی دەسەڵاتی درندانەی حکومەتی ئیسلامی لە ئارادایە. هێشتا مۆڵەتە ٤٨ سەعاتییەکەی خۆمەینی بۆ (پاکردنەوەی سەری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و شکاندنی موقاوەمەتی خەڵکی کورد تەواو نەبووە و ئێستاش پاشی سی ساڵ ئەو ئاواتەیان بۆ نەهاتۆتە دی. خەڵکی کوردستان لە درێژەی ئەم خەبات و بەربەرەکانێیەدا گەلێک رۆژگاری سەخت و تاڵیان تێپەڕاندووە، سەرەڕای هەموو ئەم دژوارییانە ئێستا چاوکراوەتر لەپێشوو ئاڵای ئەم خەباتە ئینسانی و عادلانەیە لە دژی سڕینەوەی ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردنی چەند قات، لە دژی زۆرداری نەتەوەیی و لە پێناو ئاشتی و ژیانێکی شەرافەتمەندانەی بێ چەوساندنەوە دەشەکێنێتەوە. ئەم خەڵکە نەک هەنگاوێک بەرەو دواوە نەچووە، بەڵکوو خاراوتر و بە ئەزمونتر لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا حزوری هەیە و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان و لەهەموو توانا و وزەرفییەتەکان بۆ درێژەدان بە خەباتی عادلانە و بۆ گەیشتن بە عەداڵەت و سڕینەوەی ستەم و نابەرابەری تێدەکۆشێ.

ئێستا حکومەتی ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێک کەوتۆتە بەر رق وتووڕەیی کۆمەڵانی رەنجدیتوی ئێران و کوردستان. سەرانسەری ئێران بۆتە شانۆی نارەزایەتی دەربڕین دژ بە حکومەتی ئیسلامی، ئێستا شوورەی پۆڵاینی موقاوەمەتی جەماوەری سەرتاپای حکومەتی ئیسلامی خستۆتە بەر لێکبڵاو بوون.

ئێمە دڵنیاین کە هەموو دامودەزگاکانی رژیم لەبەردەم راپەڕینی پڕشکۆی جەماوەریدا چۆکدائەدەن و گەورەترین سەرکەوتنی مێژوویی بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازی لەئێران و کوردستان تۆمار دەکرێ. ئەمە ئەزمونی بێ ئەملاولای مێژووە و چارەنووسی نەگۆڕی هەموو دەسەڵاتێکی زۆردار و جیانەتکارە و کۆماری ئیسلامیش بە هەموو فێل و تەڵەکەکانییەوە، بە هەموو دڕندەیی و جینایەتەکانیەوە ناتوانێ خۆ لەو چارەنوسە لا بدا. ئێمە داوا لە خەڵکی خۆڕاگری کوردوستان دەکەین کە ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ واتە سیهەمین ساڵیادی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردوستان بکەن بە رۆژی یەکیەتی و یەکگرتوویان و ریزی خەباتکارانەیان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی پتەوتر بکەنەوە.

رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە (فراکسیون)

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٨ / بەرابەر بە١٨ای ئاگوستی ٢٠٠٩

سەرچاوە : مالپەری بەیان / رێکەوتی ١٨ای ئاگۆستی ٢٠٠٩

## ٢٨ی گەلاوێژ، دەرسەکان و ئەزموونەکان

کاوە فەتاحی

٣٠ ساڵ لەمەوە بەر و رێک لە دوای ماوەیەکی کورت لە دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی، بە فەرمانی راستەوخۆی خومەینی، رێبەری ئەو سەردەمەی کۆماری ئیسلامی، هێرشێکی هەمەلایەنە کرایە سەر کوردستان، کە لەو کاتەدا بەهێزترین سەنگەری ئازادیخوازی لە ئێراندا ئەژمار دەکرا. ئەو سەردەمە، لە کوردستان، خەڵک بە پێکهێنانی چەندین رێکخراوی کۆمەڵایەتی وبە رێنوێنی رابەرانێکی ژیر و لێهاتوو تەمرینی دیموکراسییان دەکرد.

بە پێچەوانەی شوێنەکانی تری ئێران، کە کۆماری ئیسلامی توانیبووی شۆڕشی خەڵک بە قازانجی خۆی کۆنترۆڵ بکات، لە کوردستان خەڵک بە هیچ شێوەیەک فریویان نەخوارد و رژێم نەیتوانی لە باوەڕە ئایینیەکانی خەڵک بۆ فریودانیان کەڵک وەربگری. لە کوردستان خواستەکان جیاواز بوون و هەر ئەمەش وایکردبوو خەڵکی کوردستان لە سەرەتاوە بۆیان دەرکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وڵامدەرەوەی خواست و داواکارییە رەواکانیان بێت.

رژێم هێرشی کرد، بەڵام لە بەرامبەر ئەم هێرشەدا خەڵکی کوردستان نیشانیاندا کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی هەرگیز لە بەرامبەر هیچ دوژمنێکدا بێدەنگ نابێ و سەردانەوێنێ. تا ئەمڕۆکە و پاش ٣٠ ساڵ خەڵکی کوردستان خەریکی درێژە دان بەم مقاومەت و خۆراگریەیە و هەرگیز، سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و گرتن و زیندان و ئەشکەنجە کردنە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوونیان هەبووە، هەنگاوێک لە خواستە رەواکانی پاشەکشەی نەکردووە.

لە راستیدا جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەکاتی هێرش بۆسەر کوردستان لەوسەردەمەدا دەنگدانەوەیەیکی شیاوی نەبوو، میدیایەک کە پوششی شیاوی رووداوەکە بدات نەبوو. ئەگەر ئێستا چکۆلەترین حەرکەتێکی ئیعترازی لە ماوەیەکی کورت و لە رێگای ئامرازی پێشکەوتوی پێوەندی گرتن دەگاتە بەر دەستی رای گشتی نە تەنیا ئێران بەڵکو رای گشتی دونیاش، ئەو کات خەڵکی کوردستان هیچ ئیمکانێکی وای بۆ فەراهەم نەبوو. ئەوە لە حالێکدا بوو کە هیزی داگیرکەر لە رێگای میدیاکانیەوە دەیویست بە جۆرێکی تر رووخساری مەسەلەکە باس بکات و بەردەوام خەریکی چەواشەکاری بوو.

بەڵام ئەوەی جێگا تێرامانە و ئێستاکەش وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا ئەژمار دەکرێ ئەو یەکریزیەی خەڵکی کوردستان بوو کە لە کۆتاییشدا خۆڕاگری و بەرخۆدانێکی گەورە و قابیلی ستایشی لێ کەوتەوە. بە گەڕانەوەیەک بۆ مێژووی خەباتی کوردستان، دەبینین کە نەبوونی یەکریزی، زۆر جاران خەساری گەورەی لێکەوتۆتەوە و شکستی بە شوێن دا هاتووە. ئەگەر یەکریزی لە پاڵ بوونی زمان و خاک بە سێ فاکتەری پێناسەی نەتەوەیەک ئەژمار بکرێ ئەوە 28ی گەلاوێژ دەتوانین بەرۆژێک دابنێین کە خەڵکی کوردستان تێیدا جێگایەکیان بۆ رەخنە گرتن لە نەبوونی تەبایی و یەکریزی نەهێشتوە و بە خۆراگری و دیفاع لە خواستەکانیان مێژوویەکیان بۆخۆیان تۆمار کرد کە تا ئەمڕۆکەش لە ئاسمانی خەباتی رزگاریخوازانە ئەم گەلەدا دەدرەوشێتەوە.

28ی گەلاوێژ، کۆمەڵیک دەرس و ئەزموونی گەورەی هەیە کە نابێت فەرامۆش بکرێن. لەوانە گرینگی حیزبی پێشەنگ و بێ ڕاڕا و دەورێک کە دەتوانێ ئەو حیزبە لە قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی خەباتکارانەی نەتەویەک، گەلێک و چینێک بیگێڕێ. کۆمەڵە ئەو حیزبە پێشەنگە بوو کە سەرەڕای گەنجی و تەمەنی کورتی چالاکی و ئەزموونی خەباتی ئاشکرا، توانی بە یارمەتی و لە بەر تیشکی تێگەیشتنێکی قوڵ و راستەقینە لە زەرفییەتەکانی خەڵکی کورد لە لایەک و لەلایەکیتر رادەی کۆنەپەرست بوون و دژە گەڵ بوونی دەسەڵاتێکی ئائینی وەک دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، بکەوێتە ریزی پێشەوەی خەڵکی کورد و ئالای خۆڕاگری و بەرپا کردنی بزووتنەوەیەکی شکۆدار هەڵدا. ئەوەی ئێستا و لە چەند ساڵی رابڕدوودا حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و کەسایەتییە سیاسیو روناکبیرەکان کردوویانە، بۆ یاد کردنەوە لەم رۆژە، جێگای دەستخۆشییە و بێ گومان هەوڵی زیاتریش پێویستە. لەم سەردەمەدا خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ئەو نەسلەی ئەو رۆژانەیان لە یادە دەبێ هەوڵ بدەن یادگارییەکانی رۆژانی بەرەنگاری، بگوازنەوە بۆ نەسلی نوێ و سەرەڕای یاد کردنەوەی خۆڕاگری و فیداکاری ئەو سەردەمەی خەڵکی کوردستان، هەوڵ بدرێ دەرس لە ئەزموونەکانی وەربگیردرێت

سەرچاوە : ماڵپەری ئاسۆی کوردستان / رێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## ٢٨ ی گەلاوێژ، مێژووی دروستکردەوە

باران سەلیمی

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە رۆژ، پڕە لە رووداو و پڕە لە تۆمارکردنی رووداو. رۆژەکان دەتوانن دووبارەبوونەوەی هەمان رۆژەکانی پێشووتر بن، رووداوەکانیش دەتوانن دووبارەبوونەوەی رووداوە ئاساییەکان بن‌و کەچی هەموو رووداوەکان تۆمار ناکرێن. هەموو رۆژەکان لەیەک ناچن، رووداوەکانیش لەیەک ناچن‌و هەر رووداوێکی رۆژانەش تۆمارناکرێت. رووداوێک تۆماردەکرێت کە ئاسایی نەبێت، لەبیرنەچێتەوەو مێژوو دروستبکاتەوە. رووداوێک تۆماردەکرێت کە سنگ بەسنگ بگوازرێتەوە، رۆژەکانی دواتر دروست بکاتو وەک هەوێنی بەردەوامبوونی ژیان دەوربنوێنێت. ئەم رووداوانە مێژوون، بەشێکی زۆری ئەو مێژوویەش کێشمەکێش‌وململانێی بەردەوام لە نێوان چەوساوەو چەوسێنەرە، هێرش‌و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دوو واتایەیەو ئەو تیوەرەیە کە هەموو ژیان خەباتەو خەباتیش بڕینی رێگەی دژوار بۆ ئاسوودەبوون‌و بەختەوەربوونی مرۆڤە. ئەم رۆژانە دەتوانێ ١٨ی مارسی ١٨٧١ی پاریس بێت، دەتوانێ ژیان‌و خەباتی رێبەرێکی وەک فوئادی موستەفاسوڵتانی بێت، دەتوانێ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بێتو سەرەنجام دەتوانێ ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ی کوردستان بێت.

٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ دەیتوانی وەک هەموو رۆژەکانی دیکەی ساڵ، رۆژێکی ئاسایی بێت، دەیتوانی پڕبێت لە رووداوی ئاسایی‌و دەیتوانێ وەک زۆربەی رۆژەکانی دیکە لەبیربکرێتەوە. دەیتوانی لە رۆژەکانی دیکە بچێت، تۆمارنەکرێتو نەبێتە مێژوو. کەچی ئەم رۆژە خۆی لە رۆژەکانی دیکە جیاکردەوە، رۆژە ناتەواوەکانی پێش خۆشی

پڕکردەوەو تەنانەت بناخەی ڕۆژەکانی دواترو ڕووداوەکانی دواتریشی تۆمار کردەوە. ئەم ڕۆژە بوو بە گۆڕەپانی کێشمەکێشو ململانێی، بوو بە خاڵی لێکدادانی دوو واتاو بوو بە مێژوو. ٣٠ ساڵ بەسەر ئەم ڕۆژەدا تێپەڕبووە، کەچی هێشتا ئێوارە بەسەر ئەو ڕۆژەدا نەهاتووە، هێشتا پرۆسەی لێکدادانی ئەو دوو واتایە کۆتایی پێنەهاتووەو هێشتا ئەم ڕۆژانەمان بۆ بەڕۆژ دەکاتەوە.

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێک، ئەم ڕووداوە چ ڕووداوێک و ئەم مێژووە چۆن نووسراوەتەوە؟

نارەزایەتی، ڕاپەڕینو شۆرش لە زۆر شوێنی جیهان کراوە، هەموو ئەم ڕاپەڕینو ئاخێزانە خاوەنی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشن، بارودۆخی کۆمەڵگاکانی دوای ڕاپەڕینو شۆڕشیش خاڵی هاوبەشیان هەیە. زۆربەمان ڕاپەڕینەکەی ١٨٧١ی پاریسمان لە مێژوودا خوێندۆتەوە، جێگۆڕکێمان لەگەڵ کۆمۆناردە لاوەکانی شاری پاریس کردووەو ئافەرینمان بۆ ورەو جەسارەتی ئەو شۆڕشگێڕانە ناردووە. بەڵام ئێغراق نییە کە کەشو هەوای ئەو سەردەمەی کوردستان بە پاریس بشوبهێنین. لە کوردستانیش بیرەوەری لەم چەشنە زۆرن، جموجۆڵی لەو شێوە زۆرنو خاڵی هاوبەش زۆرن. گۆڕەپانی ئەو سەردەمەی کوردستان، گۆڕەپانی دارەدارەکردنو ئەزموونکردنی سەرەتاکانی دیموکراسی بوو، هەوڵ بۆ ئامادەکردنی بەستێنی کۆمەڵگای مەدەنی بوو، خەملاندنی ئاواتو هیوا بۆ ژیانێکی باشتر بوو. لەو سەردەمەدا، مەیدان مەیدانی بردنەسەرەوەی خۆوشیاری سیاسی کۆمەڵگا بوو، مەیدانی ئامادەکردنی کۆمەڵگا بۆ دەسەڵاتێکی خەڵکیو دێموکراتیک بوو، مەیدانی تئۆریزەکردنی چەمکو واتاگەلێکی وەک چینە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانو بەرژەوەندییە جیاوازو هاوبەشەکان بوو، مەیدانی باسکردن لە تەتبیقکردنی بەها دێمۆکراتیکەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کوردستان بوو.

ئەو سەردەمە لە زۆربەی شوێنەکانیتری ئێران باس لە کۆتایی شۆڕش دەکرا، باس لە تەواوبوونی پرۆژەی ڕاپەڕینی خەڵک دەکرا. کەچی لە کوردستان هێشتا سەرەتا بوو، هێشتا شۆڕش بەردەوام بووو باس لە ماندووبوونی زیاتر بۆ گەیشتن بە دەسکەوتی باشتر دەکرا. باس لە چییەتی ڕاپەڕینی خەڵکو باس لە گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکرا، باس لە پێداویستی گەرەنتی کردنی مافەکانی خەڵکو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەکراو باس لە زەرووڕەتی درێژەی ئەو شۆڕشە تا گەیشتن بە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دەکرا.

بەپێچەوانە، لە شوێنەکانیتر شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەو ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ تەنیا مانەوە، سێکتاریزم، بەرچاوتەنگی و خیانەت بووە پێناسەی بەشێک لە پارتە سیاسییە ناسراوەکان. پۆپۆلیزمی ئیسلامی سیاسی بردبوویەوەو باس لە تاقانەبوونو دژایەتیکردن لەگەڵ هەموو هێماکانی دونیای شارستانی دەکرا. لە بەستێنی ناوشیاری ئەو کاتی کۆمەڵگای ئێرانو لە نەبوونی بەدیلی بەهێزی سیاسی، هەموو ماندووبوونەکان بۆ گەیشتن بەو خواستانەی کە شەڕی بۆکرابوو، کە ئارەقەی بۆ ڕژابووو کە خوێنی بۆ درابوو، لە لایەن دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو مۆنۆپۆل کرا. دژە شۆڕش خەریکی چەکەرەکردنو پەلوپۆ هاویشتن بوو، خواهر زێنەبەکانی داهاتوو هاوشان لە گەڵ برا ڕیشدارە کۆنەپەرستەکانیان تێزابو ئەسیدیان بەسەروچاوی ژناندا دەپرژاندو بەگشتی کۆمەڵگا بەرەو دیکتاتۆرییەتێکی ڕەهاو داخراو پەلکێش دەکرا.

ڕێبەرانی تازەبەدەسەڵات گەیشتوو، دەیانویست ڕەگەو سەرچاوەی ئەو تۆزە ئازادییەی کە لە شوێنەکانیتری ئێرانیش هەبوو، کوێربکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە کوردستان دەروازە بوو، لەبەرئەوەی کە کوردستان مایەی دڵگەرمی بوو، لەبەرئەوەی کوردستان هەرێمی مەترسی بۆ دوارۆژی دەسەڵات بوو. دەیانویست قەڵای پشتیوانیکەرو ڕێنوێنیکەرو ئیلهامبەخش تێکبشکێنن. دەیانویست هەموو ئاسەوارو دەسکەوتە دێمۆکراتیکەکان بستێیننەوەو بەگشتی دەنگی ئازادایخوازی لە قازانجو بەرژەوەندی دروستبوونی توێژێکی نوێی ئەریستۆکرات، بێدەنگ بکەن. لەوەها حاڵەتێکدا، کوردستان تەحەموول نەکرا، هەربۆیە هەموو هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی گەلی کورد بەهەندوەرنەگیراو فەرمانی جیهاد لە دژی گەلی کورد پەسندکرا. فەرمانی هێرشێک کە پێش لە پەسندکردنی، لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەوە چاوەڕوان دەکرا و لەو بارەوە وشیاری بە خەڵک دەدرا.

بەمەبەستی هێرش، ژووری عەمەلیات سازکرا، سەرمایەی مادیو مرۆیی تەرخان کرا، باس لە نەکردنەوەی بەندی پۆتینەکان تا سەرکوتی یەکجارەکی کوردستان کرا، چەواشەکاری کرا، کایە بە عەقڵی جەماوەری ئێران کرا، جۆشدانو بەسیجی جەماوەری لەژێر ناوی بەرگریکردن لە ئایین و لە ئیسلام سازدراو سەرەنجام هێرش کرا. لەدەرکردنی فەرمانەکەدا هێندە پەلەکرا کە تەنانەت هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان لەبیرکراو ئەم فەرمانە بۆ هێزی دەریاییش بەرێکرا. پەلەکرا لەبەرئەوەی کە پێیانوابوو دەبێ لە کاری خێردا پەلە بکرێت، ئەم کارەش بۆ ئەوان خێر بوو، لەبەر ئەوەی کە داهاتووی ئەوانو سەرجەمی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دەخستە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی کە بوونی هەرێمێکی ئازادو دێموکراتو کراوەو ئەوەیش لە پاڵ دەستی ئەوان دوارۆژی ئەوانو چییەتی ئەوانی دەخستە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی کە پەتای ئازادیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو زۆربەهای دیکەی ئینسانی لە کوردستانەوە هەناردە دەکراو سەرجەمی ئێرانی دەگرتەوە.

لەبەستێنی بارۆدۆخی سیاسی تایبەت، ناوشیاری ئەو کاتی کۆمەڵگای ئێران، نەبوونی حیزبی سیاسی وشیار لە ئاستی سەراسەری کە ئەویش خۆی بەرهەمی دیکتاتۆرییەتی درێژماوەی پاشایەتی بوو و بەکەڵکوەرگرتنی ئەبزاری لە مەزهەب و حازروئامادەبوونی دامودەزگای ڕووحانییەتی شیعە بە مزگەوت و حوجرە و حوسەینییەکانییەوە، هێزێکی زەبەلاح بۆ سەرکوتو بۆ داگیرکردنی کوردستان بەرێکراو شوێنکەوتنی مەبەستەکان نیشانەکرا. هێرش کراو کەچی قەت مەبەستەکان

نەپێکرا، نەک لەبەرئەوەی کە هێزەکە گەورە نەبوو، نەک لەبەرئەوەی کە بەزەیی‌و رەفتاری ئینسانی بەهەندوەرگیرا، مەبەستەکان نەپێکرا لەبەرئەوەی کە لایەنێکی بەرامبەریش هەبوو، لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی بەرامبەرە بزووتنەوەیەکی بەهێزی پێکهێنابوو، لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی بەرامبەرە بەخۆشیاری سیاسی گەیشتبوو و لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی بەرامبەرە بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دابوو. ئەم لایەنی بەرامبەرە کوردستان بوو کە زۆرینەی تاکەکانی لە بزووتنەوەیەکدا لەژێر ناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا رێکخستبوو. بزووتنەوەیەک کە تا هەنووکەش زیندووەو تا گەیشتن بە ئامانجەکانی زێندوو دەمێنێتەوە.

هاوکات لەگەڵ هێرش بۆسەر کوردستان، کەش‌و هەوای کوردستان لە تەمرینکردنی دیموکراسییەوە بۆ بەرگریکردن لە دەسکەوتەکان گۆڕدراو وەک عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەڵێت، هەمووان لەسەر بناغەی دیفاع لە مافی ژیان‌و مافی مانەوەی خۆیان، دیفاع لە ئازادی‌و کەرامەتیان، دیفاع لە باوەڕو پێناسیان دەستیان دایەدەست یەکترو بەڵێنی تەسلیم نەبوونیان دا.

پێشتر وشەگەلێکی وەک بزووتنەوە، پێشمەرگە، بەرگری، یەکێتی، کۆمەڵە، پارتیزان و زور وشەیتر بوون، لە زۆر کەس بیسترابوون، ناساندنیان بۆ کرابووو کەچی ئەمجارەیان هەمووان دەیانویست خۆیان لەو واتانەدا بتوێننەوە، دەیانویست ئاوێتەی ئەم وشانە بن‌و دەیانویست خۆیان ببنە بکەرو کارەکتەری ئەم واتانە. ئەم ویستانەش لە پێداویستییەکەوە سەرچاوەی دەگرت، لە پێداویستییەک کە هەوێنی شوناسی ئەوانی وەک مرۆڤ و وەک کورد پێکدەهێنا، لە پێداویستیەک کە فەلسەفەی بوونی ئەوان‌و مانەوەی ئەوانی پێکدەهێناو پێداویستیەک کە بەنرخترین بەهاکانی ئەوانی لە مەحەکی تاقیکردنەوە دەدا. بەڵێن نەنووسرا، کەچی وەک پیرۆزترین نووسراوەکان خۆیدەرخست، زەرووڕەتی تەسلیم نەبوون نەنووسرابوو، کەچی وەک زەرووڕەتی هەناسەکێشان‌و خواردن پارێزراو ئەم بەسەرهاتانە دەستی پێکردو تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ئێستاش هەموو رۆژێکی ژیانی خەڵکی ئەم دەڤەرە، ٢٨ی گەلاوێژەو ئەم رۆژە بۆتە ژیانی هەموو رۆژێک. شۆرش لای گەلی کورد کۆتایی پێنەهاتووەو تەنانەت بەشەکانیتری ئێرانیش دەیانهەوێ وەک کوردستان درێژەدەری ئامانجەکانی شۆڕشی ناتەواوی ٥٧ بن. ٢٨ی گەلاوێژ بووە دەروازەی درێژەدانی شۆڕش‌و بێ گومان بەسەرەنجامی شیاوی خۆی دەگات.

سەرچاوە : ماڵپەری ئاستافی / رێکەوتی : ١٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێران و راڤەیەک

ئارام. مەریوان

سی ساڵ لەمەوپێش لەکاتێکدا کە ئێمەی کورد لەژێر چەکمەی ئیستیبدادو سەرەڕۆیی دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی دەمان ناڵاندو دەنگی کپ کراومان بەهیچ کوێ نەدەگەیشت و هەموو رۆژێک باوک، برا، خوشک و دایکانمان لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی یا لەشەرِی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ ەوە دەستی پێکرد لەمەیدانی بەرگریدا، گیانی ئازیزانمان بەختکرد، هیچ رێکخراوەیەکی مرۆڤ دۆست بە هانای ئێمە نەهات و دەیان‌و سەدان‌و هەزاران کەس لەباشترین و بەرێزترین مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە ببون بە قوربانی سیاسەتی چەوت و نامرۆڤانەی پاوانخوازانەی شۆوێنیستی پان ئێرانیست. ئەم جارەیان بەناوی ئایین و بەرگری لە فەوتانی ئیسلامی ویلایەتی فەقیە پاش سی ساڵ لەدەستپێکردنی سەرکوتی گەلانی بن دەستی ئێران‌و خەڵکی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا، چەندین بزووتنەوەی جەماوەری هەرجارەیان لەژێر چەندین چەتری جیاواز وەک بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی مامۆستایان لە ئێراندا سەری هەڵدا و تاهەنووکەش درێژەی هەیە. بە سەدان و هەزاران کەس لە ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەندکراون‌و ماوەی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە. هەر دەنگێکی ئازادیخواز و نوێخوازیان لە گەرووداا تاساندووەو هەر چەشنە هەنگاوێکی مرۆڤ دۆستانەیان بە ناوی دژایەتی لەگەڵ خوداو ئیمامی زەمان پێناسە دەکەن، بەڵام بە خۆشیەوە، ئەو وشیارییە سیاسیەی کەلە 30 ساڵ لەمەوپێشەوە ئێمەی خەڵکی کوردستان لێی بەهرەمەندبووین، ئەوە ئێستا لەنێو قووڵایی شەقامی سیاسیی ئێران و شارە گەورەکانی ئێرانەوە سەری هەڵداوە.

بەرەی ئازادیخوازی ئێران وەک مێژوویش باس دەکات وەک بزووتنەوەیەکی خاوەن ئەزموون هەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە تادەگاتە ٢٢ی رێبەندان‌و ئەو بزووتنەوەی کە سەرەنجی هەموو ناوەندە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشا و ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی کە بەدەیان میلیۆن مرۆڤی کێشایە سەر شەقام ، بۆ جارێکی دیکە هەواڵی ئەم بزووتنەوە بوو بە مانشێتی یەکەمی هەموو میدیا و گۆڤار و رۆژنامە گرینگەکانی گۆڕەپانی سیاسەت لە جیهاندا. پاش هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان و هەست پێکردنی دەنگدەران بە دزینی دەنگەکانیان لەلایەن ئەحمەدی نژاد و باڵی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەو سەرکوتی جەماوەری بەزاڵهاتووی شارە گەورەکانی ئێران لەلایەن هێزە نیزامی، ئینتزامی، بەسیجی، لیباس شەخسیەکانەوە بە خوێن کێشانی لاوانی کوڕ و کچ، ژنان و پیاوان و تەنانەت لاوانی کەم تەمەن و دواتر زیندانی کردنی بەفراوانی رووناکبیران، هونەرمەندان و خاوەن قەڵەمەکان و هەڵسوڕاوانی سیاسیی و مەدەنی و ئەشکەنجەیان بە

شێوازێکی نامرۆڤانەو دوور لەئەخلاقی سیاسی و شانۆی دادگای سەدکەسی کە وەبیرهێنەرەوەی دادگاکانی هیتلێر و ستالینە، دڵی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز دەهەژێنن. دەسەڵاتێک ئەگەر باوەڕی بە عەداڵەت و مرۆڤایەتی بێت چۆن دەیانو سەدان کەس دەکوژێتو تەنانەت تەرمەکانیشیان رادەستی بنەماڵەکانیان ناکەنو لە شوێنێکی نادیاردا دەینێژنو بڕیاری قیرەتاوکردنی مەزاری ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە دەدەن؟ هەروا کە هەموومان دەزانین ئەم ئەشکەنجەو جینایەتانەی کە لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە: ئێڤین، کەهریزەک و قەزەڵ حەسار، دەخوڵقێن و بەسەر کوڕان و کچانی ئەم نیشتمانەدا دەهێنن، لە جەستە و ناخ و دەروونی ئەوان تێپەڕی کردووەو ئێستا بۆ شکانی کەسایەتی ئازادیخوازان هەروا کە مێژووی خەڵکی کوردستانیش لەم بارەیەوە، ئەم وتەی موسەوی و کەڕوبی کە دەڵێن: دەست درێژەی سێکسی کراوەتە سەر کوڕان و کچان پشت راست دەکاتەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران جینایەتی نوێی ئەم جارەیان بە پەردەی رەشی مێژووی ٣٠ ساڵەی خۆیان زیاد کردو لەلایەکی دیکەشەوە، سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە شەڕی دەسەڵاتی لە نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی زیاتر روون کردەوە کە ململانێی دەسەڵاتی لەم ٢ مانگەی رابردوودا زیاتر لە هەر کات لە خۆی نیشان دا. هەر کام لە باڵەکانی دەسەڵات بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە باڵی ویلایەتی فەقیە کەوتنەتە خۆ و لەم پێناوەدا لە هیچ کۆششێک دریغیان نەکرد، لەوانە بنەماڵەی هاشمی رەفسەنجانی کە ئەگەر بنەماڵەی هاشمی رەفسەنجانی خۆیان تێکەڵ ئەم بزووتنەوەیە بکەن، ئەوە بزووتنەوەکە لەبەر چەند هۆ لەبار دەچێت: یەکەم ئەوەی کە بنەماڵەی رەفسەنجانی وەک خێزانێکی سەرکوتگەر و تالانچی ئاسەوارەمێژوویی‌یەکانی ئێران هەر لە باکور و باشوورەوە بگرە تا دەگاتە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئێران. لە هەموو تەمەنی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانیش هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماری هەشت ساڵەی خۆیداو ئێستاشی لەگەڵ بێت، وەک سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و ناوەندی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی هەبووە لە پەسەندکردنی یاسا دژەمرۆڤایی‌یەکان بەسەرخەڵکی ئێراندا. ئێستاش یەک مانگ و نیو لەو رۆژەوە هەموان لە میدیاکان ئاگادار و هەواڵیان پێ دەگەیشت کە هاشمی رەفسەنجانی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە کە (داوا لە هەموو گروپ و حیزب و رێکخراوە سیاسی و ئایینیی‌یەکان دەکەم کە گوێ ڕاگرن بۆ فەرمایشاتی رەهبەری، واتە وتەکانی عەلی خامەنەیی). باشە هۆکاری ئەوەی کە رەفسەنجانی لەنوێژی هەینی چەند حەوتووی رابردوودا باسی لەوە دەکرد کە وڵات لە مەترسیدایە و دەبێت رێگا چارەسەرێکی سیاسی و عاقڵانەی بۆ بدۆزینەوەو فائیزەی کچی و کوڕەکانی ناردە سەر شەقام و هاوپشتی موسەوی و کەڕوبیان دەکرد، ئێستا هۆی چییە ٣٦٠ دەرەجە وەرچەرخاوەو پشتیوانی لە ویلایەتی فەقیە دەکات؟ ئەم هەڵسوکەوتەی هاشمی ئەوە دەسەلمێنێت کە لەسەر بەرژەوەندی خێزانی خۆی ئامادە بووە لەگەڵ خامەنەیی دەست بداتە هەر چەشنە سات و سەودایەک و کردیشی و ئێستا بۆ هەموان ئاشکرابووە کە هەموو دەسەڵاتداران لە ریفۆرمخوازانەوە بگرە تا دەگاتە پاوانخوازانی نێو دەسەڵات، کاتێک کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر هەموویان دەبن بە قەڵغان و لەسەر مانەوەی نیزام هەر هەموویان کۆک و هاودەنگ دەبن. لەلایەکی دیکەوە پاش ئەو ریسواییەی کە دوابەدوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانو ئەو ئەشکەنجەو ئیعدامو دەست درێژیە سێکسیانەی کە بە کچانو کوڕانو ژنانو پیاوان لەنێو بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کرا، بۆ کەم رەنگکردنەوەی ئەم ریسواییانە لەروانگەی نێونەتەوەییەوە، مەحموود ئەحمەدی نژاد هات و ٣ ژنی بۆ پۆستی بەرپرسی وەزارەتەکان بەمەجلیس پێشنیارکرد کە گۆیا من رچەشکێنم و زیاتر لە دەوڵەتی خاتەمی بایەخ دەدەم بەژنان، بەڵام زۆربەی جەماوەری رۆشنبیری کۆمەڵگای ئێران باش دەزانن کە ئەو ژنانە نەک هەر باوەڕیان بە ژن بوونی خۆیان نییە، نەک هەر خوازیاری دونیاییەکی نوێ نین بۆ ژنان، بەڵکو ئەو ٣ ژنە خۆیان لە سەرکوتی ژنانی ئێران دەستیان هەبووە چ وەک بەرپرسی بەسیجی ژنانی کەرەج، چ وەک بەرپرسی ناوەندەکانی ئەمری بەچاکە و نەهی لە خراپەی کۆماری ئیسلامی دەستیان هەبووە لە سەرکووتی ژنان لە ئێران.

ئێستا بۆ هەمووان روونە کە رێگای رزگاری گەلانی ئێران نەک هەر لەژێر عەباکەی مێهدی کەڕوبی و شاڵە سەوزەکەی موسەویو هاتوو هاواری فائیزەی رەفسەنجانی نایەتە دی، بەڵکو تاکە رێگای رزگاری و بەدەست هێنانی دیمۆکراسی بۆ ئێران هاودڵی و یەکگرتوویی گروپ و رێکخراوە سیاسییە نوێخواز و دیمۆکراتەکانی شەقامی سیاسی ئێرانە، نە پشت بەستن بە ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ خۆیان ئازادی کوژ و خوڵقێنەری ٢٨ی گەلاوێژەکان و خاوەرانەکان بوون.

سەرچاوە : ماڵپەری ئاستافی / رێکەوتی : ١٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## کوشتاری ساڵی ٦٧، پەڵەیەکی رەشی نێوچاوانی رێژیم

بە فەرمانی ئایەتۆڵڵا خومەینی، رێبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە دوایین رۆژەکانی ژیانی خۆیدا دەری کردو لەڕاستیدا درێژکراوەی فەرمانی جیهادی ناوبراو بوو، گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش لە گیراوە سیاسییەکان دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا چەند هەزار کەس لە نەیاران و جیابیرانی دەسەڵاتی ئیسلامی ....

حەسەن سەلیمی

بە فەرمانی ئایەتۆڵڵا خومەینی، رێبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە دوایین رۆژەکانی ژیانی خۆیدا دەری کردو لەڕاستیدا درێژکراوەی فەرمانی جیهادی ناوبراو بوو، گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش لە گیراوە سیاسییەکان دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا چەند هەزار کەس لە نەیارانو جیابیرانی دەسەڵاتی ئیسلامی کە بەشێکی زۆریان چاوەڕوانی ئازادبوونیان دەکرد، لە بێدادگا چەند خولەکییەکانی رێژیمدا سزای ئێعدام کردنیان بۆ دەرکراو لە ناکاو لە سێدارە

دران. قۆناخی یەکەمی ئەم کردەوە دڕندانەیە لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا دەستی پێکردو لە مانگی خەرمانانـدا گەیشتە چڵەپۆپەو هەتا پایزی ئەو ساڵە درێژەی کێشاو تەنانەت بەشێکیان وەرزی زستان ئێعدام کران. بەشێکی بەرچاو لەم قوربانییانە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژران‌و شوێنی نێژرانیان واتە "خاوەران" تا ئێستاش لە کەسوکاری لە سێدارەدراوەکان شاردراوەتەوە.

هاوینی ساڵی ١٣٦٧ ، رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە رێبەرایەتیی ئایەتوڵلا خومەینی، دوای هەشت ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ رێژیمی بەعس ناچار بوو جامی ژەهر بخواتەوەو بە شێوەیەک لە شێوەکان شکستهێنانی لە شەڕدا قەبووڵ بکا. ئەوە کاریگەریی پتری لەسەر ورەی رێژیم‌و درندەخوویی زیاتری شەخسی خومەینی دانا، هەر بۆیە لە هەوڵدا بوون ئەم شکستە قەرەبوو بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە فەرمانێکی رەشبیرانەدا، بێرەحمانەو بە دڵڕقییەکی لەڕادەبەدەر هەزاران لاوی ئازادیخوازی لە بێدادگاکانی خۆیدا گوللەباران کرد. هۆکاری سەرەکیی ئەم زنجیرە ئێعدام کردنانە کارو کردەوەو هەرەسهێنانە یەک لە دوای یەکەکانی رێژیم بوو. گرتن‌و ئەشکەنجەو کوشتارو قەتڵ‌و بڕی خەڵک لە لایەن رێژیمەوە دیاردەیەکی نوێ‌و جێگەی سەرسووڕمان نیە، ئەوە ٣٠ ساڵە دەسەڵاتدارانی ئەم حکوومەتە ئاسمانییە تاڵان‌وپۆی لەگەڵ تاوان‌و کۆمەڵکوژی تەنراوەو بە تەواوەتی لەگەڵ هەرچەشنە دڕندەیییەک ئاوێتە بووە. ئێستاش پاش ٢١ ساڵ لە تێپەڕینی ئەم کارەساتە، تینوویەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خوێنی بەندکراوانی سیاسی نەشکاوەو کوڵی مرۆڤکوژییان دانەمرکاوە. ئێستاش رۆژ نیە گرتن‌و ئەشکەنجەو ئازار، لە سێدارەدان، بێ‌ڕێزیکردن‌و دەستدرێژیکردنە سەر بەندکراوەکان لە ئێرانی ژێر حوکمی ئاخووندیدا روو نەدەن.


رێژیم بە تەما بوو بە پاکسازیکردنی زیندانەکان لە رێگەی ئێعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەوانەوە، وا بنوێنێ کە پاش شەڕ لەگەڵ عێراق‌و کێشەی نێوخۆیی سەرانی دەسەڵاتدار، لە ئێراندا هیچ چەشنە کێشەو ئاریشەیەک لە ئارادا نیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەتا ئەمڕۆش رەوتی دەستبەسەرکردن‌و بێ‌سەروشوێن کردن‌و لەسێدارەدانی خەڵک لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامەو، لە بەرانبەردا چالاکانی سیاسی‌و مافەکانی مرۆڤ زیاتر سوورن لەسەر درێژەدانی خەبات، خەباتێک کە رێژیم ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک سەرکوت‌و بێدەنگی بکات. ئەم خەباتە بە چەشنێک کەوتۆتە سەر پێ کە تا سەرکەوتن و دابینبوونی ویستەکانی هێور نابێتەوە. لەڕاستیدا دەبێ بڵێین سەرانی رێژیم وێنایەکی ئەوتۆیان هەبوو دەنگی ئازادیخوازی‌و جیابیری بۆ هەتاهەتایە لە ئێران کپ دەکەن، بەلام هەر ئەو گرتووخانانەی کە ٢١ ساڵ لەمەوبەر بە لەسێدارەدانی چەند هەزار کەس چۆڵ کران، ئەمڕۆ هەموویان بە بەندکردنی رۆڵە ئازادیخوازەکان ئاخنیون، ئەویش ئەوەیکە لەو گرتووخانەگەلەدا چی رووی داو بارودۆخی دەستبەسەرکراوان بە چ شێوەیەکە، بە جێگای خۆی. سەیر لەوەدایە کە قاتڵان‌و بەڕێوەبەرانی قەتڵەکانی دوێنێ‌و یەک لەوان کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧، ئێستا بە وەڕێخستنی شانۆی هەڵبژاردن‌و شەڕی دەسەڵات‌و پێشبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی سەروەت‌و سامانی خەڵک‌و داکۆکیکارانی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی خومەینیزم لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی مافویستی خەڵکی ئێران دان. سەرۆک وەزیری سەردەمی کوشتاری ساڵی ٦٧، هەنووکە بۆتە جڵەوبەدەستی گۆڕان‌و پێداچوونەوە بە بنەماکانی پێکهاتنی کۆماری ئیسلامیدا. ناوبراو خوازیارە خەڵک لەمبارەیەوە پشتگیریی لێ بکەن کەچی ئەو ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئامادە نەبوو لەمەڕ ئەم کارەساتە بدوێ‌و تەنانەت ئامادەش نیە پاش ٢١ ساڵ داوای لێبوردن لە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو قوربانییانە بکاو بەم چەشنە ئۆقرەیان پێ ببەخشێ. پرسیار ئەوەیە ئایا کەسێک کە ئامادە نیە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر ئەو کارەساتەدا، داوای لێبوردن لە بنەماڵەی قوربانیان‌و خەڵکی ئێران بکاو لەوانەیە ئەوە بە خاڵی زێڕینی سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆی بزانێ، هاتنەوەی بۆ دەسەڵات مانای چیە؟

بێگومان خوێنی بەناحەق رژاوی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧ و هەموو ئازادیخوازان‌و مافخوازانی سەرانسەری ئێران هەرگیز فەرامۆش ناکرێ‌و تەواوەتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەم کوشتارەو هاوشێوەی ئەم جینایەتەدا بەشدارو تاوانبارن‌و، دەبێ بە تاوان دەرهەق بە مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن.

لە بیستویەکەمین ساڵوەگەڕی ئەم رووداوە دڵتەزێنەدا سەری رێزو کرنۆش بۆ خەبات‌و خۆڕاگریی هەموو ئازادیخوازان‌و رزگاریخوازان دادەنەوێنین و ئەم کردەوە ناشیرینەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم‌و ریسوا دەکەین.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان میدیا / رێکەوتی : ٢٢ی سیپتامبری ٢٠٠٩

## شەکاوە بێ ئاڵای بەرخۆدانی نەتەوەیی



لە بیست ونۆیەمین ساڵی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کوردستان.

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

کوردستانییە نیشتمانپەروەرەکان!

٢٨ گەلاوێژی ئەمساڵ، ٢٩ ساڵی رەبەق بەسەر دەرچوونی فەرمانی جیهاد بەدژی خەڵکی وڵاتەکەمان

لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ.

۲۹ ساڵ لەمەوبەر، لەپاش زنجیرەیەک پەلامار و شەڕفرۆشیی حاکمانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، سەرەنجام لە ۲۸ گەلاوێژدا، خومەینی رێبەری کۆماری ئیسلامی، بەدەرکردنی حوکمی جیهاد لە سەر کورد ، شەڕ و پەلاماری سەرانسەریی بە دژی نەتەوەکەمان، راگەیاند.

بەدووای دەرچوونی ئەو حوکمە، دەیان هەزار کەس لە هێزەکانی ئەرتەش و پاسداری کۆماری ئیسلامی لە عەرد و ئاسمانەوە بە پاڵپشتی تۆپ و تانک و تەیارە، هێرشێکی بەربڵاویان بە ئامانجی داگیرکردنەوەی کوردستانی ئازاد و تێکشکاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەچۆکداهێنانی رۆڵەکانی ئەم خاکە و سەپاندنی حوکمی داگیرکەری، وەرێخست.

هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەپێی حوکمێ کە دەرچووبوو، لە هیچ تاوان و جینایەتێکی دژی مرۆڤی دەرهەق بە رۆڵەکانی کورد، نەپرینگانەوە و لە ئاکامی ئەو هێرشە سەرانسەرییەدا، هەزاران مرۆڤی کوردیان بە زەبری بوردومان و پەلامار و کوشتاری بەکۆمەڵ یان هەڵخستنی سێدارە و رێکخستنی ئێعدامی بەتاک و کۆ، لە ناو برد. هەروەها بەشێک لە ئاوەدانی و کێڵگە و دار و دەوەنی وڵاتەکەمانیان کردە سووتماک.

لە بەرانبەر حوکمی جیهادی خومەینی و هێرشی هێزەکانی بەرفەرمانیدا، رۆڵەکانی نەتەوەی کورد داماو و دەستەوەستان نەوەستان و بە یەکگرتوویی و وەرێخستنی بەرگری و بەرخۆدانێکی مێژوویی،لاپەڕێکی دیکەی پڕ سەروەرییان خستەسەر مێژووی بەرەنگاریی نەتەوەی کورد بەرانبەر پەلاماردەران و لە ماوەی ۳ مانگدا، دەرسێکی وایان بە داگیرکەران دا کە سیستەمی سەرکوت و داگیرکەریی رێژیم پەکی کەوت و هەر خومەینی خۆی ناچار بوو فەرمانی راوەستانی شەڕ و بانگەوازی ئاشتی دەربکا.

ئەو فەرمانەی خومەینی لە ۲۸ گەلاوێژدا بە دژی کورد دەریکرد، درێژەی ئەو رێچکەیە بوو کە حکومەتە یەک لەدووای یەکەکانی ئێران هەر لە شاکانی سەفەوییەوە تا قاجار و پەهلەوی بۆ تووناکردنی گەلی کورد و بەتاڵان بردنی سامانی وڵاتەکەی گرتبوویانە بەر.

خۆڕاگری و کۆڵنەدانی کوردان و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەر و حەولدان بۆ بەرقەراریی دەسەڵاتی نەتەوەییش، نەریتێ بوو کە لە شێخی شۆڕشگێران شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و سەرداری گەورەی گەل سمکۆی شکاک و هەڵۆی سووری مەڵبەندی لوڕستان قەدەم خێر و پێشەوای شەهیدی گەل قازی محەمەدەوە بەمیرات بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد مابووەوە.

بەمجۆرە ئەگەر ۲۸ گەلاوێژی ۱۳۵۸ (۱۹۷۹) سیمبولی عەقڵیەت و سیاسەتی شۆڤێنیستی و داگیرکەرانەی رێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی بوو، بڕیاری بەربەرەکانی و بەرخۆدانی جەماوەریی گەلی کورد،هێمای بزوتنەوەیەکی ئازادیبەخشی نەتەوەیی و تێکۆشان لە پێناو سەروەریی و دەسەڵاتی خۆیی ئەو گەلە بوو.

شەڕ و تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ۲۹ ساڵی رابردوودا نەبڕاوەتەوە و درێژەی هەیە. تێرۆری رێبەرانی گەلەکەمان، ئێعدامی رۆڵەکانی کورد لە زیندانەکاندا، بەتاڵان بردنی سامانی نەتەوەیی کوردان، تێکدانی باری دیمۆگرافی هەرێمە رەسەنەکانی کوردستان، حەولدان بۆ شێواندنی ناسنامە و کلتور و کەسایەتی کورد، بڵاوکردنەوەی مادە بێهۆشکەرەکان، پەستاندنی هەزاران کورد لە ئەشکەنجەگاکان و کوشتاری بەردەوامی رۆڵەکانی کورد لەسەر سنوورەکان، درێژەی ئەو حوکم و شەڕەیە کە ۲۹ ساڵ لەمەوبەر بەسەر کورد دا سەپا.

بەڵام نە داگیرکردن و میلیتاریزەکردنی کوردستان و نە قوربانییە زۆر و زەوەندەکانی نەتەوەی کورد، بزوتنەوەی ئازادیبەخشی کوردستانی پەک نەخستووە و بە هەموو هەوراز و نشێوەکانەوە، گەلی کورد و حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی ،ئاڵای ئازادی و ملنەدان بە زۆردارییان شەکاوە راگرتووە.

ئەمڕۆ لە دەسپێکی ۳۰ ساڵەی دەرچوونی حوکمی جیهاد و فەرمانی قەڵاچۆی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان لەسەر ئەم پرێنسیپانە پێدادەگرێ:

۱- هیچ دەوڵەت و حکوومەت و دەسەڵاتێکی سیاسیی کە هەڵقوڵاوی ئیرادەی راستەقینەی خەڵکی کوردستان نەبێ، لەسەر خاکی کوردستان شەرعیەتی نییە و ڕادان و هەڵتەکاندنی مافی ڕەوای نەتەوەی ئێمەیە.

۲- رێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرانی بڕیار بەدەستی، بەرپرسی هەڵایسانی شەڕ و هەموو ئەو تاوان و جینایەتانەن کە لە ۲۸ گەلاوێژی ۱۳۵۸ ەوە تا ئێستا دژ بە خەڵکی کوردستان، خوڵقاوە. گەلی کورد خوازیاری دادگایی کردنی بڕیاردەران و بەرێوەبەرانی ئەو شەڕ و تاوانانە و قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانیەتی.

۳- بڕیاری بەرەنگاری لە حاست لەشکرکێشی و دەسدرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایان خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بڕیارێکی دروست و مێژوویی بوو و زۆر بەجێیەکە ۲۸ گەلاوێژ بە رۆژی بەرگریی نەتەوەیی بەرانبەر جیهادی خومەینی (لە رۆژهەڵاتی کوردستان) دابنرێ.

۴- کێشەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی داگیرکەر و تۆتالیتێری حاکم و عەقڵیەت و سیاسەتی شۆڤێنیستییە و پەیامی کورد بۆ گەلانی ئێران، برایەتی و پێکەوە ژیان بە ئاشتی لە هەرێمەکەدایە.

۵- هەموو ساڵێ بە گشتی و ۳۰یەمین ساڵی فەرمانی ئەو جیهادە و بەرەنگاریی کوردان بە تایبەتی، ببێتە رۆژی یەکێتی و یەکرێزیی رۆڵەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هاوەدنگی و پلانی هاوبەشی هێزە سیاسییەکان بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بەگەلی کورد و راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ۶- نەتەوەی کورد مافی خۆیەتی بۆ پاراستنی خۆی لە کوشتار و قەلاچۆ، وێڕای پشت بەخۆ بەستن،

هانا بۆ رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرێ و داوای هاوکاری لە هێزە دێموکراتییەکانی جیهان بکا.

شەکاوە بێ ئاڵای بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی ٢٨ی گەلاوێژ

بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی و یەکریزی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی

مەجلیسی گشتی
پارتی ئازادیی کوردستان

٢٨ گەلاوێژی ٢٧٠٨ / ١٨ ئاگۆستی ٢٠٠٨

سەرچاوە : ماڵپەری ئەمرۆ / رێکەوتی : ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

## راگەێندراوی سپای رزگاریی کوردستان سەبارەت بە ٢٨ گەلاوێژ




هاونیشتمانیانی بەرێز!

ئەمرۆ ٢٨ گەلاوێژی ١٣٨٧، ٢٩ ساڵ لە فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێئەپەرێ.

٢٩ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێکا تازە حکوومەتی شا رووخابوو و دەسەڵاتی رەشی ئاخوندی لە ئێران هاتبووە سەرکار، لە برپارێکی دژی مرۆڤایەتیدا، خومەینی رێبەری حکومەتی تازە، برپاری جیهادی دژ بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرکرد.

برپاری جیهادی خومەینی دژ بە گەلەکەمان، هێندەی تر هێزەکانی رێژیمی بۆ وێران کردنی وڵات و کوشتنی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان درێتر کرد. هێزەکانی رێژیم بەبێ دەسپاراستن لە هیچ جینایەتێک، هەڵیانکوتایە سەر کوردستان و بە هەزران کەس لە خەڵکی کوردستانیان شەهید و بە هەزارانیان رەوانەی بەندیخانەکان کرد و ئێعدامی دەستەجەمعیان وەرێخست.

بەڵام ئەوەی جێی شانازیی گەلەکەمان بوو لەو کاتەدا، ئەوەبوو کە سەرەرای ئەوەی ئەو هەموو هێزە خۆیان تەیار کردبوو و بەهەموو شێوەیەک هێرشیان دەهێنایە سەر خاکەکەمان و دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەئەپاراست، رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە یەک دەنگ و لە هەڵوێستێکی مێژووییدا، بەگژ داگیرکەراندا چوونەوە و شکستیان پێهێنان و بۆ ماوەی ٣ مانگ رۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوو. ئەو بەرگری و بەرپەرچدانەوەیە بۆ هەمیشە لە لاپەرەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورددا ئەمێنێتەوە.

سپای رزگاریی کوردستان کە لەو کاتەدا هەزاران پێشمەرگەی بۆ پاراستنی کورد و کوردستان رێکخستبوو، لەم هەڵوێستە مێژووییەی گەلەکەمان دا، هاوکات و هاوشان لەگەڵ پیشمەرگەی حیزبەکانی تری کوردستان، بەشداری چالاکانەی لە گورزوەشاندن لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئاخوندی کرد و لەم رێگایەشدا سەدان پێشمەرگەی شەهید بوون.

ئەمرۆ لە ٢٩ هەمین ساڵی ئەو رووداوە مێژووییەدا سپای رزگاریی کوردستان، پا لەسەر یەکریزی و هاوخەباتیی نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دائەگرێ و خۆشی بۆ تێهەلچوونەوەی خەباتی توندوتۆڵ و ژیانەوەی شانازییەکانی رابردووی ئامادە ئەکاتەوە. هەروەها بەمجۆرە پشتیوانی خۆی لە بانگەوازی چالاکانی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات بۆ کۆدەنگی لەسەر رۆژی ٢٨ گەلاوێژ، رائەگەێنێ.

کۆمیتەی ساخکەرەوەی سپای زرگاریی کوردستان
٢٨ گەلاوێژی ١٣٨٧
١٨ ئاگۆستی ٢٠٠٨

سەرچاوە : ماڵپەری سپای زرگاریی کوردستان / رێکەوتی ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨





